تصوير ابو عبدالرحمن الكردي
مەسعوود محەممەد
منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
زمانی کورد
حەکیم کاکەوەیس
لە عارەبییەوە کردوویەتی بە کوردی

مەسعوود محەمەد

زمانی کورد

حەکیم کاکەوەیس
لە عارەبییەوە کردوویەتی بە کوردی

چاپی یەکەم بە زمانی عارەبی

لسان الكرد

مسعود محمد

لە سەر ئەرکی کاک ئەحمەد وەلی هیممەت چاپ کراوە

چاپخانەی حەوادس

ژمارەی مۆڵەت 11 ڕۆژی مۆڵەت 3 ـ 1 ـ 1987

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی بەغدا 74 ساڵی 1987

«زمانی کورد»

تەرجەمەی «لسان الكرد»

دیزاینی بەرگ: محەمەد عوسمان

وەشانی سایتی www.mamosta.net ساڵی 2010

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (25)ی ساڵی 2014 دراوەتێ

نرخ : (*3000*) دینار

پێشەکی وەرگێڕ

وەرگێڕانـــی بەرهەمە عارەبیەکـانی مامۆسـتا مەسـعوود مـحەمەد بـۆ کەسێکی کە لە زمـانزانی و شـارەزاییدا لە ئاستی خۆیەوە نێزیک نەبێ، گەمەکـردنە بە ئـاگر و مـن ئەو گەمەیەم کـرد. تـرس دایگـرتم کەتـنم کردبێ، بەڵام ئەمرۆ خوێندنەوەی کتێب بە هـۆێ خوێـندنەوەی هەواڵە وەرزشیەکان و خەبەری ژیانی تـایبەتی یاریزانـانی دنیـا و ئەسـتێرەکانی هۆلیـوود و کەلـووی بەخـت و حەجـی گـۆڕی ئومکەلسـووم و بـابەتی سـەرگەرمکردنی تـرەوە، خەریـکە لە نـاو کورددا باوی نەمێنێ و ترسی منـیش دەبێـتە ترسـی دواڕۆژ! کـێ دەپەرژێـتە سـەر دەق و بـابەتی وەرگێڕدراو و وەرگەڕێندراو و بەراوردکاری و هەڵسەنگاندن؟! من یاریم بە ئاگر کردووە چونکە هەر دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان، یەکێ ئەو یارییە بکا و ئامادەشم بۆ ئەوەی دەست بە سینگەوە بگرم بـۆ هەر هەڵەیەکی کە دەرهەق بە مامۆسـتا مەسـعوود مـحەمەد و بەرهەمە عارەبییەکـانی ئەنجامم دابێ. خۆ ڕەنگیشە ئەم کارەی مـن ببێتە بناغیەک بۆ کارێکی لەخۆی باشتر و تەواوتر و ڕەوانتر... ئەوەش خراپ نییە.

نەمـدەزانی بەرهەمە عارەبیەکـانی ئەو مامۆسـتا نەمـرە بـۆ ئەوە دەبـن وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کورد، بەڵام کە هەندێ لەو گوتارە کورتـانەی مامۆستام کردنە کوردی کە لە «العراق»دا بڵاو کرابوونەوە، هەستم بە بوونی خواوەنـدی وەرگێـڕان کـرد بە تەنیشتمەوە... هەستم دەکرد پێم دەڵێ لە جێی ئەو ڕستە قورسە عارەبییانە چ بنووسم. ئاخر هەرگیـز، لە هیچ کتێبێکی عارەبیدا نەمدیوە «ربط طارفها بتليـدها» بەکار هێنـدرابێ و هەر بە زەبری قامووس زانیم بەستنەوەی کۆن و نـوێیە بە یەکەوە و هەتا زانیم گیانم دەرچوو... تۆ بڵێی زانیبێتم؟! یا «هذا حصرم رايته فی حلب» کە بە شێوەیەکی ئاسایی دەکرێتە «ئەمە پەرسیلە ـ بەرسیلەیە ـ

و له حه‌له‌ب دیومه» یا به پێی یاسای وه‌رگێڕان ده‌بێته‌: «ڕێوی ده‌می به پەرسیلە نەدەگەیشت دەیگوت ترشە» یا «ئه‌م نانه به‌و ڕۆنه»؟ به ڕای من دووه‌میان ڕاسته یا له ناوەڕۆکی باسه‌که‌وه نێزیکتره. کابرای شایەر که هێنده‌ی له باردا نییه و بۆی هه‌ڵناکه‌وێ بگاته ده‌ربار، هه‌ر ده‌بێ بڵێ: من له‌وه گه‌وره‌ترم له ده‌رباردا بکه‌ووم و لای مامۆستاش، باس باسی شایه‌ره نه‌ک زانا و خه‌ڵکی خاوه‌ن هه‌ڵوێستی وه‌ک حه‌یده‌ری و مه‌لا ئه‌فه‌ندی، که خۆی له‌م نووسینه‌دا باسی هه‌ڵوێستی کردوون. ته‌یموور له‌نگیش له‌م باره‌یه‌وه، به زیاده‌ڕۆییه‌وه ده‌ڵێ: گومانی تێدا نییه سه‌دان زانا و دانا و فه‌رمانده، گوێڕایه‌ڵی جه‌نگاوه‌رێکی وه‌ک منن.

مامۆستا، هه‌وڵێکی زۆری داوه به ڕه‌گ و ڕیشه‌ی وشه‌دا بچێته خوارێ و خزمایه‌تی نێوان وشه‌ی کوردی و ئاڤێستایی له لایه‌که‌وه و کوردی و زمانه هند و ئه‌وروپییه‌کان له لایه‌کی تره‌وه بدۆزێته‌وه و ڕه‌گیان بگه‌ڕێنێته‌وه سه‌ر یه‌ک. ئه‌م کاره‌ی مامۆستا، منیشی خسته سه‌ر که‌ڵکه‌ڵه‌ی دۆزینه‌وه‌ی ئه‌و خزمایه‌تی و هاوڕه‌گییه و ئه‌مه‌ش نموونه‌یه‌که که بیرم که‌وته‌وه: له سه‌ره‌تای فێربوونی زمانی سویدیدا بووم، مامۆستاکه‌مان وشه‌ی «ئه‌ستێره»ی له سه‌ر ته‌خته‌که، به زمانی سویدی نووسی و گوتی: هه‌ر یه‌که‌تان به زمانی خۆی ئه‌و وشه‌یه بنووسێ. ئێمه‌ی بێگانه له سوید، که هه‌ر یه‌که‌مان سه‌ر به وڵاتێک و زمانێک بوو، وشه‌که‌مان نووسی. من نووسیم: Estere. مامۆستاکه‌ش ده‌ستی دایه ماجیک و خه‌تی به بن هه‌ندێکیاندا هێنا و گوتی: ئه‌مانه سه‌ر به هندوئه‌وروپییه‌کانن، چونکه هه‌موویان s و t و r یان تێدان.

دوایی بینیم وشه‌ی هاوبه‌شی تریش له نێوان هزمانه ئه‌وروپاییه‌کان و کوردیدا هه‌ن که هه‌زاران کیلۆمه‌تر له یه‌که‌وه دوورن و خواش ده‌زانێ

کەی لە کۆڕەوی گەلە سەرەتاییەکاندا، لە ناوەڕاسی ئاسیا، هندوئەوروپی و هندوئێرانی لێکدابڕاوون:

گۆل لە سویدیدا Göl ە و وەک گوێل دەگوترێ، گورگ لە زازاکیدا verg و بە سویدی varg، ڕێژنە «باران» لە سویدیدا regn، دوێت بە سویدی dotter، ئافرەت، «ئافرۆدیتا»یە «خواوەندی زاوزێ لای یۆنانی»، شوور کوردییە و tjur سویدیە و هەر بە شوور دەخوێندرێتەوە، جگە لە هەندێ لە ژمارەکان و زۆر وشەی دی. داستانە یۆنانییەکانیش، ئەگەر بە وردیی بیریان لێ بکەینەوە، دەبینین هەندێ خزمایەتییان لەگەڵ ئەو داستانانەدا هەیە کە لە ئایینی میترایی و زەردەشتیدا هەبووە.

ئەم لستەیەش نێزیکایەتی زمانی ئاڤێستا و کوردی دەردەخا و بۆچوونەکەی مامۆستا دەسەلمێنێ:

وشە ئاڤێستاییەکان	بە کوردی ئەمڕۆ
دوا	دوو
چەتوار	چوار
پانجا	پێنج «پەنج»
خشواش	شەش
ئاپتا	حەوت
ئاشتا	هەشت
ناوا	نۆ
دانا	دە
ئوروانەم	گیانم «ڕەوانم» ڕەنگە «قوربان» خزمی بێ
دەد	دەدەم
تەڤا	توانا
ئەوەت	گەرەکمە «ئاواتم»
کەت	کەنگێ «کەی»
ماڤ	مانگ «هەیڤ»

و... زۆری تر کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچنەوە سەر یەک.

وەک ئەوەی ناوی «گاوانی کوردی» و «سەلمانی فارسی» لە قورئاندا هاتبێ، ناوی «فریانە»ی توورانی لە ئاڤێستادا هاتووە کە یەکێ بووە لە توورانییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو دەمەی ئێران و تورکەکانی ئەمڕۆ ڕەگی خۆیان دەگەڕێننەوە سەریان. دواتر هەر توورانیەکان، کە وەک دێوپەرست ناویان لە ئاڤێستادا هاتووە، زەردەشیان کوشت. لەوساوە کورد دڵی بە فریانە خۆشە و هەوڵ دەدا برایانە لەگەڵ تورکدا بژێ و ئەم تەمایە لە ئاڤێستاشدا هەیە. خۆشبەختانە دوای 26 سەدە «سمایل بێشکچی»ی تاک و تەنها و تەریکمان بە لای خۆماندا ڕاکێشا و بووە برامان! دەبێ 26 سەدەی تر چاوڕوان بین تا یەکێکی تریش لە توورانیەکان ببێتە برامان... کەروێشک بە عارەبانە دەگرین!

بە پێویستی دەزانم ئەم دەقە ئاڤێستاییە بگوازمەوە: **«کاتێ خزم و کەسی فریانەی توورانی هاتنە سەر ڕێگا و ئاییینی ڕاستی و بە ئەشق و ئیمانەوە بۆ گەشە و پێشکەوتنی جیهان هەوڵ بدەن لە سایەی ئەندێشەی چاکدا دەبنە یەک و سەرەنجام ئەهورامەزدا ئارامش و ئاسایشتیان پێ دەبەخشێ»**[1] ئێستاش هەمان ئایەت یا بە شێوەیەکی تیۆریزەکراوی سەردەمانەی وەک ئەو ئایەتە بێ هوودە لە هەڵپەی ئەوەداین لەگەڵیاندا برا بین... لەو داهێنانە مەزنەوە، بە هەمان شێوە برایەتی لەگەڵ میللەتانی تریشدا دەکەین و ئەنجامیش، هەر 26 سەدە برایەک بە دەست دێنین یا نایەنین! ئای ئێستامان چەند بە ڕابردوومان دەچێ و پێ دەچێ داهاتووشمان هەر بە ئێستامان بچێ!

---

[1] ـ بڕوانە: ئاڤێستا ـ گاتا ـ کان لە مێژینەترین سروودی کوردی. جەلیل عەباسی. دەزگای ئاراس 2003

له کۆتاییدا، دەمەوێ سوپاسی کاک «ئەمجەد شاکەلی»ی برام بکەم کە بە کوردییەکەی ئەم وەرگێڕانەدا چووەوە و زۆری لە هەڵە و خواروخێچی دەستنیشان کرد و منیش بە خۆشحاڵییەوە ڕەچاوی زۆربەی زۆری سەرنجەکانیم کرد.

حەکیم کاکەوەیس
5/2/2008
kakaways@hotmail.com

بەینێکە شەپۆلێکی خاوی گومان بە ناو نووسەرانی کورددا دەگەڕێ و هۆیەکەشی ئەو بۆچوونەیە گوایە بەکارهێنانی وشەی کوردیی هاوشێوە و هاوتەرحی وشەی فارسی لە نووسینی کوردیی سەردەمدا، بۆی هەیە خزمەتی ئەدەبی فارسی بکا. چ ڕێمان نییە ئەوە نەبێ ئەو بابەتە بۆچوونە بە نیازپاکی خاوەنەکەی لێکبدەینەوە، ئەوەش بە هۆی ئەو کەشوهەوا خاوێنەوە کە ڕۆشنبیریی کوردی هەناسەی تێدا هەڵدەمژێ، ئەمەشیان بە هۆی نەبوونی خڵتوخاشەوە بێ یا بارودۆخ وا بخوازێ ئەوانەی لە بواری ڕۆشنبیریی کوردیدا کار دەکەن، لە هەموو ڕووشاندنێک بیپارێزن کە ڕێی تێ بچێ بیرووشێنێ و حەزمان پێی نەبێ. وای بۆ دەچم ئەوە بووبێتە هۆی سڵکردنەوە و دەسبەکاربوون تا بۆ وشەی ڕەسەنی کوردی لە پارێزدا بن و لە نووسیندا بیانسڕنەوە نەوەک لۆمە بکرێن.

وام هەست کرد ئەرکی من دەگاتە ئاستی واجبی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ ئەوەی چرا کزەکەی خۆم پێ بکەم و تیشکێک، ئەوەندەی هەیە، بخەمە سەر هۆکاری ئەو گومانانە، ئەوەش بە پێی ئاگاداریم لە سەرچاوەی کوردی و فارسی و زمانە ئارییەکانی تر، لە سەنسکریتەوە بگرە تا دەگاتە پەهلەوی و هی دی، کە گاریگەرییان لە سەر بنیاتنانی کەلەپووری بەشە ڕۆژهەڵاتییەکەی هند و ئەورووپی کەمترە، لەو دەمەوە کە بەشە ڕۆژاوایییەکە لێی دابڕاوە و تا ئێستا کەس نازانێ چ سەردەمێ بووە. ئاخر زانیاری لە سەر سەرچاوەی چەند جۆگە ئاوێکی نێزیکی یەک، هەق وایە گومانی تێکەڵاوبوونیان بڕەوێنێتەوە. هیوای ئەوە بە زانا و زمانزان و ئەدیبە بەرزە عارەبەکان دەکرێ بایی ئەوە ئاوڕ لەو بابەتە

بدەنەوە کە جێی گرنگی پێدانیانە و ڕەنگە سەرقاڵییان بە مەسەلەی عارەبایەتییەوە، لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیری و شارستانییەوە، ڕێگر بێ لە بەردەم ئەوەی بە بابەتێکەوە خەریک بن، کە لە چەقی سەرقاڵییاندا نییە و لە هەمان کاتدا چەند زمانێکی کۆن و سەردەم، پێویستییان بە وردبوونەوە هەیە و ژمارەیەکی یەکجار کەم نەبێ بۆیان نەلواوە لە ڕابردوو و لایەنەکانی ورد ببنەوە. لەوانەیە ئەم هەوڵە بچکۆلەیەم بۆ لابردنی تەمومژی سەر سیمای مەسەلەکە، ماندوێتی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان لە کۆڵ بکاتەوە و هەندێ حەقیقەتی شاراوەی وا لە بارەی بابەتەکەوە بە دەست بێنن، بۆی هەبێ بیانگەیەنێتە کەناری ڕەواندنەوەی تەمومژ. گومانی ناوێ کە خوێنەرانی کورد بە شێوەیەکی گشتی تا ئەم سەعاتە ئەو چرایانەیان کەمن کە زمان و مێژوو و سەرجەمی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕووناک بکاتەوە، چونکە دەستیان لە لێکۆڵەرەوە و توێژەرەوەی کوردی وا گیر نابێ خۆی بۆ ڕەواندنەوەی تاریکییەکان تەرخان کردبێ و نە توانا و نە پارە و نە مەودا و نە پشتگیری، هیچیان، بە هیچ جۆرێ شتێکیان لەوانە نەبوو بیخاتە سەر ئەو ڕێیەی کە بەربەستی وەک مەحاڵی لە پێش بووە. توانای منیش لە توانای ئەوان باشتر نەدەبوو ئەگەر بارودۆخ وای نەکردبا چاووم لە کۆیە هەڵبێنم و ببینم و بەراوردی کۆمەڵێ شتی وا بکەم کە هۆشی مرۆڤیان سەرقاڵ کردووە و لە چەند ساڵێکی حەفتاکاندا سەرچاوە و کتێبی وام دەستکەوتن کە لە سەر ئاریایی و ئێرانی پەرەیان بەهۆشم دا و ئەوانەش، زۆربەیان فەوتان و دڵی خۆم بەو کەمە خۆش دەکەم کە ماونەتەوە و ئیشتیا دەکەنەوە و تێریش ناکەن. ڕەنگە خەڵکی تر لە مەیداندا هەبووبن و پەنامەکی هەوڵیان دابێ و گوێمان لە دەنگیان نەبووبێ و لە کاتی سووڕانی بەرداشیان بێ خەبەر بین ئاخۆ کەی ئاردی

ڕۆشنبیری و زمانەوانی و مێژوویی کورد بەرهەم دێنێ تا هەویر بۆ عەقڵ بشێلێ.

نووسەرانی عارەب مافی ئەوەیان بە سەرمەوە هەیە لەم جێیەی خۆمەوە دانی پێدا بنێم کە بە هۆی هەوڵی درەنگوەختی ئەوانەوە لە بەرفرەوانکردنی زمانی عارەبیدا لە دوورگەی عارەبییەوە، هەر زمانێکی مردوو و بێ لایەن و دوژمنی سەر بە زمانە سامییەکان لە دوورگەی عارەبییەوە هاتبێ ئازایانە خستوویاننەتە ناو عارەبییەوە، ئەوەش بۆ من هاندانێکە بۆ هەڵکۆڵینی ڕابردوو و بەدەستهێنانی بەڵگە بۆ سەربەخۆیی زمانی کوردی بە ڕەگ و ڕیشاڵیەوە. چاوەڕوانیش بووم تا بەڵگەی ئەوەم بە دەست کەوت کە خاوەنداریتی شەرعی زۆر لەو وشە هاوبەشانەی کە لە نێوان خۆی و زمانەکانی تردا هەن، کوردین و تەنانەت ئەوەشم بە دڵنیاییەوە بۆ ئاشکرا بوو کە بە هۆی بێ خاوەنی و بێ توانایی و ماڵوێرانییەوە، لە ماوەی بیستوشەش سەدەدا، زۆر لە وشەکانی تووشی تاڵانوبڕۆی زۆریش بوون. ئەگەر عارەبی بە هۆی توانا و پتەویی بوونیەوە بەوە شێلوو نابێ کە وشەی هاوشێوە لە نێوان زمانی هەندێ عارەبی داگیرکراوی گۆی زەوی و داگیرکەردا هەیە و سڵ لە بەکارهێنانی «رستاق و لوزینج و زیئبەق و بەیدەق و بەرنامەج و ساذج و خەندەق...» ناکەنەوە و جەنگیش ئاگری سەر سنووری ڕۆژهەڵاتە، لەمەدا بە بەراوردکاری بە ئەنجامی ڕاستیی بوونی وشەی هاوبەش و تالانکراو گەیشتم کە لە بنەڕتدا کوردییە و خزمایەتییەک هەیە کە لەوە توندوتۆڵترە تەنها بە هێز ڕەت بکرێتەوە، چونکە هەرگیز دایکێکی بە دایکایەتی پشتئەستوور و بە بەڵگەنامەی شووکردنەوە، تاوانبار ناکرێ ئەگەر لە بەر برسێتی و هەژاریی لە سەرەمەرگیشدا بێ.

ئەو سەرچاوانەی لە بواری ئەم باسەدا لە بەر دەستدان، وردەکاری و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و مێژوویی و شوێنەوارزانی کۆمەڵێ زانای ڕۆژاوایی سەردەمی جیاواز و شوێنی جیاوازن و شوێنەواریان لە کتێبی دەستەیەک لەو ئێرانیانەی کە گرنگی بە کەلەپوور و فەرهەنگی ئێرانی بە شێوەیەکی گشتی و فارسی بە تایبەتی دەدەن، هەیە بەڵام بوونی کتێبێک کە بە کەڵک بێ و بە زمانە ڕەسەنەکەی خۆی نووسرابێ، لە عیراقدا دەگمەن بووە و بۆ کوردیش هێنانی کتێب لەو وڵاتەوە کە تێیدا نووسراوە، لە بەر ئەو هۆیانەی کە پێشتر باسم کردن، زەحمەت بووە و لە مەودای نێوان ساڵی 1971 و 1978دا، لەو کاتەدا کە لەگەڵ برایانی تری دامەزرێنەری کۆڕی زانیاری کورد بووم لە بەغدا و بە هۆی پەیوەندی توندوتۆڵی کۆڕە زانیارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمەریکا و ئەوروپاوە، بە یەکێتی سۆڤیەتیشەوە، هەندێ لەو سەرچاوانە پێشکەشی من کران و کاتێ لە ناوەڕاستی ساڵی 1978دا لە کۆڕ دابڕام، زۆربەیانم بۆ کۆڕ بەجێ هێشت و ژمارەیەکی زۆر کەمیان لای من مانەوە، لەوانە «فرهنگ ایران باستان»ی خوالێخۆشبوو پوور داود و کتێبی «مزدیسنا وادب پارسی»ی دکتۆر محەمەد موعین و کتێبی «کارنامەء اردشیر بابکان»ی دکتۆر بەهرام فرەوەرشی و هەندێ سەرچاوەی ترم خواستنەوە، لەوانە هەر سێ بەرگی «تاریخ زبان فارسی»ی دکتۆر پەروێز نائیل خانلەری و چەند ژمارەیەک کە لە سەر بڵاوکراوە دەژمێردران و ناویان «بەربانگ» بوو و لە ستۆکهۆڵم دەردەچوون و Tiraj بە تەنیشتیەوە نوسرابوو و Izmir ، هەردووکیان بە شێوەزاری زازایی کوردی بوون. ئەو کتێبە ناوبراوانە، جگە لە کارنامەی ئەردەشیر، پشتیان بە ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەی هەمەجۆری کاتی جیاوازی سەردەمە نوێیەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا بەستووە کە بە

کـردنەوەی واژەو نەخشـی کـۆنەوە خەریـک بوونـە و ئەوروپاییەکـانی تریان خەریکی کردنەوە و لێکدانەوەی واژەی هیرۆگلیفی و سۆمەری و دوای ئەوان، ئەکەدی و ئاشوری و بابلی و هەموو زمانە کۆنەکانی وەک سامی و ئـاری و هـی تـر بـوونە. بەڵام نووسـەرە فارسـەکان لە بـواری شوێنەوارە کۆنەکاندا، زۆریان خستۆتە سەر کاری ڕۆژاواییەکان و هەموو سەرچاوە مێژووییەکـانی ئیسـلام، کە پشـت بە باسـکردن و گێـڕانەوەی دەماودەمی سەردەمی خۆیان دەبەستن. گەلێ جـار قسـەی ئەو لێکـۆڵەرە ئێرانیانە دەخوێنمەوە و بۆچوونەکەم بەوە پشتئەستوور دەبێ «شایەدێک لە خۆیـان شـایەدیی دا» یـا دانپێـدانانی نەیار، ئەوەش کۆشـش و کـات پاشەکەوت دەکا. یەکێ لەوانە خاوەنی «تـاریخ زبـان فارسـی» لە لاپەڕە 38ی بەشی دووەمدا و لە سەر زمانی «لـوڕی و بەختیـاری و خێڵەکـانی مەحسنی و بویر ئەحمەدی ڕۆژاوای ستانی فارس» دەیڵێ کە خزمایەتی لەگەڵ زمـانی کوردیـدا هەیە و بەشـی ئەوە دەکـا قسـەی هەنـدێ لە ئەوروپاییەکان بکاتەوە و حاشا بکا کە پەیوەندی لە نێوان کـوردی و ئەو شـێوەزارانەدا هەبێ. هـی تـر لەو لێکـۆڵەرەوانە دەبیـنم هەمـان قسـە لە بارەی زمانی کوردییەوە دەڵێنەوە و جارێ بە زمان ناوی دەبەن و جارێ بە شـێوەزار و دیسـان دەیـکەنەوە بە زمـان و زۆر سـەیرە زمانێـک خەڵکانێک لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاستدا قسەی پـێ بـکەن کە ژمارەیـان لە فارسـەکانی ئەو جێـیە زۆرتـرە کە پێـی دەڵـین وڵاتـی فـارس و بە شێوەزاریش ناوی بەرن!

ئەو کتێبـانەی کە نـاووم هێنـان و پێشـینەی ئەوروپاییـان هەیە، دەبـنە سەرچاوەی ئەم باسە و دەشێ بۆیان بگەڕێینەوە. چ بە پێویستی نازانم لە هەمـوو بۆچوونێکـدا کە دەمەتەقێـی لە سـەر دەکەم یـا پشـتی پـێ دەبەستم ئاماژە بە سەرچاوەکە بکەم ئەوەش بۆ خۆلادان لە درێژدادڕی.

تەنها لە جێیە پێویستەکاندا یا لەو جێیانەدا کە پێویست بە بەڵگە بکەن، ئاماژە بە سەرچاوەکە و لاپەڕەکە دەکەم. پێم باشە بۆ دڵنیایی ناوی هەندێ لەو سەرچاوانە تۆمار بکەم کە خاوەنی ئەو کتێبانە پشتیان پێ بەستوون.

لە یەکەم کتێب «فرهنگ ایران باستان»ی پوور داود ناوی 26 سەرچاوەی عارەبی و فارسی تۆمار کراوە، کە یارمەتیدەری دانانی کتێبەکە بوونە و بە باسکردنی «الاثار الارامیة في لغة الموصل العامیة ـ شوێنەواری ئارامی لە زمانی ناوچەیی موسڵدا» ـ داود الجلبي 1354ه» دەستی پێ کردووە. سەرچاوەکانی تری بیرونی و هەواڵە دوورودرێژەکانی بیرونی، ئەوجا ناوی کتێب بە پێی حەرفی هیجا و لە پیتی «ب» دا «بیست مقاله»ی محەمەد قەزوینی، نەسکی2 تاران 1313ی شەمسی و لە «ت» دا تاریخی نرشحی ـ مێژووی نەرشەحی لە بارەی بوخاراوە کە لە تاران چاپ کراوە و لە «ج» دا «جغرافیای تاریخ ایران ـ بارتۆلد وەرگێڕانی سەردادوەر، تاران 1308» و لە «ح» دا «حدود العالم....» ئیدی ئاوها تا کۆتایی لستەکە کە بە وەفاتی ئەعیانی ئیبن خەلەکان، چاپی تاران کۆتایی دێ. لە هەر پیتێکدا نموونەیەکم هێناوەتەوە جگە لە هەمزە (3 نموونە)

دوای ئەوە دێتە سەر ناوی ئەو کتێبانەی کە تایبەتن بە لێکۆڵینەوە لە سەر ئاڤێستا و ئەوانەش پێنجن. ئەوجا خوێنەر دەباتە سەر بە دواداچوونی ئاڤێستا لە کتێبی نووسەراندا: بارتولومە Bartholomae و دارمستەرDarmsteter و دە هارلە De Harlez و ڕێخلت Reichelt و هی دی.

ئەوجا دێتە سەر باسی ئەو کتێبانەی کە بە پەهلەوی نووسراون و پەیوەندییان بە کتێبی وەک ئەرداویرافنامە، ئەردەشیر بابکان و بندهش و بیست کتێبی ترەوە هەیە.

ە تۆمارکردنی تایبەت بە بەرهەمە ڕۆژاواییەکاندا یەکەم ناو ژمارە 52ە و لە ژماردندا بەردەوام دەبێ تا دەگاتە ژمارە 203 و ئەوەش هەموو ئەو سەرچاوانەیە کە بۆ نووسینی کتێبەکەی پێیاندا چۆتەوە. کۆنترین کتێبی ڕۆژاوا کە لەگەڵ پێنجی تردا ناوی هاتووە، مێژووەکەی بۆ 1852 ـ 1854 دەگەڕێتەوە و هی ویستەر گاردە. کۆنترین کتێبی تۆمارکراوی کۆتایی ژمارە 52ە و ساڵی 1853 ـ 1854 ە و هی کارل بوشێلە.

هەروەها، هەردوو کتێبی «مزدیسنا و ادبی پارسی» و «تاریخ زبان فارسی» پڕن لە سەرچاوەی هەمەجۆر و هەمەڕەنگ و هەمەسەردەم و ئەگەر خوێنەر بیەوێ، دەتوانێ بگەڕێتەوە سەریان.

لە مێـژوودا وا بـاوە کە دەسـتەیەکی گەورەی ڕەگەزی سـپی بەشـەر لە چەند شوێنێکی سەرزەمینی باکووری دەریای خەزەر نیشتەجێ بـوونە و مێژوونووسەکان لە سەر جێی ڕاستییان هاوڕا نین. پێش ئەوەی مەسیح لە دایـک بێ بە پتر لە هەزار سـاڵ، بـوونەتە دوو بەشـەوە و یەکێکیـان بەرەو ڕۆژاوا چووە و لە ئەوروپا بڵاوەیان لێ کردووە. بەشـەکەی تریـان بەرەو ڕۆژهەڵات چـووە و ئەمـانیش بـوونەتە دوو بەشـەوە، یەکێکیـان لە هند گیرساوەتەوە و ئەوی تریان لەو جێیەی کە ئێستا پێی دەڵین ئێران، نیشتەجێ بووە. مێژوونووسـان ئەوانەیان لە دابەشبوونی یەکەمدا نـاو نـا هند و ئەوروپی و هی دووەمیشیان ناونا هند و ئێرانی. ماوەیەکی دوور و درێـژ بە هەمـووان دەگـوترا ئـاری بەڵام دواتـر هەڵەی ئەم ناولێنـانە دەرکەوت و تەنها بۆ هند و ئێرانییەکان «ئاری arya» بە کار هێنـدرا. ئەو هنـدییانەی بـاکووری هنـد کە بە سانسـکریتی داخـاوتن، لە ڕووی زمـان و ڕەگەزەوە ئـارین و لەگەڵ درافیـدی و ئەوانەی ناوەڕاسـت و باشـووری هنـدا جیاوازییـان هەیە. ئەوەنـدەی ئەو ڕەوکـردن و دابەشبوونانە پەیوەندییان بە زمانی ئەو خێڵانەوە هەیە ئاشکرایە کە:

1. خـێڵە هند و ئەوروپییەکان، لە پێش یەکەم دابەشبوونیاندا بە یەک زمـان و چەنـد شـێوەزارێکی لێکچـوو و لێـک نێزیـک، بە پێـی دوور و نێزیکییانەوە لە یەکتر، داخاوتن. وشـە و زاراوە لە شوێنەواری ئەم یەکە زمانییە ماونەتەوە و هەنـدێکیان هەر ئەوەتا یەک نـین و هەندێکیان لە بەکارهێنانیانـدا لە یەک دەچـن. ئەوەش چـاوەڕوان دەکـرێ نێزیکـایەتی نێوان زمانی گەلانی ڕۆژهەڵات لە نێـوان خۆیانـدا لە یەکتـر نێزیکتـر بـن بە پێـوانە لەگەڵ زمـانی گەلانـی ڕۆژاوادا، بەڵام ئەوەش دەبـێ کە

وشـەیەکی گەلێکـی ڕۆژهەڵاتـی کـۆن لە وشـەیەکەوە نێزیکتـر بـێ کە ڕۆژاوایـی بەکـاری دێنـێ، بـۆ نمـوونە وشـەی «ثـری Thri» ئاڤێسـتایی (کتێبـــی زەردەشـــت) لە کـوردی ســەردەمدا واتــای ســێ دەدا و لە ئینگلیزیشدا Threeیە.

2. نێزیکــایەتی نێــوان سانســکریتی و زمــانگەلی گەلە ئێرانییەکـان لە سـەردەمە زووەکانی دابەشبوونی ئارییەکانـدا بـۆ دوو گەل، ئاشـکراتر و زەقتــرە. بە هــۆی کتێبــی «ڤێــدا Veda»ی هنـدی و هەنـدێ بەشــی ئاڤێسـتاوە ئەم نێزیکـایەتییە پـارێزراوە و کـۆنترین شـێوەی نووسـراوی سانسـکریتی و لقـی ئێرانـی زمـانی ئارییەکانیـانی هێشـتۆتەوە و وەخـتە لێکچوونیان وەک لێکچوونی دوو جمک بێ.

3. لێکچوونی ئەو زمانانەی کە لقی ئێرانـی گەلە ئاریەکان قسـەیان پـێ کــردووە، بەردەوام لە لێکچــوونی نێــوان ئەو زمانــانە و سانســکریتی لە لایەکەوە، لەگەڵ زمانەکـانی لقــی ئەوروپـا لە لایەکـی تــرەوە زەقتــر و ئاشکراتر بووە. وا چاکە ئەوەشی بۆ زیاد بکەم کە ئایینی زەردەشتی، کە هەمـوو گەلە ئێرانییەکـانی گرتبـۆوە، یەکـێ بـووە لە هۆکـاری مـانەوەی لێکچـوون و نێزیکـایەتی لە نێـوان زمـانی ئەو گەلانەدا. واتە نێزیکـایەتی نیشتمانیان لە یەکەوە، تاکە هۆکاری گردەبڕی لێکچوونیان نەبووە.

ئەوەی لەم بوارەدا بۆ بابەتەکە گرنگە، پەیوەندی نێـوان زمانەکانی گەلە ئێرانیەکـانە کە کـورد و فـارس لەوانەن و دوای دوو هەزار و پێنجسـەد ساڵ تەفروتونابوون و پاشکۆبوونی کورد، هێشـتا ژمارەیەکی زۆری وشـە لە نێوان کوردی و فارسیدا لێک دەچن. بـۆ ئەوەی ئەم باسـە ئەوەنـدە کورت بکەینەوە کە بابەتەکە نەشێوێ، دەبێ لە بەندی یەکەمی سەرەوە ببینەوە و لەو جێیەدا بۆی بگەڕێینەوە کە پێویستمان پێی دەبێ. دەبێ بە گوتەیەکی زۆر کـورت لە بەنـدی دووەمیش ببینەوە، ئەوەش ئەوەیە کە

سانسکریتی هندی جمکی ئاڤێستای ئێرانییە، ئەوەش لەوەدا دەردەکەوێ کە ئەو زمانەی ڤیرای پێ نووسراوە، لەو زمانە دەچێ کە ئاڤێستای پێ نووسراوە. ئەم لێکچوونە دەگاتەوە ئەو وشە و ڕستانەی هەخامەنشیانیش کە لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پێش زایینەوە پارێزراون. ئەو لێکچوونە دەگەیشتە هەموو زمانە ئێرانییەکانی تر کە لە سەر شێوازە کۆنەکەی تۆمار کرابێ و هێشتا هۆکاری گواستنەوە و گۆڕانکاری، خۆیان نەخزاندبێتە ناو بنیاد و دەربڕینیەوە. فارسی هەخامەنشی، لە ماوەیەکی کورتدا بەخۆی، بە شێوەیەک گۆڕانکاری بە سەردا هات، کە زاناکانی زمان بۆی ناچن و هیچ قسەکەرێکی زمانی دی چاوەڕوانی نەبووە. باسی ئەوەش دێ. لە بەر ئەوەی هیچ زمانێکی ئێرانی، جگە لە ئاڤێستا و هەخامەنشی، شێوازی نووسینی نەبوو تا لێکچوونە کۆنەکانی نێوان ئاڤێستا و هەخامەنشی و سانسکریتی دیاری بکەین. گۆڕانکاری نێوان سانسکریتی و ئاڤێستا بە پێی گۆڕانکاری لە دەنگەکانیاندا بووە. زۆر جار پیتی «س»ی سانسکریتی لە ئاڤێستادا بۆتە «ه»، «asura و spata و sndhu» لە ئاڤێستادا بوونەتە «ahura و hapta و hindu» و هەردوو وشەی «یەسنا و یەزنە» لە سانسکریتیدا بوونەتە «یەجنە و یەجتە»... و بەو شێوەیە. سانسکریتیش لە لایەن خۆیەوە، بە دەم ڕۆژگارەوە گۆڕا و بووە زمانێکی نارۆشن، ئیدی ئاساییە زیاتر لە زمانە ئێرانییەکان دوور کەوتبێتەوە.

تا ئێرە بۆ ئەم بابەتە بەسە.

ناتوانم بەو سەرچاوانەی بەردەستمەوە، بە وردیی سەردەمی کۆچکردنی خێڵە هندوئەورووپییەکان دیاری بکەم، چونکە شوێنەواری تۆمارکراو نییە دەریبخا یا بە ڕاستی بزانێ، ئەوانە یەئجووج و مەئجووج نەبوون کە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا باسیان هاتووە تا بیکەینە بەڵگەی نێزیکییان لە سەردەمی تەوراتەوە، کە باسی کردوون. ئەوەندەی من ئاگادار بم، ئەوەش ناشێ کاتی ئەوە دیاری بکەین کە ئێرانییەکان لەو جێیانەدا نیشتەجێ بوون کە بۆی هاتن چونکە ئەو دەمەی ئەوە ڕوویداوە، هێشتا خێڵە هندوئەورووپییەکان، یا ئارییەکان، نووسینیان نەبووە تا بیکەنە دەفرێک بۆ ڕووداو و بابەتەکان و لە فەوتان و لەبیرچوون بیانپارێزێ. وام پێ خۆشە لە جێی خۆمەوە، بە سەر ئەو سەردەمەدا باز بدەم کە ئێرانییەکان لە وڵاتە تازەکانیاندا نیشتەجێ بوونە و هەر یەکە لەو خێڵ و گەلانە چ تایبەتمەندییەکی لەو وڵاتەدا هەبووە کە ئاوەدانی کردۆتەوە، چونکە ئەوانە پەیوەندییان بە سرینەوە و کاریگەری هەر یەکەیانەوە بە سەر ئەوی تسرەوە نییە، مەگەر لە سنوورێکی بەرتەسکدا کە دەشێ پشتگوێ بخرێ، ئەوەش لە بەر هۆکارێک کە خەریکی ڕوونکردنەوەی نیم.

ڕەوی لقی ئێرانی لە خێڵە ئارییەکان بەرەو باشوور و باشووری ڕۆژاوا لەو دووڕێیانەدا ڕووی دا کە بەر لە زیاتر لە هەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح ڕووی داوە و یەکێکیان بووە هندی و ئەوی دی بووە ئێرانی. لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زاین، مادەکان، یا میدیەکان (باپیرانی کورد) و پارس (فارسەکان) لە وڵاتی خۆیان بە تەنیشت یەکەوە نیشتەجێ ببوون و وڵاتیان گەیشتبووە ڕۆژاوای ئەوەی

ئێستا لە عورفی نێونەتەوەییدا پێی دەڵێن Persia، لە هەرە باکووریەوە تا ئەوسەری باشووری و بەشە باکوورەکەی هی مادەکان بوو و بەشە باشوورەکەشی هی فارسەکان و دراوسێتییەکی توندیان هەبوو کە لەو سەردەمەدا چ سنوور و بەربەست لە نێوان دراوسێدا نەبووە و خەڵک و بەرژەوەندی بە ئازادییەکی مەیلەو ڕەهاوە لە هاموشۆدا بوون و پەیوەندی هەمەچەشنەی ناوەڕۆک هەمەجۆریان دروست دەکرد و بەردەوامییان پێ دەدا و ئەو شێوازە پەیوەندییانە، تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ڕۆژهەڵاتدا بەردەوام بوو.

مەترسیدارترین و گەورەترین کاریگەری، لە ڕووی ماددی و دەروونییەوە لە سەر گەلی کورد، بە سەرسوڕمانەوە، ئەو نێزیکایەتییە توندوتۆڵەی بووە لەگەڵ پارسەکاندا. حوکمی لاوازی بە سەردا داوە و چارەنووسی دیاری کردووە و بەرەو خراپتر پاڵی ناوە، ئەوەش بە شێوەیەک کە هەتا ئەمڕۆکەی نەیتوانیوە لێی ڕەها بێ و نێزیکترین بەڵگە ئەم شتەیە کە دەیخوێنیتەوە لە بارەی بێ گەردیی زمانی کوردییەوە تا وشەی هاوشێوەی لە فارسیدا نەبێتە جێی گومان.

ئێمە پەیوەندیمان بە سەرجەم و بە درێژی باسکردنی بڵاوبوونەوەی ئێرانییەکانەوە لە وڵاتی خۆیاندا نییە چونکە ئەوە پەیوەندی بە گەلانی خۆیان و فەرهەنگ و کەلەپووری خۆیانەوە هەیە کە ڕۆڵی لە داڕشتنی زمانە ئێرانییەکاندا، بەو شێوەیە هەبووە کە بووە، بە تایبەتی و لە ناویاندا زمانی کوردی و فارسی، بێ ئەوەی بچینە ناو وردەکاری دەرەوەی بابەتەکە چونکە پێویستمان بە هەڵکۆڵینی بلوچی و سەغدی و سکائی و زمانی ئێرانی و ئاریایی و ئەو بابەتە زمانانە نییە کە ڕۆڵیان لە ڕێڕەوی ئەم دوو زمانەدا لە بیر چۆتەوە.

ئەوەش ڕوونە کە هێزی زمان لەگەڵ هێزی ئەو میللەتەدا کە قسەی پێ دەکا هاوسەنگە و سەرچاوەی هێزیش دەسەڵات و ئایینە چونکە ئایین، لە سەردەمە کۆنەکاندا کەلەپوور و فەرهەنگی بە شێوەیەکی گشتی لە خۆ دەگرت. بەم شێوەیە، بۆ هەوڵی تێگەیشتنی پەیوەندی نێوان کوردی و فارسی، ئەم زمانانە هی ئەوەن لێیان ورد بینەوە:

1. زمانی نووسینی ئاڤێستا 2. زمانی مادەکان 3. فارسی کۆن 4. پەهلەوی. لە ڕیزبەندیدا، من بە پێچەوانەی نووسەری کتێبی «تاریخ زبان فارسی ـ مێژووی زمانی فارسی» زمانی ئاڤێستام پێش خستۆتەوە. ڕەنگە ئەو لە ڕووی کاتەوە زمانی مادی پێش زمانی ئاڤێستا خستبێتەوە. بەڵام چ هۆیەکم بۆ ئەوە نەدیتەوە کە فارسی کۆنی پێش ئاڤێستا خستۆتەوە. هەرچۆنێ بێ، کێشەی تێکەڵاویی کوردی و فارسی لە خەیاڵدا نەبووە و پێم وا نییە گرنگییەکی ئەوتۆی بە ڕیزبەندی دابێ. من بۆ ئەوە چووم کە ئاڤێستا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری لە سەر قاڵببەندی کەلەپوور و فەرهەنگی ئێرانیدا هەبێ، ئەوەش لە مەودایەکدا کە لە هەزار ساڵ تێپەڕاندووە و جگە لەوەی کۆنترین بەڵگەنامەی نووسراوی میللەتە ئێرانییەکانە و ئەگەر «ڤێدا Veda»ی هند نەبووایە دەبووە کۆنترین بەڵگەنامەی نووسراوی هەموو گەلانی هند و ئەورووپی. ئەوجا ئەو بەشەی کە ناوی «گاتا gatha»ی لێ نراوە هی ئەوەیە تەمەنێکی زۆر لەو تەمەنە کۆنتری هەبێ کە زاناکانی بابەتە ئێرانییەکان بۆ دەرکەوتنی زەردەشتی خاوەنی ئاڤێستا دایانناوە و تەنانەت خاوەنی کتێبی «مزدیسنا وادب پارسی» لە لاپەڕەکانی 173 ـ 177 ی بەشی یەکەمدا ئەو جۆرە ڕایانەی دەربڕیوە کە لە سەر شتگەلێ وەستاون لە ئاڤێستادا باس کراون و هەندێ شتیش کە لە ئاڤێستادا باسیان نەبووە، بۆ پانزە سەدەی پێش زایین دەگەڕێنەوە و نە باسی مادەکان و

پارسەکانی تێدایە نە هێشتا دراو لێدراوە و نە چ شوێنەواری ئاسن و خوێ لە دەقەکانیدا هەیە... لێرەوە، کێشەیەک لە خەیاڵمدا پەیدا بوو و لە هەموو ئەو بەڵگەنامە مێژووییانەی کە خوێندوومنەتەوە وەڵامیم دەست نەکەوت، ئەوەش ئەوەیە ئەگەر گاتاکان ئەوەندە کۆن بن چ پەیوەندییەک لە نێوان گاتاکان و زەردەشتدا هەیە و ئەگەر لێکۆڵینەوە ماوەی چەند سەدەیەک زەردەشت نەگەڕێنێتە دواوە، ئەو قەومە کامەیە شارستانەتی ئەوەندە بەهێز بووە گەیشتبێتە ئاستی تۆمارکردن و خەیاڵ و لێکدانەوە و دەستووری وا داڕێژێ کە بە بەریانەوە هەبێ پەرە بسێنن و لە ئاڤێستادا هەبن؟ بەڵام نابێ ئەم کێشەیە ڕامانبگرێ چونکە ئەگەر هەندێ بەشی ئاڤێستا لە سەردەمی زەردەشت کۆنتر بێ یا بسەپێندرێ کە زەردەشت لەوە زووتر بووە کە بۆی دانراوە و بگاتەوە سەردەمی گاتاکان، ئاڤێستا هەر وەک حەقیقەتێکی گردەبڕ و وەک بەهێزترین کاریگەر لە سەر زمان و فەرهەنگ و ئایین و ژیانی هەموو ئێرانیەکانی پێش پەیدابوونی ئیسلام دەمێنێتەوە. دەبێ لێرەدا ئەوەش بگوترێ کە دانانی زمانی ئاڤێستا بە زمانی ئێران، جۆرە لێبوردەییەکی تێدایە بەرانبەر ئەو زانایانەی کە وای بۆ دەچن بە زمانی خەوارزمیەکان بێ، لەو جێیەدا (بە پێی بۆچوونی ئەوان) کە یەکەم جار زەردەشت تێیدا پەیدابووە. خەواریزم، بە پێی دەستنیشانکردنی خاوەنی «تاریخ زبان فارسی» کەوتۆتە باکووری دەریای «ئارال»ەوە کە هەردوو ڕووباری سەرداریا و ئامودریا (سەیحون و جەیحون»ی تێ دەڕژێن (ل 201، تاریخ زبان فارسی بەشی یەکەم). ئەو ناوچانەش ئەمڕۆ ناویان کازاگستانی سۆڤیەتییە: ئاڤێستا لە جووت ناوی Airyana vaejah پێکهاتووە کە شوێنی ئەو خەڵکەن کە بەو زمانە قسەیان کردووە. ئەوجا زانای بابەتە ئێرانییەکان هاتن و ئەو ناوە و ناوی خەواریزمیان بە یەک

گرت، خەواریزمیش زۆر لە سنووری ئێرانەوە دوورە، ئەگەرچی دەچێتە ڕیزی واتای «ئاری، ئاریا»وە. بە پێی بۆچوونی ئەمانە، پێداویستی و زەروورەتی لۆژیکی وایان خواستووە ئاڤێستا بە زمانی ئەو خەڵکە بووبێ کە لە ناویاندا پەیدا بووە و خەڵکی تریش هەبوون، بەو شێوەیەی کە ڕوونی دەکەینەوە، بەو ئەنجامگیرییە ڕازی نەبوون.

زاناکان بە گشتی بەو دڵنیابوونە نەگەیشتن کە ئاڤێستا سەر بە گەلێکی دیاریکراو بێ ئەگەرچی لەوە دڵنیا بوون کە فارسی کۆن نییە و دوایی دێینە سەر باسی ئەوە. بەو ئەنجامگیرییەش نەگەیشتن کە لە سەردەمێکی دیاریکراو نووسرابێ و نەشیانتوانی تەمەنی بەشەکانی ئاڤێستا، بە دڵنیاییەوە دیاری بکەن و بیانگەڕیننەوە سەردەمێکی دیاریکراو، بەڵام لە سەرەڕێی چارەسەری کێشەکاندان و مەودایەکی باشیان لەو بوارەدا بڕیوە، کە ماندووبوونێکی گەلێ زۆر و ماوەی تێپەڕبوونی چەندین نەوەی ویستووە. پێم وا نییە کتێبێک بە گرنگیی ئاڤێستا بووبێ و تەمەنی زۆر بووبێ و بارودۆخی هەمەجۆری بە سەردا تێپەڕ بووبێ و دەستی تێکدانی پێ گەیشتبێ، لە کێشەی ئاوها خەلەسابێ.

کوشندەترین کارەسات کە لە هەموو سەردەمەکاندا بە سەر ئاڤێستادا هاتبێ، هەوڵی ئەسکەندەری مەکەدۆنی بوو لە دەوروبەری ساڵی 331ی پێش زاین، بۆ فەوتاندنی، ئەوەش دوای سەرکەوتنی بە سەر ئەخمینی (هەخامەنشییەکان)دا، چونکە دەستی بە سەر کتێبخانەی شاهانشاهیدا گرت کە هەموو بەشەکانی ئاڤێستای تێدا پارێزراو بوون. ئەو کتێبخانەیەی بە هەموو ئەو بەڵگەنامە نووسراوانەشەوە سووتاند و لە کۆتاییدا جگە لە هەندێ بەشی کەمی هیچی لە سووتاندن دەرباز نەبوو کە کۆیان 83000 وشە دەبوو و بەشە سووتاوەکانی تەنها لە بیری موبەد

و هەربەدەکاندا، ئەوە دوای ئەوە تا کۆتایی دەسەلاتی سلوکی (سلوکس یەکێ بوو لە سەرکردەکانی ئەسکەندەر) مانەوە ئەوەش بە ڕزگارکردنی بەش لە دوای بەشـــی دەوڵەتەکە لە دەوروبەری 147ی پـێش زایـــن. (تەماشای خشـتەی کاتەکـان لە لاپەڕە 226ی کتێبی مزدیسنا و ادب پارسی بکە). ئەوجا هەوڵەکە تـا کۆتـایی سەردەمی ئەشکانیەکان، کە سـاڵی 226ی زاینـی بـوو، درێـژەی کێشـا و لە سـەردەمی دەسـەلاتی ساسانیشدا تا دەسەلاتی خەسرەو پەرویز (590 ـ 627 ز) (لاپەڕە 228ی هەمـان سـەرچاوە). ئەوجـا، دوای ئەوە ئیسـلام هـات و هەوڵەکـانیش وێستان و تـا مـاوەیەک لاپەڕەی ڕۆشـنبیری فارسـی داخـرا. دوایـی ئەو هـۆیە دیـاری دەکەیـن بـۆچی هەمـوو فەرهەنگی ئەو سەردەمە بە هـی فارسی دانراوە.

ئەو بابەتـانەی کە پەیوەسـتن بە وردەکـاری ئـایینی زەردەشـتییەوە و لە ئاڤێستادا تۆمار کراون، ئەوەیە کە زەردەشت باوەڕێکی نوێی وای هێنـایە ئـــاراوە، کە گەلە هنـــدوئەوروپییەکان و ئەو ئارییـــانەی کە بەرەو ڕۆژهەلات جیاوەبوون، ئاشنایەتییان لەگەڵیدا نەبوو، چونکە فرەخواوەندی و سەربەخۆیی هێزی خێر و شەڕی لە شێوەی دوالیزم (دووخوایی) ڕەت کـردەوە و تەنـانەت واتـای نـاوە کۆنەکانیشـی گـۆڕی و نـاوی «دێـو Daava»ی کـردە نـاوی شـەیتان کە پێشـتر نـاوی خواوەنـد بـوو. ناوی «مەزدە ـ مەزدا Mazda»ی کردە خـوای تـاکی بەدیهێنـی هەمـوو شتێ. هەمیشەش ڕاناوی Ahura بە دوایدا دێ و دەبێتە Ahura mazda کە واتای سەروەری مەزن دەدا.

مەسەلەی ئاڤێستا و ئەو زمانەی پێی نووسراوە و لە کوێ دەرکەوتووە و چۆن پەرشـوبلاو بـوو و چـۆن زنـدوو کرایەوە و سیاسـەت لە سەردەمی ساسـانییەکاندا چ ڕۆڵێکـی لە گـۆڕینی هەنـدێ لە حوکمەکانیدا، بە پێـی

بەرژەوەندی دەسەڵات هەبوو تا دەگاتە ئەوەی ئاڤێستا بووە دوو:
یەکێکی ڕەسمی بوو و ئەوی دی لە سینگی پیاوە ئایینییەکاندا مایەوە کە
نەوە دوای نەوە دەیانگواستەوە. هەموو ئەوانە شتگەلێکن ژانیان کۆتایی
نییە و لە کتێبی قەبەی دوور و درێژدا نەبێ جێیان نابێتەوە و ئەو
ئاماژانەی پێشووتریش لە ڕووی پێویستییەوە بوون، چونکە پەیوەندییان
بە بابەتە ورووژاوەکەوە هەبوو لە بارەی وشەی کوردییەوە.

هەر بۆ ڕەواندنەوەی کێشە ئەو زمانەی کە ئاڤێستای پێ نووسراوە ناو
نراوە «زمانی ئاڤێستا» چونکە بەڵگەی گردەبڕی یەکلاییکەرەوەیان
نەبووە تا بیدەنە پاڵ میللەتێکی دیاریکراو و موبەدەکان نووسینێکی
ئاسانیان داهێناوە تا خوێندنەوەیەکی ڕوون بۆ دەربڕینی وشە
نووسراوەکان هەبێ و ئەو نووسینەشیان ناو ناوە «دین دەبیری» واتە
نووسینی ئایینی. وشەی «دەئین» لە ئاڤێستادا بە واتای ئایین هاتووە
بەڵام «دەبیر، دەبیری» شیکردنەوەیەکی زیاتری هەیە: ئەم وشەیە لە
بنەڕەتدا لە «Dub دوب»ی سۆمەرییەوە هاتووە کە واتای «لەوحەی
پارێزراو» دەدا و دوایی بە شێوەی duppu tuppi گوازرایەوە لای
ئەکەدیەکان و ئەوجا دوای ئەوەی گۆڕا و بووە «دوب» چووە ناو
ئارامییەوە و لە عارەبیدا بووە «دوف». کۆنترین شوێنەواری ئەو وشەیە
لە بەری ئێراندا بە شێوەی «دیپی dipi» دەبینین ئەوەش لە سەر
بەردە هەڵکەندراوەکانی «بغستان ـ بێستوون»ی سەردەمی داریوشی
یەکەم، لەساڵی چوارەم یا پێنجەمی دەسەڵاتیدا کە لە «522 تا 488
پ ز» ی خایاند هەڵکەندراوە. دوای ئەوە، ئەو وشەیە لە سەردەمی
خشایارشای کوڕیدا «486 ـ 465پ ز» دەرکەوتەوە، ئەوەش لە سەر
بەردی هەڵکەندراوی ناوچەی وانی کوردستانی تورکیا. وشەکە لە
پەهلەویدا گۆڕا و بووە «دپیریە dipiri» و ئەوجا دەبیر و تا ئێستا لە

فارسیدا بەو شێوەیە ماوەتەوە. وشەکە، سۆمەری ـ ئەکەدی ـ بابلی ـ ئارامی ـ عارەبی ـ هەخامەنشی ـ پەهلەوییە و لە هندیدا «lipi و dipi»یە «ل. 109، 110، 111 لە فرهنگ ایران باستان». لە زمانی کوردیش، وەک ڕوونی دەکەینەوە دابڕا.

ئەو باسەی کە بۆی هەیە درێژە بکێشێ کورت دەکەمەوە و دەڵێم ئاڤێستا بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە قامووسی لقی ئێرانی گەلە ئاریەکانە و کەلەپوورێکە لێی دەوەشایەوە بۆ ئەو هەموو گەلانەی ئەو لقە بە بەرفرەوانی بمێنێ، جا کوردی بێ یا بلوجی یا فارسی یا هەرچییەکی تر بێ، لەگەڵ سەرنجدانی جیاوازی ڕێکەوت و هەڵکەوتی پەیوەندی هەر یەکێ لەو زمانانە بە ئاڤێستاوە، چونکە بەشی ئەو زمانانە، وەک دەردەکەوێ، لەو پەیوەندییەدا جیاواز بووە.

ئەوەی جێی داخە، وەک دەردەکەوێ، زانیاری برا عارەبەکان لە سەر وردەکاری ئاڤێستا و ڕۆڵی ئاڤێستا لە بارەی فەرهەنگی ئێرانی کۆنەوە، کە کورد یەکێکیانە، هەروەها لە بارەی ناوەڕۆکی ئەو پەیامەوە کە زەردەشت لەو کتێبەدا گەیاندوویەتی، بەشی ئەوە ناکا وێنەیەکی ڕوونی هەبێ. بۆم دەرکەوتووە کە دووەم خەلیفە، لە بەر زانیاری فرەوانی لە سەر هەندێ ئاماژەی قورئان، یارانی زەردەشتی بە ئەهلی کتێب دانەناوە. کتێبی ئاڤێستا باسی یەکتاپەرستی و قەیامەت و زندووبوونەوە دەکا و مژدەی بەهەشت دەدا و هەڕەشەی دۆزەخ دەکا و ئەوەش بۆ ئەوانەی خوێندنەوەیان بۆ ئاڤێستا هەیە، ڕوون و ئاشکرایە و لە بازنەکانی دەرەوەی خوێندنەوەشیدا زانراوە و تەنانەت کتێبی «ئەڵڵا»ی عەباس مەحموود عەقاد لە لاپەڕەی 88یدا دەڵێ:

«مەجووسەکانیش وەک میسرییەکان باوەڕیان بە قەیامەت بووە. هەروەها باوەڕیان بە پاداشت و سزای ڕۆژی قەیامەت هەبووە، بەڵام

باسی زندووبوونەوە و کۆتایی دنیا و ڕۆحبەبەردا هاتنەوەیان بۆ ڕۆژی قەیامەت کردووە» لەمەدا وا دەردەکەوێ کە میسرییەکان باوەڕیان بە ژیانی قەیامەت هەبووبێ بەڵام باسی کۆتایی دنیا و ڕۆحبەبەردا هاتنەوەیان نەکردبێ.

دواتر لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێ:

«جوولەکەکان باسی شەیتانیان لە پێش دیلکردنیان یا پێش بوونیان لە نێوان ڕووباراندا نەکردووە. دوای ئەوەی بە «اهرامان»ی مەجووسیانیان چواندووە کە نیشانەی شەڕ و خراپەکارییە، ئەوجا باسیان کرد»

پێشتر لە گۆڤارێکی ئیسلامیدا، پێم وابێ سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بوو، بەر لە چەند ساڵێک خوێندمەوە، مەسەلەی زندووبوونەوە لە لای جوولەکەکان تا ڕۆژگاری دانیال پێغەمبەر بڵاو نەبۆوە. کەچی دەبینم مامۆستا عەقاد لە لاپەڕە 112ی ئەو کتێبەیدا ئەمە دەڵێ:

کتێبە ئیسرائیلیەکان باسی قەیامەت و زندووبوونەوەیان تێدا نەبووە و زەمینی ژێرەوە یا بیر یا «شیول» ئەو هەڵدێرە قووڵە بووە کە هەتیوان لە دوای مردنیان پەنای بۆ دەبەن و ئیدی لێی دەرباز نابن و «ئەوەی بەرەو هەڵدێر دابەزێ سەرناکەوێتەوە» و هەر ڕاست دوای ئەوە دەڵێ:

«یەکەم ئاماژە بۆ ڕۆژی «کەیوم - زندووبوونەوە» لە ئیسحاحی بیستوچوارەمی کتێبی «ئەشعیا»دا هاتووە کە لە سەدەی سێیەمی پێش زایندا ژیاوە.»

لە کۆتایی لاپەڕەی ناوبراودا ئەمەش دەڵێ:

له ئیسحاحی دوانزەهەمی کتێبی دانیالدا ئاماژەیەکی تر بۆ زندووبوونەوە و دادگای قەیامەت کراوە و ئەمەیان لە ئاماژەکانی پێشتر ئاشکراترە و دەڵێ: «زۆر لەو کەسانەی لە ناو خاکی زەویدا ڕاکشاون، بەخەبەر دێنەوە. هەندێکیان بۆ ژیانی هەمیشەیی و هەندێکیان بۆ سەرشۆڕی و شەرمەزاری هەمیشەیی». لە سەرەتای لاپەڕە 113دا دەڵێ: «مێژووی ئەم پێغەمبەرایەتییە بۆ کۆتاییەکانی (پێم وابێ ناوەڕاستی ڕاستە چونکە کۆتایی هەڵەی چاپە، یا دەبێ ساڵەکە 195 پ ز بێ. م.م) سەدەی دووەمی پێش زاین، ساڵی 195ی پێش زاین دەگەڕێتەوە. پێشتر پاداشت و سزای ئیسرائیلییەکان دەدرانە پاڵ دوژمن...»

لە قسەی شارەزایان وا دەردەکەوێ کاریگەری باوەڕی ئاڤێستا لە بارەی قەیامەت و زندووبوونەوەوە، لە سەر جوولەکەکان هەبووبێ چونکە لە دەمی بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتدا ئەوان لە بابل دیل بوون و کۆرشی هەخامەنشی کە ساڵی 539 پ ز بابلی داگیر کرد، ئازادی کردن.

بەڵام ناونانی لایەنگرانی زەردەشت بە «مەجووس» چیرۆکێکی کورتی هەیە و ڕوونی دەکاتەوە: لایەنگرانی زەردەشت و ئەوانەی باوەڕیان بە دینەکەیان هەبوو بە «موغ» ناو دەبران و یۆنانییەکانیش بە پێی دەربڕینی وشە ڕۆژهەڵاتییەکان و پێوانەی خۆیان لە گۆڕینی وشەدا کردیانە «ماگیوس» و ئەمەش گۆڕا و بووە «مەجووس». لایەنگرانی زەردەشت بە شێوەیەکی گشتی ناوێکی تریان هەیە و هەموویان دەگەڕێتەوە و بە تاکەکانیان ناگوترێ. ئەوان بە خۆیان دەگوت «بەدینان» واتە خاوەنی ئایینی ڕاست و ئەلف و نوونی «بەدینان» نیشانەی کۆیە. ناوێکی تریشیان هەیە کە بە لای خۆیانەوە ناسنامەیان باشتر دەردەخا، ئەویش «مەزدیەسنا»یە. ئەم وشە

تـــێکەڵەش واتـــای «مەزدپەرســـت» دەدا و بەرانبەرەکەشـــی «دێویەسنا»یە، کە دەکاتە شەیتانپەرست.

ئەوە کورتەیەک بوو هەر دەبوو بگوترێ تا بابەتەکە لە تاریکی بێتە دەرێ.

مادەکان یا میدیەکان - باوباپیرانی کورد، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئێران نیشتەجێ بوون و سنوور بە سنووری وڵاتی پارسەوە بوون کە کەوتبوونە لای باشووریانەوە. یەکەم پاشای ئاشووری کە ناوی مادەکانی لە نووسیندا هێناوە شەلمانسەری دووەم بوو کە ساڵی 844 پ ز سەرزەمینی مادەکان (کوردستانی ئێرانی ئەمڕۆ)ی داگیر کرد و دواتر، دوای حەوت ساڵ دیسان داگیری کردەوە و لە هەواڵەکاندا بە Made - Madai ناوی هێناون. لە سەردەمی شەمس ئادادی چوارەمیشدا، کە کوڕی شەلمانسەری ناوبراو بوو، ناویان هاتووە. دوای ئەوە، ئەداد نیراری سێیەم ساڵی 810 پ ز داگیری کردن و تیکلات بلیسەری چوارەم کە بە شەڕکەر ناوبانگی هەبوو، ساڵی 744 پ ز وڵاتی لێ داگیر کردن. سەرجۆنی سێیەمیش ساڵی 722 پ ز چووە سەریان و مادەکان لەو سەروبەندانەدا خۆیان لە حکوومەتێکی ڕێکوپێکدا یەکنەخستبوو تا دیاکۆ «دیکۆ» یۆنانیەکان بە Deikos ناویان دەبرد، ساڵی 713 پ ز بۆی هەڵکەوت و دەوڵەتێکی پێکهێنا و «هەمەدان»ی کردە پایتەخت و ئەوەش تا ئەو دەمە، یەکەم دەوڵەتی هەموو گەلە ئێرانیەکان بوو. سێیەم پاشای مادەکان Hovakhshtra هوڤەخشترا کە یۆنانییەکان بە Cyaxares دەریاندەبرِی، یەکێ بوو لە گەورە شەڕکەر و داگیرکەرەکان و زۆر لە وڵاتە دراوسێکانی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە تا لە ساڵی 612 پ ز توانی بە هاوکاری بابلیەکان نەینەوای پایتەختی ئاشووریەکان داگیر بکا و ناوی ئاشووریەکان لە تۆماری دەسەڵاتدا بسڕێتەوە (خاوەن تاریخ زبان فارسی، ساڵی 610ی پ زی گوتووە). دوای ئەم داگیرکردنە، ناوی مادەکان و ئێرانییەکان بڵاو بووەوە. ئەو پاشایە مرد و

ساڵی 584 پ ز ئەو کورەی جێی گرتەوە کە لە نووسینی بابلییەکاندا بە « Ishtovygo»[1] ناوی براوە و (لە یۆنانیدا Astyago)یان پێ گوتووە. لە سەردەمی ئەمدا، بە دەستی کۆرشی گەورە کە کچەزای ئاستیاگ خۆی بوو، دەوڵەتی ماد کۆتایی هات. کۆرش ساڵی 539 پ ز بابلی داگیر کرد (فرهنگ ایران باستان ل 103 ـ 106).

پاشاکانی ماد، هیچ شوێنەوارێکی نووسراویان بە زمانی خۆیان جێ نەهێشتووە تا بیکەینە بەڵگە و خەسڵەتەکانی ئەو زمانە دەستنیشان بکەین کە لە سەردەمی ئەواندا لە ناو تاکەکانی گەلی ماد یا کورد باو بووە و جگە لە هەندێ ناوی پاشاکانیان کە لە نووسراوی میللەتانی تردا باسیان هاتووە، هیچیان لێ بەجێ نەماوە. لێرەوە ئەو بڕیارە زەحمەت دەبێ چەند پەیوەندی لە نێوان زمانی کوردی و ئاڤێستادا هەیە یا تا چ ئاستێک دەقاودەقن. هەندێ لە زاناکان بۆ ئەوە دەچن کە ئەو ناوە کەمانەی میدیەکان پەیوەندییان بە زمانی ئاڤێستاوە نییە و دەڵێن دەقاودەق نین. لەوەشدا زێدەڕۆییان کردووە کە گوتوویانە زەردەشت بەخۆی خەڵکی ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بووە کە ئاڤێستای لێ دەرکەوتووە و بەوەش پێناسەی میدییان لێ سەندۆتەوە. بەڵام سەرجەمی قسەکانیان هی ئەوە نییە باوەڕی پێ بکرێ بە تایبەتی لە بارەی ڕەچەڵەکی زەردەشتەوە چونکە بە پێی بۆچوونی کۆنترین

[1] . ئەو قسەیە هەیە کە ئەستیاگ، هەمان ئەو «ئەژدەهاک»ە بووبێ کە کاوە «لە ڕاستیدا کۆرش» کوشتوویەتی و بە کوژرانی ئەویش کۆتایی بە دەسەڵاتی باوباپیرانی کورد هاتووە و لەوساوە ئاهەنگ بۆ ئەو تێکشکانەی خۆمان دەگێڕین. فارسەکان وایان بڵاوکردەوە کە ئاستیاگ سێ سەری هەبووە، دواییش دوو لەو سەرانەیان لێ کردە مار بە سەر شانیەوە!! ئاهەنگی نەورۆزیش بابەتێکی ئاینی بووە و تیایدا پێشوازی لە ڕۆحی باوباپیران کراوە و لە سەری ساڵدا، بە ئاگرکردنەوە، بەرەو بەهەشت بەڕێ کراونەتەوە. من بەشبەحاڵ، بە نیازی پێشوازی کردنی ڕۆحی باوباپیران پێشوازی لە نەورۆز دەکەم و بەڕێی دەکەم. ح.ک

مێژوونووسانی ئەو گەلانەی کە بە دوای یەکدا هاتوون، زەردەشت خەڵکی باکووری ڕۆژاوای ئێرانە و لە ناوچەی «ڕی Regha»ی کۆن بووە و ئەوجا کۆچی زەردەشت بەرەو ئەو شوێنەی کە پاشاکەی پەنای داوە و لەوێ ئایینەکەی بڵاو کردەوە، پێ دەچێ لە ڕۆژاوای ئێرانەوە بووبێ تا ڕۆژهەڵاتی، یا باکووری ڕۆژهەڵاتی. لە ڕووی بەڵگەی ناوەکانیشەوە، ناوی تری میدی کە لەگەڵ ئەو ناوانەدا دەقاودەقن و لە ئاڤێستادا باسیان هاتووە، وەک ناوی Koshtaspi کە لە نووسراوە بزمارییەکاندا لە هەندێ ناوچەی ئاسیای بچووکدا هاتووە کە شوێنەواری تیکلات بلێسەری شای ئاشووریان بووە بۆ ساڵی 854 پ ز دەگەڕێتەوە. ئەو ناوە هەمان «گوشتاسەپ»ە کە لە ئاڤێستادا وەک پارێزەری زەردەشت ناسراوە و بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە و خەڵکانی تریش لە هەخامەنشیەکانی دوادوایی بەوەیان زانیوە، لەوانە باوکی داریووشی یەکەم کە 521 پ ز تا 485 پ ز دەسەڵاتی هەبووە.

ناوێکی گردەبڕی تر هەیە کە دەمەتەقێ یەکلایی دەکاتەوە، ئەوەش ناوی باوکی زەردەشتە کە لەگەڵ ناوی دایکیدا لە عیبارەتێکی ئاڤێستادا هاتووە و دەشێ ئاوها وەریبگێڕین: «ئەی زەردەشت پوروشپە و دۆغدۆ و هیربەد ئازار مەدە (ل 90 مزدیسنا و ادب پارسی) پوروشپە باوکی زەردەشت بووە و دۆغدۆ دایکی بووە و میربەدەکان، پیاوە ئایینیە شارەزاکان بوونە. پوروشپە لە دوو بەش پێکدێ، یەکەمیان «Pouroush پوروش»ە و بە پێی قسەی زاناکان دوو واتای هەیە، یەکێکیان «پیر»ە. وشەی پوروش کورت کراوەتەوە و گۆڕاوە تا بەو واتایە بۆتە «پیر»ی کوردی و فارسی. واتای دووەمی، ڕەنگی تێکەڵی ڕەش و سپییە و ئەگەر ڕەشەکەی زاڵ بێ، لە عارەبیدا دەبێتە «ادهم» و ئەگەر سپییەکەی زاڵ

بێ، لە عارەبیدا دەبێتە «اشهب». سەرچاوەکان لە ئاستی چارەنووسی ئەو وشەیەدا بەو واتایە، بێ دەنگن و نالێن بەرەو چی گۆڕاوە، چونکە هاوشێوەی لە زمانە ئێرانییەکاندا نازانن کە خەریکین و ئەگەر کوردییان بزانیبا وێنەیەکی زندوویان دەست دەکەوت کە وشەی «بۆر»ی نێزیکی «سپی بۆر»ی «اشهب»ی عارەبییە و «ڕەش بۆر»یش «ادهم»ی عارەبییە. ئەوەش ڕوونە کە وشەی «بۆر» لە «بوروش»ەوە وەک «پیر» نێزیکە. وشەی دووەمی ناوەکە، «ئەسپ، ئەسپە»یە کە واتای «ئەسپ» دەدا و زاناکان گوتوویانە کە هەموو وشەکە دەکاتە «خاوەنی ئەسپی ڕەشبۆر». جگە لەوەش تەمەنی ئەسپی پیر ئەوەندەی بە دەمەوە نابێ و ئەوەندەی ماوەتەوە بایی ئەوە ناکا ببێتە نازناو. لە سەر واتای ئەو ناوانەشەوە، کۆچی زەردەشت بۆ وڵاتی تر، لە دەقی ئاڤێستادا تۆمار کراوە و باسی ئەو دەردەسەریانە کراوە کە بە دەست کەسوکاری بە سەریدا هاتوون و ئەو ڕێیەی بەو سەرماوسۆڵەی زستانە کە خۆی و ئاژەڵەکانی گرتوویانەتە بەر، بە ڕێڕەوی زستان pareto zemo «پەرەتۆزەمۆ» ناوی هاتووە. ئەو (کەی ڕاستییەکە kavi کەڤی نازناوی دەسەڵاتە) جێیان نەکردۆتەوە و ناچار بووە بە زەمهەریردا لە سەر سەفەر بەردەوام بێ تا گەیشتۆتە Tosa (دوایی بۆتە توس). هەرچۆنێ بووبێ، گەیشتە ئەو جێیەی لێی بووە میوان و مایەوە و ئایینەکەی تێدا بڵاو کردەوە و چ پێویست بە دڵەڕاوکێ لە بارەی ئەو ڕاستییە مێژوویەوە ناکا کە لەگەڵ ئاڤێستادا دەقاودەقە. ئەگەر باسە مێژوویەکە لە بارەی کۆچەکەوە ڕاست بێ، بۆچی دەبێ ناوی ئەو شوێنەی لێیەوە ڕۆیشت درۆ بێ؟ ئەو زانایانەی کە زەردەشت بۆ مادەکان دەگێڕنەوە بەو لایەدا دایدەشکێنن کە زمانی نووسینی ئاڤێستا زمانی ئەو بووبێ، واتە ئەو وڵاتەی کە تێیدا پەروەردە بووە، چونکە ناشێ

کەسێکی ڕیڤنگ بگاتە لوتکەی دەربڕین بە پێوانەی ئەو سەردەمانەی کە لە ئاڤێستادا هەیە. ئەگەر خاوەنەکەی زمانی خەڵکی تری بەکارهێنابێ ئەوەش بیانوویەکە بە هاسانی بەرپەرچ نادرێتەوە چونکە جێدەستی هێزمان دیت کە زەردەشتی ناچار کرد وڵاتەکەی خۆی بەجێ بهێڵێ هەر لە بەر ئەوەی داوای لە خەڵکی کردبوو نەفرەت لە خوو و ڕەوشتی زاڵم لە هەندێ بواری ژیاندا بکەن و بە دەم گەیاندنی پەیامەوە کۆچی کرد و ئەوەندە مۆڵەتی نەبوو بە شێوەیەک فێری زمانێکی بێگانە بێ پەیامەکەی پێ بگەیەنێ. لە سێبەری گوشتاسپدا مایەوە و دەستی کرد بە گەیاندنی پەیامەکەی. ئەگەر ئەم بەڵگانە ئەوانە بێدەنگ نەکەن کە حاشا دەکەن، چ بەڵگەیەکی دی بۆ پێناسەی ئاڤێستا لەمە گردەبڕتر لە ئارادا نییە تا باوەڕ بێنن. ئەوەی دەبێ لێرەدا بگوترێ ئەوەیە وشەی pareto کە دەلالەت لە ڕەتبوون دەکا، لە ڕیشەدا «پار par»ە لەوە تێناپەڕێ کە وشەی «پەڕ»ی کوردی بێ کە دەکاتە «ڕەتبوون» ئەگەر «تێ»ی لە پێشەوە بێ ببێتە «تێپەڕ»ی کوردی. بەڵام «Zamo زەمو» کوردی و فارسی لێی هاوبەشن و لە فارسیدا «زمستان»ە و لە کوردیدا «زمسان و زستان»ە ئەوەش بە گوێرە جیاوازی شێوەزار و لە هەردوو زمانەکەدا «ستان» بۆ زۆر وشەی گرنگ دەکەنە پاشکۆ «ئەم بەڵگانە لە منەوەن نەک سەرچاوەکان»

قسە لە بارەی ئاڤێستا و پەراوێزەکانیەوە کۆتایی نایە بۆیە هەر بەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە واز دێنم، بەڵام لە سەر کاریگەری و ڕووداوەکانی دەوروبەری و قسەی زانایان لە بارەیەوە بەردەوام دەبم و یەکەم جار دەڵێم زۆربەی زاناکان خوراسانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانیان بە وڵاتی دووەمی زەردەشت داناوە، ئەوەش دوای ئەوەی وڵاتی خۆی «ماد»ی بەجێ هێشت. خوراسانیش لە ناوەڕاستی سەدەی

سێیەمی پێش زایندا وڵاتی «پارت»ەکان بووە و دەوڵەتی ئەشکانییان تێدا دامەزراندووە. ئەگەر ئەو بۆچوونەی ئەوان ڕاست بێ، دەسبەرداری ئەوە دەبم کە زەردەشت و ئاڤێستا لە خەوارزم دەرکەوتبن. بە ڕای من، لە بارودۆخی کۆچی زەردەشتدا، ئەو مەودا دوور و درێژە و بەو چلەی زستانە لە وڵاتی مادەوە لە توانای خێزانێکی دەرکراو بە دەرە. مەودای نێوان وڵاتی کورد و خەوارێزمم لە سەر نەخشە پێوا و بینیم، لەگەڵ سەرنجدانی ڕێگای پاشایانە دوو جار لە درێژایی نەخشەی عیراق درێژترە و نەخشە نە پێچی تێدایە نە هەوراز و نشێو یا شیو و شاخ، بەڵام ڕێگا هەموو ئەوانەی تێدان. مەوداکە بۆ خوراسان نیوەی مەودای خەوارێزمە و ئەمەش وا دەکا کە پەیوەندی نێوان ئاڤێستا و فەرهەنگی ئێران پتەوتر بێ.

گوتمان پاشاکانی ماد چ نووسراوێکیان لە پاش خۆیان جێ نەهێشتووە و زمانێکیش دەقێکی وای نەبێ دەستووری زمان و دەربڕینی بپارێزێ بۆی هەیە بە درێژایی ڕۆژگار و بە هۆی دووری خێڵەکانی لە یەکترەوە، لقوپۆی شێوەزاری لێ بکەونەوە بێ ئەوەی پێوانەیەکیان هەبێ لە کات و دووریی شێوەزارەکان لە ڕیشەی خۆیانەوە، بۆی بگەڕێنەوە و جگە لە ئاڤێستا هیچی ترمان نییە بۆی بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی بزانین زمانی مادە کوردەکان، لە ڕووی شیکردنەوە و جۆرەوە چ گۆڕانکارییەکی بە سەردا هاتووە و لە ماوەی ئەو بیستوپێنج سەدەیەدا چۆن گەشەی کردووە. ئەگەر ماوەیەک ئاڤێستا لە بیر بکەین، دوو سەرچاوەی ترمان هەیە کە بۆ ئەوە بشێن بکرێنە پێوانە بۆ زانینی ڕادەی ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوانەی کە لە سەردەمی مادەکانەوە بە سەر زمانی کوردیدا هاتووە. ئەو دوو سەرچاوانەش پارسی هەخامەنشی و پەهلەوین: فارسی سەردەم کە سەرچاوەکەی پارسی هەخامەنشییە ئەوەندە لە ڕەگی خۆی

دوور کەوتـۆتەوە، خەریـکە لێکچـوون لە نێوانیانـدا نەمێنـێ. هەخامەنشـی زۆر لە ئاڤێستاوە نێـزیکە، چـونکە سـەردەمیان لە یەکەوە نێزیـک بـووە، زۆریش لە فارسی سەردەمەوە دوورە چونکە سەردەمیان زۆر لە یەکەوە دوورە و ئەگەر پەهـلەوی لە نێـوان فارسـی کـۆن «هەخامەنشـی» و فارسی ناوەندی و تازە نەبوایەتە پردێک، جیاوازی نێوانیـان ئەوەنـدە زۆر دەبوو لە هیچ بۆچوونێکدا جێی نەدەبوو. لە شوێنەوارە تۆمارکراوەکانی هەخامەنشـی، کەمـێ لە 400 وشـە پتـر مـاوەتەوە، ئەوەش بـۆ ڕوونکردنەوەی زۆر لایەن بەش دەکا: یەکەمیـان و گرنگترینیـان ئەوەیە زمانی ئاڤێستا جیاوازی لەگەڵ فارسی کۆندا هەیە و یەک نین. دوومیان ئەوەیە کە نێزیکایەتی نێوانیان، ئەو دەرفەتە دەدا کە بۆ هەنـدێ وشە و دارشـتن بـۆ هەخامەنشی ونبـوو بگەڕێنـەوە. سـێیەمیان، لە مـاوەیەکی ڕێژەیـی کـورتی دەسـەڵاتی سلوکیدا گۆڕانکـارییەکی گەورە و شـیوێکی قووڵ کەوتە ڕێزمان و شیکاری فارسـی کۆنەوە چـونکە پەهلەوی دوای سلوکییەکان بە شێوەیەک دەرکەوت کە زۆر لە هەخامەنشی و ئاڤێستا جیاواز بوو و پەهلەوی هاوکف و دەستەخوشکی فارسی نـاوەنجی بـوو و دەکرا فارسی لەگەڵدا پێوانە بکرێ چونکە فارسی نـاوەنجی لە سـەردەمی سلوکیدا و لە ماوەی دەسەڵاتی ئەشکانییەکاندا شێوازی نووسینی هەبـوو. ئەوانەش مەسـەلەگەلێکن پێویسـتیان بە لێکـۆڵینەوە هەیە و لێـرەدا جێـی نـابێتەوە، بـۆیە هەر بەوەنـدە دەسـبەردار دەبـم کە لەو چەنـد دێـڕەی سـەرەوەدا باسـم کـرد، ئەوەش بـۆ ئەوەی بـگەمە ئەو ئەنجـامەی کە کـوردی، لەگەڵ ئەوەشـدا بە هـۆی نەبـوونی سـەرچاوەی نووسراوەوە، لە سەرچاوەی تۆمارکراوی خۆی دابڕاوە (بەو حسێبەی کە ئاڤێستا کـوردی نەبـێ)، پێوانەکـاری ئەو مـافە دەدا بە جـۆرێ بیـر لە بنەمـای کـوردی بکەینەوە کە بە قەدەر گونجانی فارسی کۆن لەگەڵ بنەماکەیدا بگـونجێ

و ئەو سەرنجەشی بۆ زیاد دەکەین کە کوردی بۆی هەڵنەکەوتووە پەیوەندی بە سەرچاوەی خۆیەوە بمێنێ، وەک بۆ فارسی هەڵکەوتووە، ئەوەش ڕاستییەکە یارمەتی تویژەرەوە دەدا کە لەگەڵ کوردیدا، کە مێژوو ماوەی 25 سەدە غەدری لێ کردووە، بە ویژدان بن. ئەگەر کێشانە و پێوانە بکەین دەبینین ئەوەندەی کوردی بە ئاڤێستاوە وابەستەیە، فارسی نوێ بە فارسی کۆنەوە وابەستە نییە و بەڵگەی سەرباریشمان بۆ ئەم بۆچوونە هەیە کە پەیوەندییان لە ڕووی زمانەوانی و شیکارییەوە پرد لە نێوان کوردی و ئاڤێستادا دروست دەکا.

لەوانە، پاشگری «نات» لە ئاڤێستادا کەرەسەیەکە ناو دەکاتە ناوی واتا (اسم المعنی). شێوەی ئەمە لە فارسیدا نییە بەڵام لە کوردیدا هەیە و لە شێوەدا لێی نیزیکە و لە ئەرکدا وەک یەکن، ئەوەش ناوی واتایی «ئەتی، ایەتی، تی». ئەوە پاشگرێکە سێ شێوەی هەیە و پەیوەندی بە پێکهاتەی ئەو وشەیەوە هەیە کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە پێشی دەکەوێتەوە. وشەی «ئامر، تات» لە کوردیدا دەگۆڕێ و دەبێتە «نەمرایەتی، نەمرەتی» بە واتای نەمریی. «ئە»ی وشەی یەکەم بۆ نەفییە و لە دوومدا «نە» بەرانبەریتی و «مر» لە هەردوکیاندا مردنە و «ئەمر، نەمر» دەبنە نەمردن. ئەوجا «تات» لە یەکەمدا و «ایەتی، و ەیەتی» بۆ جیاکردنەوەیە و واتاکە دەبێتە «نەمریی، نەمردن - نامردن». لەم دەرفەتەدا ئەوە دەڵێم کە ئەو «ئا»ی نەفیکردنە لە ئینگلیزیشدا هەیە: sexual و asexualو هی تریش زۆرن و لە سەردەمی پێش دابەشبوونی خێڵە هند و ئەورووپییەکانەوە ماونەتەوە. بەڵام ناتوانم سەرم لەوە سوڕ نەمێنێ کە ئەو «ئە»یە لە عارەبیشدا لە سەر شێوەی «افعل - ئەفعەلە» دەسبەردان دەگەیەنێ، وەک «افلس - ئەفلەسە» و «اعذر - ئەعذەرە» و بیانوو بە دەست

پیـاوەوە نـاهێڵێ. ئـایە ئەمە ڕێـکەوتە یـا دراوسـێتی سـامی و ئـاری کاریگەریی خۆی هەبووە؟

نموونەی تـریش لە سـەر پاشگر کە هاوشێوەیە، ئەوەیە کە زۆر وشـەی ئاڤێستا لە فارسیدا نین کەچی لە کوردیـدا هەن، وەک وشـەی «pasu پەسـۆ» بە واتـای مەڕ کە لە فارسـیدا نیـیە و لە کوردیـدا لە سـەر شـێوەی «paz پەز» هەیە. لە لاپەڕە 305 و 306ی «فرهنـگ ایـران باسـتان»دا، پـور داود دەڵـێ: وشـەی vareghan ڤارێغـان لە کوردیـدا «پاڵەوان»ە ئەوەش نـاوی پەلەوەرێکی گۆشتخۆرە کە لە بـاز بچووکترە و وشەی لەو بابەتە لە فارسیدا نییە.

لە بارەی «ڤارێغان و پاڵەوان»ەوە، دەبێ ئەوە بگوترێ کە دەنگی «v» لە ئاڤێستادا، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، لە کوردی و فارسی و زمانی تردا گـۆڕاوە و بـۆتە چەنـد دەنگێکـی وەک «ب»، «ر»یـش بـۆتە «ل»، «غ»یش بۆ دەنگی تری وەک «ز» و «ز»ی فارسی، لە زۆر وشـەدا و لێـرە بە پێـی دەسـتووری دەنگگـۆڕین گـۆڕاوە. «و» بـۆتە «ڤارغن» و «پاڵەوان». لە ئاڤێستاییدا دەنگی «ل» هەر لە بنیی نییە و لە هەخامەنشـی و پەهلەویـدا بەر چـاو دەکەوێ و پـێ دەچـێ دواتـر پەڕیبێتە ناو زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکانی ترەوە. تەنانەت شاخی «برز»ی باکووری تاران لە ئاڤێستادا بە «Hara berezaiti» هـاتووە و لە کوردیـدا وەک خـۆی دەبێـتە «هەرە بەرزایەتـی» و لە فارسـیدا وەرگێڕانی لەو شێوەیە نییە.

نموونەی وشەی «haurva هورڤە» بە واتای «تەواو، بێ کەموزیـاد»ە و ئەمەش ئاڤێستاییە و وێنەیەکی لە کوردیدا ماوە بە هەمان واتـا، ئەوەش وشەی «ئیرۆ»یە. لابردنـی وشـەی «ە» لە سـەرەتای وشـەی کوردیـدا دیـاردەیەکی بـاوە و گەلـێ جـار دەبێـتە هەمـزە و بەو پێیە، ئەو وشـەیە

دەبێــتە «aurva» و «v» دەگــوترێ و دەبێــتە «و». ئەوەش بە پێــی دەستوورێکی تری دەنگ و نێزیکایەتی نێوان ئەو وشـەیە و «ئیـرۆ»دا. وشەیەک کە تەمەنی سێ هەزار ساڵ بێ ئەوەندەی هەر بە سـەردا دێ و ئەو وشەیە لە فارسیدا نییە.

هەروەهـا وشـەی «vizm» کە بە واتـای «خـزم» دێ، بە پێی گـۆڕینی دەنگــێ «v» بــۆ دەنگــی تــر لە بـابەتە ئێرانییەکانــدا، لە کوردیــدا بۆتە «khizm». دیتیشمان چۆن «ڤشتاسپ» گۆڕا و بووە «گشتاسپ». وێنەی ئەم وشەیەش لە فارسیدا نییە.

وشــەی «azan ئەزەن» بە واتــای «خــۆر» لە ئاڤێســتادا هەیە و لە کوردیدا بۆتە «گزنگ» بە واتای تیشکی خـۆر لە کاتی بەیانیـدا و هیچ شتێکی تر، جگە لە خۆر، بۆ ڕۆشنایی بەکار نەهاتووە. لە وێنەی ئەمەش لە فارسیدا نییە.

لە وشــەی «uzayeirina»ی ئاڤێســتادا کە خۆراوابــوون دەگەیەنــێ، سەرەتاکەی «uz ئەز»ە هەمـان وشـەی «وزە»ی کـوردی سـەردەمە و واتـای وزەی بەرزکـردنەوە دەدا و لە ئاڤێسـتادا بە هەمـان شـێوەیە و لە فارسیدا بوونی نییە.

«shapik» چاکەتێــک بــووە گەنجــی زەردەشــتی، کــاتێ گەیشــتوونەتە تەمەنێکی دیـاریکراو لە بەریـان کـردووە. ئەم وشـەیە بە هەمـان واتـا و شــێوە لە کوردیــدا هەیە بەڵام چ پەیوەنـدی بە ڕێوڕەســمی ئــایینی زەردەشتییەوە نییە، چاکەت و بڕایەوە. ئەمە لە فارسیدا نییە و نەبـوونی زۆر سەیرە.

وشەی «دختر»ی فارسی کە لە ئینگلیزیـدا «doughter» بەرانبەرێتی لە زمـانە ئێرانییەکانـدا «Dughdu» بـووە و نـاوی دایکـی زەردەشــتە و

ئێمە لێی بێ بەشین و جگە لە ناوچەیەکی بەرتەسک کە «دۆت» بەکار دێنن، بەکاری ناهێنین.

وشەی «rapithvina ڕاپثڤینا» لە ئاڤێستادا دەکاتە کاتی نیوەڕۆ و چی دی، نە لە کوردیدا بەکار دەهێندرێ نە لە فارسیدا، بەڵام لە کوردیدا وشەیەکی تر هەیە کە «فراڤین»ە و دەکاتە ژەمی نیوەڕۆ و نێزیکایەتی لەگەڵ ئەو وشەیەدا ئاشکرایە:

ڕاپثڤین   کاتی نیوەڕۆ
فراڤین   ژەمی نانخواردنی نیوەڕۆ

ئاشکرایە ونبوونی یەکەم لە کوردیدا، وەک وشەی «ئەز ئایەرینە» کە کاتی ئاینییە و بە ژمارە پێنجە، بۆ ونبوونی ئایینی زەردەشتی دەگەڕێتەوە.

دەشێ بەو جۆرە وشانە درێژە بە لستەکە بدەین بەڵام ئەوە بە پێویست نازانین و لە گۆشەیەکی ترەوە دەڕوانین کە ئەوەش گۆڕینی دەنگە لە وشە ئێرانییەکان و زۆر وشەی سەر بە ئاڤێستا، دەبینین هەندێ لە دەنگەکانی خۆیان لە وشە کوردییە هاوشێوەکانیاندا پاراستووە، ئەوەش بە پێچەوانەی فارسییەوە. یەکێ لەو وشانە «zrayah زرەیە»یە بە واتای زەریا و لە کوردیدا بۆتە «زەریە» و لە فارسیدا بۆتە «دەریا». وشەی «zamatar زاماتەر» کە زاوایە، لە کوردیدا بۆتە «زاوا» و لە فارسیشدا «داماد»ە. وشەی «asu»ی ئاڤێستایی بە واتای مامز لە کوردیدا بۆتە «ئاسک» و لە فارسیشدا «اهو». وشەی «مسیە»ش بە واتای ماسی، لە کوردیدا «ماسی»یە و لە فارسیدا «ماهی»یە.

وشەی «vahrka ڤەهرکە» لە ئاڤێستادا گورگ دەگەیەنێ و ئێستا گوندێک لە نێزیکی هەولێر بە ناوی «بەحرکە»ەوە هەیە. ئەو وشەیە گۆڕا و لە هەردوو زمانەکەدا بووە گورگ، بەڵام شێوەزاری زازایی کوردی «ڤ»ەکەیان هێشتۆتەوە بە «verg ڤەرگ» دەیڵێن. تەماشای لاپەڕە 2ی بەربانگی ژمارە 7 بکە کە لە ستۆکهۆڵم دەردەچێ.

بەڵام وشە هاوبەش و هاوشێوەکانی کوردی و فارسی، ئەوانەی سەرچاوەیان بۆ ئاڤێستا دەگەڕێتەوە، ئاڤێستاییەکان زیاتر لە کوردییەوە نێزیکن نەک فارسی، ئەوەش لە بەر دوو هۆ کە کەمێ تیشکم خستە سەریان بەڵام دووپاتکردنەوەی بێ سوود نییە:

هۆی یەکەم ئەوەیە بە بەڵگە سەپاوە کە زمانی فارسی لەگەڵ زمانی ئاڤێستادا جیاوازە، بەڵام بۆ زمانی کوردی ئەوە نەسەپاوە.

هۆی دووەم ئەوەیە پێغەمبەری ئاڤێستا کورد بووە و لە پێناوی بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیدا، بۆ دەرەوەی هۆزەکەی خۆی کۆچی کردووە.

ئەگەر لە خراپترین حاڵدا بسەپێندرێ کە زمانی ئاڤێستا لە زمانی کوردی جیایە و زەردەشتیش پیاوێک یا پەیامبەرێکی ناکورد بووە، ئاڤێستا هەر وەک کەلەپوورێکی کراوەی هەموو گەلە ئێرانییەکان دەمێنێتەوە و قامووسێکە هەر یەکە لەو گەلانە کاتێ کەموکوڕی وا لە خۆیدا دەبینێ پەیوەندییە کەلەپووریەکانی لاسەنگ بکا، بێ مروەتییە بۆ گەلێک دەسبەرداری ئەو کەلەپوورە دەوڵەمەندە بێ و بۆ خەڵکانێکی لێگەڕێ کە بەرۆگری نین، یا هەر بە هەوەس دەسبەرداری بەشەکەی خۆی بێ.

فارسی، لە ڕێی دەسەڵاتی دەوڵەتی و ئاینییەوە دەسەڵاتی کوردی وێران کرد و بۆ پارسە هەخامەنشیەکان گواستیەوە و تا ئەندازەی زەوتکردن

بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆی دەسـتی بە سـەر ئاڤێسـتادا گـرت و بـۆ هەخامەنشـیەکانی گواسـتەوە و لە ئاڤێسـتاوە پلەوپـایەیەکی وای لەدەسەڵات و خۆڕێکخستن بۆ خۆی دابین کرد گەیاندیە ئەوەی بچێتە ڕیزی سەرووەت و کەرەسەی هرسکردنی خۆراکەوە چونکە فارسی تا ماوەی پتر لە دوو سەد ساڵ لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی کوردە مادەکان و دەسـەڵاتی هەخامەنشـیەکان بەرۆگـری دەسـەڵات و ئـاین بـوو و هەرچییەکـی لە بـارەی ئـاین و دنیـا لە ئاڤێسـتادا هەبـوو بە گـوێرەی بەرژەوەندی خۆی گواستیەوە و لەگەڵ فارسی «پارسی» لەو ماوەیەدا، وەک عارەبی و قورئان یەکسان بوون و هیچ شا و میر و وەزیرێک یا سەرکردە و پارێزگارێکی ناو دەسەڵات و هیچ موبەد و هیربد و زوت و ئەتریات و کەسی تر لە پیاوانی ئاین نەبوو فارسی سەر بە دەسەڵاتی شاهانشا نەبێ و هەرچییەکی دەنووسی یا دەیگوت یا دەیخویند یا بە وانە دەیگوتەوە یا جاڕی بۆ دەدا، هەمووی، پیاو و گوتە و ڕێوڕەسم، ملکـی فارسـی کـۆن بـوون. تەنـانەت دوای ئەوەی نەگبەتیـیەکەی ئەسکەندەر ڕووی لە هەخامەنشیەکان کرد و خاوبوونەوەی شارستانەتی پارسی لە سـەردەمی دەسـەڵاتی سـلوکیدا لـێکەوتەوە و هەرچییەکی لە دەسەڵات و ئاینی کۆن مابۆوە بە شێوازی پارسی داڕێژران و بە شانازی پارسی دەژمێردران. ئەوجا نۆرەی پەهلەوی هات کە زمانی دەسەڵاتی ئەشـکانییەکان بـوو و تێکەڵەیەکـی پـارتی «زمـانی خوراسـان، وڵاتـی ئەشکانیەکان» و ئاڤێستەیی پارسی «هەخامەنشی» بوو و دەفرێ بوو بۆ کەلەپووری ئێرانی و ماوەی چوار سەدە ڕۆڵی گواستنەوەی دیت تا لە چـارەکی یەکەمـی سـەدەی سـێیەمی زایـندا گەیانـدیە دەسـت فارسـە ساسانیەکان و ماوەی چوار سەدەی پێش هاتنی ئیسلام، فارسی ناوەنجی بووە بەرۆگری هەموو شارستانەتی ئێران.

ئەگەر لە سەر گێڕانەوەی ڕووخانی دەسەڵاتی ساسانی بوەستین یا تا ئەو دەمەی، دوو سەدە دوای فەتحی ئیسلامی، کە فارسی هێزی بە بەردا هاتەوە بە دوایدا بچین، ئەنجام هەر یەکێکە چونکە ڕەگەزی فارسی بە خۆ و بە زمانە فارسییە نوێیەکەیەوە وەک نوێنەری شارستانەتی ئێران بە بەرۆگریی ئەو شارستانەتییە مایەوە و زمانی کوردیش تا دوای هەزار ساڵی بێ خاوەنی، لە ڕووی سیاسی و شارستانەتی و ئابوورییەوە نەیتوانی ململانێی زمانی فارسی لە سەر میراتێکی ونبوو بکا کە چرنۆکی دەسەڵاتداری تێدا چێندرابوو. وەک چۆن کورد لە گۆشەی لەبیرچوونەوەدا مایەوە، «کوردی» ش وەکی خۆی، لە پەناوپەسێوی پشتگوێخستندا مایەوە. لە ڕووی زمان و شارستانەتییەوە، بە هیچ جۆرێ مەترسی لەوەدا نییە وەک دەبیستین هەندێ لە میرە کوردەکان دوای لەناوچوونی دەسەڵاتی ساسانی هەستی حەسانەوەیان کردووە و وەها بووە کە بەپیرەوەچوونی کورد بۆ ئیسلام و باوڕ پێهێنانی ڕاستگۆیانە بێ و لە پێناویدا قۆڵی هەڵماڵیبێ و ئیسلام لەو باوەڕە دووری بخاتەوە کە لە ڕێوڕەسمە ئاینیەکاندا ئەوانەی دەگوتەوە کە سەرچاوەیان لە ئاڤێستاوە بوو و بە ڕەفتار و گوتنیش خواپەرستی زەردەشتییان لە بیر کردبوو و دووریش نییە بە هۆی دابڕانی دوانزە سەدەوە، مێژووی خۆشی لە بیر چووبێ و بە هۆی نەبوونی شوێنەواری نووسراوەوە کە بەر چاوی کورد کەوتبێ پێ دەچێ نەخوێندەواری هەموو کون و کەلەبەرێکی لە کورد گرتبێ چونکە پەیوەندی بەو ئەرکە ئاینی و دنیاییانەوە نەبووە کە لە بارەی بە نووسین و ڕۆشنبیرییەوە بووبێ و هیچ جێی گومان نییە کە یادی مادەکان ماوەی دوانزە سەدە لە بیرەوەری کورددا ماوەتەوە و لە سەر زاران، لە نەوەیەکەوە بۆ یەکێکی دی گوازراوەتەوە لە کاتێکدا لە مێژووی دانپێدانراوی سەردەمی ساسانییەکاندا کە پڕە لە داستان، تەنها

ناوی شای فارسەکان و ئەشکانییەکان لە سەر هێلێک هاتووە کە بەردەوام لە بەرزبوونەوەدابووە تا گەیشتۆتە هەخامەنشیەکان و موبەد و هربدە گەورەکانی وەک: تن سر و ئازدەمیهراسندان و هی دی. هەرچۆنێ بێ، کورد لە هەر کارێکدا کە پەیوەندی بە دەسەڵات و ئاین و مێژووەوە هەبووبێ حسێبی بۆ نەکراوە و وەک داروودەستەی شایەکان نەبێ قەت ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. ڕەنگە جاروبارێک و لە هەندێ باری نائارامی و لاسەنگبوونی دەسەڵاتدا کە دوای ئەوەی فارسی توانای خۆی بە دەست هێنایەوە ڕووی دابێ، مەودای نەفەسکێشان بۆ کورد بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەخسابێ، هەرچەندە لە هەمان کاتدا، بە هۆی نەبوونی ئاسایشەوە گەلێ پەتپەتێ و ناخۆشیشی بە سەردا هاتبێ، چونکە پێوانەکاری لە چارەنووسی نەتەوەییدا بە شێوەیەکی گشتی بەردەوامی و مانەوەیە بەرانبەر کەرەسەی قرتاندن و دابڕین و هرسکردن، کە لە کاتی ئارامی و بەهێزیی دەسەڵاتدا بۆ ئەو بەهێزە بەرانبەر بە لاواز دەڕەخسێن، کاتێ چ کێشەی نەبێ و هەر کاتێ ویستی ئەو سەرە بهەنجێنێ کە بۆ سەرفرازی ئاوڕ دەداتەوە دەیهەنجێنێ و کەسیش دەست نەخاتە پێش دەستی.

باسی ئەو لایەنانە جێ دەهێڵم کە بۆ مانەوە یارمەتی کوردیان داوە، وەک گەلێکی خاوەن سیما و تایبەتمەندی و زمانی خۆی کە ماوەی 25 سەدە خۆی گیڤ کردۆتەوە و تووڕە بووە و خۆشترین کاتی خۆی لەو کاتانەدا دیوە کە بشێوی و نائارامی هەبووە و چنگی دەسەڵاتداری بێگانە لە ناقرگەی شل بووە و ئەوەش لە پێشکەشکردنی واقعی زمانەکەیدا، لە گۆشەنیگای بەرچاوڕوونییەوە لەم گوتارەدا یارمەتیمان نادا. ئەگەر سەرنجی زمانی کوردی بدەین کە پێناسە و دەفتەرنفووس و جنسییەتی و وەک پێست، گۆشت و ئێسکەکانی داپۆشیوە و دەیپارێزێ، سەرمان

لەوە سورِ دەمێنیّ کە چۆن وەک زمانێک بە زندوویی ماوەتەوە و توانای گەشەکردنی هەیە و کەرەسەی تەواوی دربڕینی هەیە و توێشەبەرەی قامووس و ڕێزمان و پەیوەندی وای تێدان کە بۆ پەرەسەندن لە ڕووی ڕۆشنبیریی سەردەم ئاواڵە بیّ تا ئەوەی بەوپەڕی بیّ لایەنییەوە، لە هەندیّ جێی نووسینە کوردیەکانمەوە بۆ عارەبی تاقیم کردۆتەوە و لە وەرگێڕانی ئەو دەربڕینانەی کە لە منداڵدانی مێژووەوە پێوەی لکاوە، نارەحەتی زۆرم هاتنە پێش و هانام بۆ لێکدانەوەی واتاکانیان برد و سەرلەنویّ دامرِشتنەوە. ئەوە خەسڵەتی ئەو زمانانەیە کە توانا و ڕەسەنایەتییان تێدا بەهێزن. ئێستا کە گەیشتووینەتە سەردەمانێک ئەو مژدەیەی پێیە کە گەلانی تێدا لەناو ناچن و هیممەتی نەتەوەکان ڕیّ نادا تەنانەت جۆری گیاندارەکانیش بفەوتێن. ئەگەر ڕێکەوتی باش و بەختی یار ئەوە بیّ کە هەندێکمان ماوەی نیزیکەی دوو هەزار و چوارسەد ساڵ لەگەڵ برا عارەبەکانماندا ژیاوین و ئەگەر هەموو ئەو ماوەیە بە خێریش تێپەڕ نەبوویّ تێکەڵێکیّ خێر و شەڕ بووە و خێری لەو شەڕەی پتر بووە کە هیچ میللەتێک نییە خۆبەخۆش ژیابیّ، دووچاری نەبوویّ. مافی خۆمان بە سەر خۆمانەوە هەیە و مافی عارەبیشمان بە سەرەوەیە تا ئامێزی برایەتی کورد و عارەب بقۆزینەوە و ئێمەی قەڵەمبەدەست بەو ئەرکە مێژوویيە هەستین کە لە ئەستۆماندایە تا بەشە زەوتکراوەکانمان وەرگرینەوە و دوای ڕۆشنایی ڕۆشنبیری سەردەم، میراتی شارستانیمان وەرگرینەوە.

ئەو سەردەمانەی کە بە پشتشکاندن تێپەڕین و بە کەرامەت و بوون و زمان و زەمینی خۆمان نرخمان دا، مافمان دەدەنیّ و هەست بەو ئەرکە دەکەین ئاڤێستا بکەینە بەڵگەنامە و «تاپۆی کوردی» و خاوەنداریتی خۆمان بۆ هەر وشەیەکی کە لە ئاڤێستادا هەیە و فارسی زەوتی کردووە

و له دادگای مێژوودا دەستی بە سەردا گرتووە، بسەلمێنین. ئێمە خاوەنی ئەو زمانەین کە قسەی پێ دەکەین و دەسبەرداری ئەو وشانە نابین کە هاوشێوە و هاوواتایان لە فارسیدا هەیە چونکە ئەو لێکچوون و هاوشێوەییە تەنها لە زمانە ئێرانیەکاندا نییە بەڵکو لە نێوان زمانە ئێرانیەکان و سانسکریتی و ئەوان و زمانەکانی ئەورووپاشدا هەیە کە لە سەرچاوەی هندوئەورووپی کەوتوونەتەوە. ئەو بنەمایە قەبووڵە داوا لە داگیرکەر و زەوتکەر بکرێ دەست لە داگیرکراو هەڵگرێ و بیداتەوە خاوەنی خۆی نەک لایەنی تاڵانکراو ناچار بکا دەسبەرداری ئەوەش بێ کە لە لای ماوەتەوە و دەستی لە بنی هەمانەوە پێ دەربکرێ. ئایە کەس لەو جیهانەدا هەیە عارەبی داگیرکراو ناچار بکا دەست لەو وشانە هەڵگرێ کە هاوشێوەیان لە زمانی داگیرکەردا هەیە، ئەوەش بۆ ڕەواندنەوەی تۆمەت و ڕازیبوون بە داگیرکاری؟ ئێمە خاوەنی زمانی خۆمانین و هەرچیەکی لە ئاڤێستا و ئاینی زەردەشتدا هەیە پەیوەندییان لەگەڵ زمانی ئێمە نێزیکترە و لە ویژدانی پیاوێکی کوردەوە هەڵقوڵاوە و ئەو نارازیبوونەی کە لاملێک دەریدەبڕێ گوایە خۆبەستنەوە بە زەخیرەیەک کە یەکلایی نەبۆتەوە، کارێکە ڕەت کراوەتەوە، چونکە ڕازیبوون بەوە ڕاگەیاندنی خۆبەدەستەوەدانە و هیچ زمانێک نییە ئێستای یەکلایی کرابێتەوە، لە کۆنەوە یەکلایی بووبێتەوە و عارەب و کورد و ترک و عەجەم لەم لایەنەوە یەکسانن. نەتەوەی کورد ڕەگداکوتاوی ناو ئیسلامە و باوەڕی ڕاستی هەیە و بە دڵسۆزی خزمەتی قورئان و زانستە عارەبیەکانی کردووە و کەس لەو لایەنەوە پێشی نەکەوتۆتەوە، تا ئەو ئەندازەیەی خۆی بیرچۆتەوە و وەک نەتەوەکانی دی دوای چاوکردنەوە و فرەوانبوونی هیواکانی پێی خۆشە زمانەکەی خۆی بە زادی مێژوویی خۆی دەوڵەمەند بکا و بەشی خۆی لێ وەرگرێ، نەک بە

زیادەوە، بەڵکو هەندێ بە کەمیشەوە. قەیدی ناکا. وەرگرتنەوەی میرات لە بارودۆخی کورددا وەک وەرگرتنەوەی شوێنەوارە مێژووییەکانە جا پەیکەر بن یا هەیکەل یا نەخش بن و مەبەستیش پەرستن نییە بەڵکو ڕازاندنەوەی خانەی شوێنەوار و کردنیەتی بە بەڵگەی دەوڵەمەندیی مێژوویی. کەس بیری لەوە نەکردۆتەوە گای باڵدار بەو بیانووە تێکبشکێنێ گوایە شوێنەواری بتپەرستییە و کەس لە ترسی گەڕانەوە بەرەو بتپەرستی و خراپەکاری خۆی لە ناوی لات و عوزە و مەنات و شەیتان لانەداوە. ئەو شوێنەوارانەی کە لە فالگری و ئەستێرەزانی ماونەتەوە نەبوونەتە هۆی قۆڵهەڵماڵین بۆ لەناوبردنیان. تەنانەت شیعری ڕووتیش کە دەکرێ دەستبەرداریان بن، هەروەها قسە لە بارەی لەشفرۆشییەوە لە کتێباندا بە ئەمانەت پارێزراون چونکە زەخیرەی داهێنانن و جوان دارێژراوون نەک بۆ دووبارەبوونەوەی فەسادی. عارەبایەتی مافی خۆیەتی شانازی بەو زمانە پێشکەوتووەوە بکا کە خەڵکی سەردەمی «جاهیلی» قسەیان پێ کردووە و شیعریان پێ نووسیوە و قەشە و ڕەبەن بە شێوەیەک پەخشان و شیعریان گوتووە کە لەگەڵ سەردەمەکەدا نەگونجاوە. داوای مەحاڵ لە عارەبایەتی ناکرێ جاهیلی ناچار بکا بە جۆرێ شیعر و پەخشان بنووسن ئەبو زەڕی غیفاری لێیان ڕازی بێ لە کاتێکدا سەد ساڵ دوای جاهیلی بووە. ئارامی و سریانی ماوەی چەندین سەدە خزمەتی دەرباری فارسی و ئەشکانی و ڕۆمانییان کردووە و زۆر لە نووسەرانی شایەکان ئارامی بوون و بە هۆی مانەوەی زۆری ئەوانەوە لە خزمەتدا، وشەی ئارامی چوونە ناو نووسینی پەهلەوییەوە و بە شێوازی پەهلەوی دەخوێندرانەوە. ئەوەش بووە هۆی دروستبوونی زمانێکی سەیر و ناوی «هوزڤارش»[1]ی لێ نرا کە لە هەزار

---

1. پێ دەچێ ئەو زمانە لە شێوەی لینگوا ـ فرانکا بووبێ کە زمانی کەشتیەوان و جامباز و

وشه زیاتری لەخۆ دەگرت. وشەی تری ئارامی هەبوون شێوازی خۆیان پاراستبوو بەڵام نیشانەی پەهلەوی لە ڕێزماندا خرانە سەریان. ئەوەی ڕووی دا و بۆی هەبێ لەوەش زیاتر ڕوو بدا و کەسیش ئارامییەکان تۆمەتبار ناکا و گومان ناخاتە سەر زمانی ئارامی و داوا ناکا ئەو وشانە لابەرن کە بوونە کەر بۆ ڕابواردنی شایەکان. عارەبی بەهێز و دەوڵەمەند ڕێگر نەبوو لەوەی وشەی ئارامی تێدا بن چونکە زمانێکی سامی بوو و لە دوورگەی عارەبییەوە هاتبوو. میللەتان بەو موسیبەتانەیان لەگەڵدا ناکرێ کە هاڕیونی و دوایی، دوای هاڕین لە سەر ناپاکژی سزای نادەن و بە ئیفلاس پێکردن پاک ناکرێتەوە. زمانی کوردیش کە داوای مافی مێژوویی و میراتی خۆی دەکا، لە ڕووی هەستکردنەوە بە بوونی خۆی و بە ئاشکراکردن و ڕاپەڕین دژی داگیرکردن نەک پاڕانەوە و دەرۆزەکردن و سووکایەتی یا ورووژاندنی گومان. من ئەمە دەڵێم و کوردێکیش نەبووە هەوڵی دابێ بە زمانە کۆنەکەی پینەوپەڕۆی کردبێ یا لە نووسیندا بە «باز» و «بەرسەم» خۆی هەڵنابێ و نەمبیستووە کوردێک شتێکی گوتبێ و لە ئاڤێستای سویبێ وەک شاعیرێک بەرانبەر ناوی «زەمزەم» پێش هەزار ساڵ گوتوویەتی:

فارسەکان لە سەر زەمزەم زەمزەمیان کرد
ئەوەش لە باوباپیرانی هەرە کۆنیانەوەیە

ئەوە ئاماژەیە بۆ «سابور» لە حەجە درۆکەیدا کە بە پێی ئەو باوەڕەی کە لە سەری ڕاهاتبوو «زەمزەمە»ی کردووە. (ل393 مزدیسنا و ادبی پارسی - قسەکەی لە یاقوت و مەسعودییەوە وەرگرتووە).

بازرگانەکانی وڵاتانی دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست بوو و وڵاتە عارەبییەکان بە ئیسپانییان دەزانی و فەرەنسییەکان بە عارەبییان دەزانی و تێکەڵەیەک بوو لە وشەی عارەبی و ئیسپانی و فەرەنسی. ح.ک

بەڵام ڕۆشنبیری سەردەمانەی کوردی لە سەرەتای ڕێگادایە لە بواری بەستنەوەی نوێیەوە بە کۆنیەوە و پڕکردنەوەی بەشە بۆشە لێکدوورەکانی مەودای مێژوویی و پانتایی فرەوانیان. هەتا ئێستاش مێژوویەکی پەسەندکراوی کوردی نییە قوتابی کورد بیخوێنێ و لە هەموو جیهاندا، ئەوەندەی من ئاگادار بم، ڕێکخراوێک نییە تەکلیف کرابێ یەک دڵۆپە ئاو بڕژێنێتە سەر یەک دانە تووی هەموو ڕۆشنبیریی کوردی کە خەریکە هەموو نیشانەکانی ڕێگای نێوان کۆن و نوێی بزر دەبن. خۆ ئەگەر کوردێک ڕووبەڕووی ئەم کارە ببێتەوە کە لە بەر مەزنییەکەی سامی لێ دەکرێ جگە لەوەی مەترسیدارە و بە کێشە و سەرهێشەی وایە هیممەت دەبا، لەم هەموو جیهانەدا یەک دەست نابینێ تەڵە قامیشێکی بۆ هەوادا تا لەو زەریا هارە دەربازی بکا کە سێ هەزار ساڵی نەبوونی و پەردە و تەمی بە سەردا دراوە، کە نیازی وایە لێی بپەڕێتەوە و بگاتە کەناری ئاسوودەیی. لە ڕووی نارەحەتی پەڕینەوەوە بۆ کەنار لە تاقیکردنەوەی خۆم ئەمەت بۆ دەگێڕمەوە:

یەکێ لە ڕێوڕەسمەکانی ڕێزی ئاگر لای زەردەشتییەکان ئەوەیە نزاخوێن چڵەدارێکی «بەرسەم»ی بە دەستەوە بێ (تا ئێستا زاناکان پێناسەی ئەو درەختەیان نەزانیوە، پێم وایە من لە نووسینێکدا ناساندوومە)... پانایی هەر چڵێکی، دەبێ هێندەی دەنکە جۆیەک بێ. ئەم دەنکە جۆیەش ناوی لە ئاڤێستا هاتووە «yava یەڤە» و وشەکە بە پێی یاساکانی دەنگگۆڕین گۆڕاوە و بووە بە «جەو» لە فارسیدا و «جۆ» لە کوردیدا و وشەی «یەڤە» لە بنەڕەتدا هەموو دانەوێڵەیەک دەگەیەنێ نەک جۆ بە تەنها. لەم بابەتە شاراوەیە زەینم بۆ وشەیەکی تێکەڵی کوردی چوو ئەویش «دانەوێڵە»یە. یەکەم بەشی دانەی دانە و بەشی دووەمی کەرەسەی بچووککردنەوەیە. مایەوە بەشی ناوەڕاست «وێ»

که هەمـــان «yava یەڤە»یە و کەوتـــۆتە ژێـــر کـــاریگەری دەنگـــی ناوچەکانی کورد و «ڤ»یـان تێـدا دەبێـتە «و» و وەک چـۆن یـونس دەبێتە وینس و یۆنان دەبێتە وێنان، ئەویش پێش «ی» دەکەوێتەوە. لە بری «یۆڵە» گوتوویانە «وێ لَه ـ وێڵە» و ناوەکەش ئاوهای لێ هاتووە: دانەیۆڵە بۆتە دانەوێڵە.

ئەوەی کە پێویســـتە لێـــرەدا ڕوون بکـــرێتەوە ڕێـــزی ئـــاگرە لای زەردەشتییەکان کە خـودی «نـوور»ە و دەشڵێم کە ڕێزگـرتن پەرسـتن نیـــیە. گـــا و ئەســـپ و مەڕیـــش لە ئاڤێســـتادا ڕێزیـــان هەیە و تەنانەت «گوسپەندە» کە وەک ناو لە مەڕ نراوە واتای گیانداری پیرۆز دەدا و واژەی سپەنتە خۆی سپەنتمانی لێ کەوتۆتەوە کە بە زەدەشت دەگوترا. ئەوەشی بۆ زیاد دەکەم کە ئاڤێستا وشەی ئاتەشگەی تێدا نییە کە واتای خانەی ئاگر بدا چونکە ئەو وشەیە لە داهێنانی سەردەمەکانی دواترە. ڕەنگە زەوی پیرۆزییەکی زیاتری هەبـووبێ و پیسکردنی یەکێ بووە لە تاوانە گەورەکان و کەفارەتەکەی پیاوی بە هیلاک دەبرد.

لە ماندووبوون لە هەڵکۆڵینی وشەدا، فەرموو ئەوەش یەکێکی تر

یەکـێ لە واتاکـانی وشـەی «var»ی ئاڤێسـتایی دەرهاویشـتنە. دوای ماوەیەکی زۆری ژانی بیرکردنەوە، سـەرنجم بـۆ «کـردار ـ فیعـل»ێکی کوردی چوو کە لە سێ بەش پێکهاتووە ئەویـش «هەڵ ـ ئا ـ ورد»ەیە و «ن»ی سەرچاوەشـــی بە دوودا دێ و لە شـــیکردنەوەدا «د»ەکەی لادەکەوێ و جێـیەکەی هەمیشـەیی نیـیە. بەشـە نەگـۆڕەکەی «وار»ە. بەڵام «هەڵ» پێشگرە، هەروەها «ئا» کەوتـۆتە پێکهاتەی «کـردار»ەوە (ل86 فرهنـگ ایـران باسـتان) «کـردار»ەکە بە گشـتی هەڵبـژاردن و

جیاکردنەوە دەدا و دەرکەوت ڕەگی «کردار» لە «وار»دا لە کرداری تێکەڵ «هەڵ ئاوردن»، var خۆیەتی کە لە ئاڤێستادا «ڤ» بۆتە «و» ئەوەش بە پێی دەنگگۆڕکێ لە زمانە ئێرانیەکاندا.

ئەو دوو وشەیە لەو دوو نموونەیەی سەرەوەدا بە واتا هاوتایەکانیان لەگەڵ واتایاندا لە ئاڤێستادا، وێنەیان لە فارسیدا نییە و تەنها ئەنجامی خزمایەتی نێوان ئاڤێستایی و کوردییە. بەڵام alvar یەکێ لە واتاکانی تریدا دەکاتە «سووڕانەوە، بزاوتن» و کوردی و فارسی لەوێدا و بەو واتایە پێکدەگەن، ئەوەش دوای ئەوەی «ڤ»ی فارسی لە سەرەتایدا بە پێی دەستوورێکی دەنگگۆڕین گۆڕاوە و بۆتە «گ» و ئەوجا «گەر».

لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی وشەکە «var» لە کوردیدا ماوەتەوە و ئەگەر بکرێتە «وەر» نێزیکترە، کە لە زۆر بواری بەکارهێناندا واتای خولانەوە یا شتێکی وەک خولانەوە دەدا. ئەوەش ڕوونە کە «و» لە «ڤ»وە نێزیکە چونکە هەردووکیان پیتی لێون.

ئاڤێستا کە خاوەنی گەلێ دەرگای کراوەیە بە ڕووی زمانە ئاریەکاندا بە گشتی، دەستەخوشکی سانسکریتیشە و هەر ئەوەتا دایک یا دایانی فارسی کۆن و پەهلەوی نییە و بە ڕای ئێمە سەرچاوەی کوردیشە و هیچ زمانێکی ئاریایی یا شێوەزارێکی ئەو زمانانە نییە لە پەیوەندیی بە ئاڤێستاوە خاڵی بێ مەگەر کۆنیی و ماوەی دوور و درێژی لێکدابڕان ئەو پەیوەندیانەی شاردبێتەوە، ئەوەش ڕێی تێ ناچێ. مەودای فرەوانکردنی ئەو لایەنانە نییە چونکە هەر یەکەیان درێژایی و پانایی و قووڵایی و لقی تێکئاڵاو و لێکدابڕاوی خۆی هەیە و چار نییە دەبێ دەست لە هەندێکیان هەڵگرین تا لە کاتێکی لەباردا بگەینە کۆتایی بابەتەکە.

زمانی فارسی

ئەم زمانە، سێ پلەی تایبەتی هەیە و هەر یەکەیان خەسڵەتی زۆر و جیاوازی هەیە:

یەکەم پلەی، ناوی فارسی کۆنی لێ نراوە کە ناوێکە زانا پسپۆرەکانی بواری بابەتە ئێرانیەکان بۆ ئاسانکردنی بابەت و ڕەچاوکردنی هەر یەکە لەو پلانە لە ڕووی ڕێزمان و دەستووری زمانەوە لە سەری پێکهاتوون و مەبەستیش لەو ناوچانە بووە کە دانیشتوانی، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێراندا، بە فارسی قسەیان کردووە و لە ڕووی ئاسایشەوە حکوومەتی ناوچەییان هەبووە و سەر بە میدیەکان بوونە تا ئەو کاتەی کۆرشی کوڕی ئەرشام پێگەیشت و مادەکانی تێکشکاند و لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پێش زاین وڵاتەکەیانی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و دوای ئەوە خۆی بووە شاهانشا. پاشماوەی زمانی ئەو گەلەش لە کۆنەوارە ئێرانیەکاندا کە شایەکان بە جێیان هێشتوون، لە چوارسەد و شتێ وشە پێکهاتووە کە لە وشەکانی ئاڤێستاوە نێزیکن بەڵام جیاوازیشیان ئەوەندە هەیە کە بە دوو زمانی سەربەخۆ دابندرێن. کۆنترین شتێ کە لەو زمانەوە بۆ زانا ئێرانناسەکان مابێتەوە دە دێڕی نووسراوە لە سەر پارچە زێڕێک کە بۆ سەردەمی «ئاریا ڕەمەن» دەگەڕێتەوە کە باپیری کۆرشی گەورە بووە و ساڵی 610 ی پ ز حوکمەکەی دەستی پێ کرد.

ئەوەی لە شوێنەواری ئەرشامی باوکییەوە «باوکی کۆرش» مایەوە چوارده دێڕ بوو کە ئەوەش لە سەر پارچەیەک زێڕ نووسرابوو. شایەکانی دی شوێنەواری جیاوازی وشەیان لە دوای خۆیانەوە جێهێشت کە زۆربەی هی داریوشی گەورە بوو کە برازای کۆرش بوو و لە 510ی

پ ز تا 485ی پ ز دەسەڵاتی هەبوو و کۆتایی ئەو ماوەیەش بەوە هات کە ئەسکەندەر ساڵی 331ی پ ز دەستی بە سەر چەقی دەسەڵاتدا گرت و ئەوجا پلەی دووەم دەستی پێ کرد کە سیمای کەمێ نائاشکرایە چونکە دەسەڵاتی سلوکی هات و گەشەکردنی فارسی کۆنی ڕاگرت و کاری بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی هیلینی (گریکی) کرد.

لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی پێش زایندا ئەشکانیەکان، دەسەڵاتدارانی پارتیەکان بە سەر سلوکییەکاندا سەرکەوتن و پەهلەوی (بەدگۆڕانێکە لە پەرتەویـیەوە هاتووە) بـووە زمانی فەرهەنگ و دەسەڵات لە ئێراندا. پەهلەوی، دوو شـێوەزاری هەبوون، یەکێکیان باکووری کە زمانی دەسەڵات و دەربار بوو، دووەمیان باشووری ڕۆژاوایی هاوسای پارسی بوو و لە نووسینی باشووریەکاندا وشەی «پەهلەوانیک» هاتووە بۆ ئامـاژەکردن بە پەهلەوی باشوور ئەوەش لە درێژەبێژییەکدا کە ئێرە جێی نییە و باسی دەرکەوتنی «مانی» دەکا کە 215ی پ ز لەدایک بووە و هەروەها ئایینە نوێیەکەی و ئەو زمانەی پێی نووسیوە... بەڵام فارسی ناوەنجی بە گەیشتنی ساسانیەکان بە دەسەڵات و نەمانی دەسەڵاتی ئەشکانیەکان، لە ساڵی 226 ی پ ز، دەستی پێ کرد. فارسی کۆن لەو دەمەدا، واتە زمانی سەردەمی هەخامەنشی، دوای ڕووخانی دەوڵەتەکەیان لە ساڵی 331 ی پ ز، لە نووسیندا نەمابوو و لە سەردەمی ساسانیەکاندا بە گۆڕانکارییەکی زۆرەوە دەرکەوت و لە ڕاستیدا، لە سەر شێوازە کۆنەکەی بە مردوو دادەندرێ و ئیدی ژیانی بە بەردا نەهاتەوە. «پارسیک» بەو فارسیە دەگوترێ کە لە سەردەمی ساسانیدا بەکار هێندراوە تا لە فارسی کۆن و فارسی تازە (کتێبی زبان فارسی بەشی دووەم) کە لە سەدەی چوارەمی کۆچییەوە دەست پێ دەکا، جیا بکرێتەوە.

نازانین ئەگەر دەسەڵاتی دەوڵەتی هەخامەنشی مابایە، فارسی کۆن بە چ شێوەیەک پەرەی دەسەند، بەڵام ڕێی تێ دەچێ بوونی حکوومەتێک کە زمانێک لەو زمانانە و هەرچی دارِشتن و وشەی هەیە لە نووسینی کاروباری ڕەسمی و ئایینی و ئەدەبیدا بەکار بێنێ، خوازیاری بەردەوامبوونی دەبێ و پارێزگاری لە ڕستە و شێوازیشی دەکا. بەڵام دەوڵەتی هەخامەنشی لەناوچوو و زمانی فارسی کۆن تەنها بووە زمانی ئاخاوتن و ئەو خەسڵەتانەی تێدا نەبوون لە گۆڕانکاری گەورە بیپارێزن کە بە سەریدا هات و دوایی لەگەڵ داهاتوویدا بەراورد دەکرا. ئەگەرچی پێکهاتەکانی لە نووسسیندا لەناوچوون و تا ئێستا لە شوێنەوارەکاندا دەرنەکەوتوون، زمانی پەهلەوی کە بووە زمانی ڕەسمی و ئەدەبی ڕەواجداری ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی پ ز تا یەکەم چارەکی سەدەی سێیەمی زاینی و بە زمانی ناوەنجی ئێرانیەکانی ئەو ماوەیە دادەندرێ و بە فارسی کۆن دەچێ و پردێکە لە نێوان فارسی کۆن و نوێدا و دەشێ بکرێتە پێوانە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە سەردەمی سلوکیەکاندا بە سەر فارسیدا هاتووە تا دەرکەوتنی یەکەم نووسینی پەهلەوی کە شوێنەوارناسان دەستیان کەوتووە، گوایە پەهلەوی بەردەوامی فارسی کۆنە لەگەڵ هەندێ چاوپۆشیدا. بەڵام ئێمە لێرە، لە ئاستی پەهلەویدا ناوەستین، بەڵکو ئەو مەودا کاتییە دەبڕین و دەگەینەوە سەرەتای ساسانیەکان تا بزانین چ گۆڕانکارییەک قەوماوە، بگرە زیاتر دەڕۆین تا دەگەینە فارسی تازە تا بە گوێرەی دووریی نێوان فارسی تازە و کۆن بڕوانین چونکە نیگامان لەو بەراوردکاریانەدا هەڵسەنگاندنی نێزیکایەتی و دووریی نێوان زمانی کوردی و زمانی ئاڤێستا و زانینی پەیوەندی نێوانیانە، ئەوەش بە گوێرەی بەراوردی مەودای مەزەندە تا دەگەینە ئەوەی چ گۆڕانێک لە نێوان فارسی کۆن و نوێدا ڕوویداوە، کە

یەک زمانن و پەیوەندی نووسین و ئایین لە نێوانیاندا بەردەوام بووە و چەندین پلە لەو پەیوەندییە چاوەڕوانکراوەی نێوان ئاڤێستا و زمانی کوردی بەهێزتر بووە، کە ماوەی دەیان سەدە شێوازی نووسینی نەبووە و دەوڵەتی نەبووە و پەیوەندی سەرپەرشتیکردنی بە ئایینی زەردەشتییەوە نەبووە و جگە لە نێزیکایەتییەکی بۆماوەیی لە ڕێی ئەوانەوە کە بە کوردی قسەیان کردووە لە سەردەمی میدیەکانەوە، هیچی تری نەبووە.

زۆر بەداخەوەم کە دەرخستنی ئاستی جیاوازیی نێوان فارسی کۆن و تازە لە ڕووی کەلەپوور و ڕێزمانەوە زۆر زەحمەتە چونکە بابەتەکە دەبێتە چەند بەشێکەوە و کەرەسەکانی ئاخاوتن، لە ناو و کردار و پیت و کەرەسەی وابەستەیی و هی دی پێکدێن و بە ئاسانی شوێنپێیان هەڵناگیرێ بۆ کەسانێ نەبێ کە شتێ لەو زمانە ئێرانیانە بزانن. ژماردنی شێوازەکانی ناو لە فارسیدا سوودی نییە تا بیانژمێرین و بڵێین حەوتن:

1. کائی 2. آئی 3. وابستگی 4. رائی 5. بائی 6. ئازی 7. ئەندری و لەگەڵیشیاندا شێوەی ناو دەگۆڕێ و چی دی لە فارسی نوێدا ئەوە نییە. چ سوودیش لەوەدا نییە دوای جێناو و فرمان و بارودۆخە جیاوازەکانیان بکەوین و بزانین لە فارسی نوێدا و لە بواری شیکردنەوە و لێکدانەوەوە چییان بە سەردا هاتووە و ئەم درێژە پێدانە بۆ کەسانێک سەرنجی ئەو زمانەی نەدابێ هەر سەرهێشەی بە دواوەیە. لەبەر ئەوە وام پێ چاک بوو بەوەندە واز بێنم کە ناو حاڵەتی تاک و جووت و کۆ و نێر و مێ و بێ لایەنی هەبووە و بوونیە و کۆتایی لە شیکردنەوەدا بە گوێرەی جێیەکەی لە ڕستەدا دەگۆڕا و هەموو ئەوانەش لە سەر فارسی نوێ بەندە و جووت و ڕەگەزی بێ لایەن و جوداوازی ڕەگەز لە ڕووی زمانەوانی شیکردنەوەی ڕستەوە نەمان و وشەکانیش وەها گۆڕان ئەوەی زۆر لە سیمای کۆن و نوێیان ورد نەبێتەوە نایانناسێتەوە و لێرەدا

نموونەیەک لە سەر فارسی کۆن بۆ خوێنەر دەهێنمەوە و دوایی شێوەکەی لە فارسیدا دینمەوە تا بزانێ چ گۆڕانکارییەک، کە زەینی بۆ ناچێ، ڕووی داوە:

ئەمە ڕستەیەکی کۆنی هەخامەنشییە کە بۆ سەردەمی داریوش (521 و 485پ ز) دەگەڕێتەوە:

دارەیەوئوش. خایەشەی. وەزەرەک. خەشایەشە. خشایەنسیە نام. خشایەنیە دەهیو نام. ڤیشتاسپە یەهیا. بوسی. هخامەنشی ئاتی. داریەوئەش...

ئەمەشیان لە فارسی نوێدا: داریوش. شاە بزرگ. شاە شاهان. شاە کشورها. پسر گشتاسپ. هخامنشی. گوید. داریوش..

واتاکەشی: داریوش. شای گەورە. شای شایان. شای وڵاتان. کوڕی ڤیشتاسپ. داریوش دەڵێ..

لە ڕووی بەراوردکارییەوە دەڵێم وشەی «ئاتی» کۆن «گویەد»ی نوێیە.

دوای ئەو دەقە قرتاوە وشەی «خەشەم تیی» دێ کە لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکەمیان «خەشەم»ە کە وێنەیەکی گۆڕاوی «خەشایەشی»یە کە چوار جار هاتووە و واتای «شا» دەگەیەنێ. دووەمیشیان «تیی»ە کە کەرەسەی گۆڕینی ناوە بۆ ناوی واتایی و واتای هەردوو بەشەکە دەبێتە «خاوەنداریتی شاهانە». ئەم پاشگرە بەرانبەر «تات»ی ئاڤێستاییە و وەک گوتم کەرەسەی ناوی واتاییە و لە کوردیدا پەرەی سەندووە و بۆتە «ایەتی، ئەتی، تی» و بزوێنی «ە» پێش ئەوەی دواییان دەکەوێتەوە. ئەوانە هەموویان ناوی واتان و وشەی گونجاو پێشیان دەکەوێ و ئەگەر وشەکە «خەشم تیی» بێ لە کوردیدا دەبێتە «شایەتی» بەڵام لە فارسی نوێدا

دەبێتە «شاهی»ئەوەش بە زیادکردنی «ی» لە کۆتایی وشەکەدا کە کورتکراوەی «یە»ی پەهلەوییە و فارسی لەوە زیاتری نییە کەرەسەی واتای ناو بێ. بەو شێوەیە پاشگری «تات»ی ئاڤێستایی لە فارسی کۆندا بۆتە «تیی» و لە کوردیدا چالاکانە و زرپوزندوو و بە شێوازی هەمەجۆر دەردەکەوێ و لە فارسی نوێدا مردووە ئەگەرچی کورد نووسینی لە ئەزەلەوە نەبووە. تۆ بڵێی فارسەکان ئەگەر بزانن پاشگریان لە زمانی ئێمەدا ماوەتەوە، داوای نەکەنەوە؟ بۆچی نا؟ دەرفەتی ئەوە هەیە گومان لە وشەکانمان بکرێ!

ئەگەر خوێنەر بۆ وەرگێرانێکی نوێی دەقێکی کۆنی فارسی بگەڕێتەوە، دەبینێ خاوەنی کتێبی «تاریخ زبان فارسی» وشەی «شەهریار»ی لە جێی «خشتم تیی» بۆ ئامازەکردنی خاوەندارێتی داناوە و وا چاکتر بوو «شاهی» دابنێ چونکە «شاه» وشەیەکی پەرەسەندووی «خشایەشی»یە. بەڵام «شهریار» لە «شهر: واتا شار» و «یار بە واتای خاوەن» دێ و هەموو واتاکە دەبێتە «خاوەن شار». شاریش لە کۆندا «خشترە» بووە و بۆ «شهر»ی فارسی و «شار»ی کوردی گۆڕاوە. وشەی «خشترەپاوەن»یش بە واتای پارێزگاری شار داتاشراوە و دوایی بۆتە «شهربان» و لە کوردیدا «شارەبان»ە بە ناو و واتاوە دەگوترێ و ئەگەر وشەیەکی قامووسی بەکار بهێندرێ دەبێتە «شارەوان». «خشترە باون» لە یۆنانی کۆندا بۆتە «ساتراب» بە واتای دەسەڵاتداری ناوچە لە لای فارسە کۆنەکان. لە درێژەپێدان داوای لێبوردن دەکەم و هیوام وایە سوودی بووبێ.

فارسی، بە فرەوانیی دەسەڵاتیەوە لە زۆر ناوچەی ئاسیا و بۆ ماوەی دوورودرێژ بووە بەرۆکری گەورەی ئاڤێستا و ئایینی زەردەشتی و توانی لە زۆر وڵاتدا ڕەگی قووڵتر داکوتێ تا بۆتە زمانی خەڵک و وڵات. لێرەدا

مەبەست لە زمان وشەکانی نییە چونکە لە کۆنەوە مولّکی هەموو گەلانی ئێران بوونە و ئەوەشی تێیدا ئاڤێستایی بوو ڕاست و دروست ئەوەیە کە کەلەپووری کورد یا کەلەپووری نێوان کورد و نەتەوەیەک بووە کە ئێستا شوێنەواری دیار نییە. بەڵکو مەبەست لە دارشتن و دەستوور و زانستی زمان و شیکردنەوەیەتی چونکە فارسی جێی زۆر زمانی تری گرتەوە کە مەرجی بوونیان نەما و هەندێ جار بزر دەبن و هەندێ جار شوێنەواریان لە فارسیدا دەردەکەوێ. فارسی بووە یەکێ لەو دوو زمانە ڕەسمییەی ئەفغانستان و ماوەی چەندین سەدە زمانی ئەدەب و دەرباری باکووری هندستانیش بوو و زمانی بەشێکی گرنگی تاجیکی و لایەنگرانیان بوو و هەتا ئێستاش وایە. فارسی لە سەردەمی ساسانیەکانەوە کەرەسەی پەهلەوی بوو و پەهلەویش لە سەردەمی ئەشکانیدا بەرۆگری فەرهەنگی هەموو ئێران بوو و ئەو زمانەش بوو کە ئاڤێستای پێ شەرح دەکرا و دەقی ئەدەبی پێ دەنووسرا و لە نووسینی ڕەسمیدا بەکار دەهێندرا. سەیر لەوەدایە کە «ڕەنگە زەرەر قازانج بێ» بە شێوەی خۆی و بە پێچەوانەشەوە دەرکەوت «ڕەنگە قازانج زەرەر بێ» ئەوەش لەو زمانانەدا کە دراوسێی فارسی بوون و پەیوەندییان پێوە هەبوو و لە هەر کوێیەکی حکوومەت و نووسین و ناوەندی شارستانەتی گەورەی ناوچەکان لەو سەردەمە کۆنانەدا بووبێ، فارسی جێی زمانی خەڵکەکەی گرتۆتەوە و «قازانجی زەرەربەخش» بووە. بەڵام کوردی لە دوای لەدەستدانی ناوەندی دەسەڵات «هەمەدان» بۆ هەخامەنشیەکان، بە هۆی دووریەوە لە ناوەندی دەسەڵاتەوە و نەبوونی نووسین و ناوەندی شارستانەتی گەورە لە داگیرکاری زمانی فارس دەرباز بوو و «زەرەرەکەی بە سوود بوو». تا ئێستا باس باسی زمانە نەک چارەنووس و مافی نەتەوایەتی، چونکە کورد لە پارێزگاریکردنی

زمانەکەیدا زۆری لە زەمین و خوێن و خۆشیەکانی ژیان و مەرجەکانی شارستانەتی لە دەست دا لە کاتێکدا تاجیکی خاوەنی لەزەت و خاک و کیانە، هەر وەها ئەفغانی و هندی باکوور. لەم گۆشەنیگایەوە کوردی شارەزای ڕووداوە مێژووییەکان زیاتر بە زمانەکەیەوە وابەستە دەبێ و بۆ فارسەکان دەسبەرداری هیچی نابێ. بۆ فارسەکان، دەستمان لە هەمەدان هەڵگرت کە چەقی دەسەڵاتی کورد بوو لە هەندێ لە سەدەی شەشەمی پێش زاین و چەند سەدەیەکی پێشتر. دەستمان لە ڕووبەری بەرینی تریش بەردا، تەنانەت ئەولیا چەلەبی کە پێش سێ سەدە بەر لە ئێستا هەندێ شوێنی لە وڵاتی کورد دیوە، ئێستا سەد کیلۆمەتر لە نێزیکترین خاکی کوردەوە دوورە. هەر وەها بە شایەدی هەندێ لە برا کوردەکانی ئێرانمان کە تا ڕووخانی محەمەد ڕەزا پەهلەوی لە عیراق پەنابەر بوون، دەستمان لێ بەردا و دەستمان لە دەسەڵات و خۆشی و حەسانەوە و ئاسوودەیی و هەموو شتێ بەردا و ئەم دارشتنە کوردییە نەبێ کە بە زارماندا دێ بە هیچ شتێک تۆڵەمان بۆ نەکراوەتەوە و بەو غایەلە و گومانانەی دەوریشی دەسبەرداری نابین.

گوتمان فارسی بووە بەرۆگری هەموو کەلەپوورە ئێرانییەکان ئەوەش بە گەیشتنی ساسانیەکان (226 پ ز). خوێنەر سەری لەوە سوڕ دەمێنێ کە کەلەپووری ئێرانی هەمووی بۆ فارسەکان، زمانی دەسەڵات گوازرایەوە بەڵام دوای ئەوەی لە هۆکارە مێژووییەکان ورد دەبینەوە، دەبێ هۆیەکەی بخەینە ڕوو. نموونەیەکی بەردەستمان لەو بوارەدا هەیە کە دوو کەس نییە لەسەری یەکڕا نەبن، ئەوەش ئەوەیە تورکە عوسمانییەکان دەسەڵاتیان لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکاندا گرتە دەست و خۆیان بە پارێزەری ئیسلام دانا و خەلافەتیان کردە پشتاوپشت و داگیرکردنی ئیستەنبوولی پایەختی بیزەنتی مەسیحیش ناوەندی

دەسەڵاتیانی بەهێزتر کرد و کردیانە بەڵگەی دروستیی ڕێباز و خەلافەتی خۆیان، لێرەدا باسی ئەوانە ناکەین. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، وەک ئاڤێستا گوازرایەوە لای فارسە ساسانیەکان، کەلەپووری ئیسلام و زانستی قورئان نەگوازرانەوە لای عوسمانیەکان. ئەوەش دوو هۆی هەیە و پێویست بە هۆی سێیەم ناکا: یەکەمیان ئەوەیە ئیسلام بە جلوبەرگی عارەبییەوە نەتەوەی عارەبی لە دواوە بوو کە خاوەنی قورئان و پێغەمبەری قورئان بوو و هەرگیز بۆ عوسمانیەکان هەڵنەکەوت نوێنەرایەتی عارەب بکەن و عارەبایەتی هەرس بکەن و بیخەنە کەلەپووری نەتەوەییە فشوفۆڵەکەی خۆیانەوە. ئەو نەهەنگە زلە بە هونەری عارەب و زانستی ئیسلام گەورە بوو و هەموو ئەو ماسییانەی قووت دان کە لە ناو زەریای ئەو هونەر و زانستەدا بوون. زۆری نەمابوو پێچەوانەی ئەوە بقەومێ ئەوەش تووانەوەی عوسمانیەکان بوو لە ناو ئیسلام و عارەبایەتیدا. لێرەدا قسەیەکم بیر دێتەوە کە بەر لە پەنجا ساڵ خوێندوومەتەوە، قسەکەش هی مامۆستای نەمر مستەفا سادق ڕافعیی بوو لە بارەی ڕۆشنبیریی عارەبییەوە لە ناو میللەتە موسوڵمانە ناعارەبەکاندا و دەڵێ ئەو وڵاتەی تەنها عارەب حوکمی بکا عارەبی بۆی دەبێتە کەرەسەی ڕۆشنبیری و باوەڕ، لە کاتێکدا، لە مێژووی کۆندا خێڵە جەرمانیەکان شاری ڕۆمایان داگیر کرد کە پایتەختی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی بوو، دەسەڵاتیان گرتە دەست بەڵام نەیانتوانی زمان و فەرهەنگیان بە سەردا بسەپێنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، چونکە زمان و فەرهەنگەکەیان لە چاو ڕۆمانەوە لاواز بوو. قسەیەکی لەو بارەیەوە هەیە و لە زەینمدا ماوە: «لەرزی مێژوو گرتبوونی و لە ناو ڕۆمانیدا کەوتبوون». خۆ ئەگەر هێزی باوەڕی ئیسلاممان خستە سەر کەلەپووری عارەب و زمانی عارەبی، قسەی ئەو مامۆستا نەمرە دەبێتە

سەرەتایەکی باش بۆ ئەوەی باوەڕ بێنین ئەگەر تەمەنی عوسمانیەکان درێژتر بوایە تا ئەو دەمەی عارەب دەسەڵاتی کۆنی خۆیان بە دەست بهێنایەتەوە، مێژوو خۆی دووبارە دەکردەوە. شتێکی وەک توانەوەی جەرمانی لە ڕۆمانیدا، لە کاتی لاوازبوونی عارەبدا ڕووی نەدا و شتێکی لەو بابەتە، توانەوەی تورک و فارس لە عارەبدا، لە سەردەمی عەباسیەکاندا ڕووی دا ئەگەرچی بە سەریدا زاڵیش ببوون. دووریی سوڵتانی عوسمانی لە وڵاتێ عارەبانەوە جۆرە پارێزگارییەک بوو بۆ ئەوەی نەتوێتەوە و ئەوەش هاشا هەڵناگرێ.

هۆی دووەم ئەوەیە زمان و کەلەپووری نەتەوایەتی عوسمانییەکان لە بناغە و بنەما و سروشتەوە جیاوازی لەگەڵ کەلەپووری سامیدا بە گشتی و عارەبیدا بە تایبەتی هەبووە چونکە عارەبی زۆر بەهێز بوو و بۆ ترکی دراوسێی عارەب زەحمەت بوو ڕێڕەوی دوورودرێژی عارەبی بە ڕاستی بگرێ ئەوەش لە بەر ڕوونی عارەبی و شیکردنەوە و ڕەوانبێژی قورئان، هەندێ لەو تورکانەی کە لە ناو عارەبدا ژیان، توانەوە و سەرچاوەی خۆیان لەبیر کرد. جیاوازی کەلەپوور، لە دوو ڕووەوە کاریگەریی گردەبڕی هەبوو: لێنەگەڕا حوکمکراو لە ناو دەسەڵاتداردا بتوێتەوە و لێنەگەڕا دەسەڵاتدار لە ناو حوکمکراودا بتوێتەوە. ئەوەی بە سەر جەرمانیدا هات، بە سەر تورکدا نەهات.

بەڵام کەلەپووری ئێرانی کە سەرچاوەکەی ئاڤێستا و زمانەکەی بوو، پشتی چۆڵ بوو و کەس نەبوو بیپارێزێ و بیگرێتە خۆی. وەک گەلێکی بێ پەرژین هەرچی دەهات خۆی پێدا دەکرد. هیچ سەیر نییە فارسی دەستی بە سەر کەلەپووری هەموو ئێراندا گرتبێ، لە دەسەڵاتی ئەخمینییەوە تا دەگاتە ئەو دەمەی ئەسکەندەر بە سەریاندا زاڵ بوو و دوای ڕووخانی ماد و گەیشتنی ئەوان بە دەسەڵات، کەس نەبوو بۆ

خۆی پارێزگاری لە ئاڤێستا بکا. ئەوەش سەیر نییە پەهلەوی، دوای شکستی سلوکیەکان بەرانبەر ئەشکانیەکان کە خاوەنی پەهلەوی و بەرۆگری ئاڤێستا بوون دەستی بە سەر کەلەپووری ئێراندا گرت و جگە لە ئەشکانیەکان کەس لە ئارادا نەبوو. دوای ئەوەی فارسە ساسانیەکان ئەشکانیەکانیان ڕووخاند، ئەوەش سەیر نییە فارسی دەستی بە سەر کەلەپووری هەموو ئێراندا گرتبێ چونکە کەس نەبوو ململانێی دەسەڵاتیان لەگەڵدا بکا. دوای هاتنی ئیسلام، جارێکی دی هەر لە سەر کەلاوەی ساسانیەکان، کەلەپووری ئێران هەر بە تەشیی فارسی ڕێسرایەوە و هۆیەکەش وەک خۆر ئاشکرایە، ئەوەش ئەوەیە هیچ میللەتێکی ئێرانی جگە لە فارسی و پەهلەوی دەستەخوشکی، خاوەنی ڕۆشنبیری و نووسین نەبوو تا بەرەنگاری فارسی ببێتەوە. پەهلەوی بۆ خۆشی لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا 400 ساڵ بوو سەر بە فارسی بوو و بە هیچ چەقێکی دەسەڵاتی دەوروبەر پشتئەستوور نەبوو، بەڵکو لە ڕووبەرێکی بەرفرەواندا، کە هەمووی لە ژێر دەسەڵاتی فارسیدا وەک زمانی دووەمی دەسەڵات بێ خاوەن بوو. ڕێی تێ نەدەچوو لە پاشماوەی ئێراندا شان لە شانی فارسی بدا. خوراسانیش کە بێشکەی ڕەسەنی پەهلەوی بوو، ببووە ستانێکی فارسی، و پەهلەویش چ هیوایەکی نەمابوو. ڕەنگە گەلی کورد و لەگەڵیشیدا بلوج کە لە ڕۆژاوای ئێرانەوە چووبوونە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات (ئەمە نێزیکایەتی لە کوردییەوە ڕوون دەکاتەوە)، ئەوجا هەندێ کەرت و پارچەی پەرشوبڵاوی زمانی تر لێرە و لەوێ مابوونەوە کە لە توانەوە لە ناو فارسیدا دەرباز ببوون. سەیریش نییە زۆربەی زۆری مێژوونووسانی عارەب و ناعارەبی سەردەمە جیاوازەکانی ئیسلام هەموو ئێران بە فارسی دابنێن و ناوهێنانی کورد ماوەیەک دوای هاتنی ئیسلام کەوتەوە،

ئەوەش ئەو دەمەی کە تەمــــی فارســــی ساســــانی لە ســـەر نــــاوچە نافارسەکانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ئێران ڕەوییەوە. ئەوەش سەیر نییە دواتـر تـورک ببینین بەرەو ئەدەبی فارسی دایبشکێنن تا ئەو ئاستەی ئەدیبێکی تـورک نابینین لە سەردەمی عوسـمانیدا دەستی لە ئەدەبی فارسیدا نەبووبێ یا بە لای کەمەوە ئاگاداری نەبووبێ لە کاتێکدا بە دەگمەن فـارس هەبـوو بەرەو ئەدەبی تـورکی دایشـکاندبێ هەرچەنـدە تەرازووی هێزی عوسمانیەکانیش قورستر بوو، ئەوەش لە بەر ئەوە بوو ئەدەبی نـوێی فارسی ڕەگی قـووڵ بـوو و تەمەنێکی درێـژی نیـزیکەی چوارده سەدەی لە پشتەوە بوو ئەوجا تورک پێی ئاشنا بوون. هەروەها لە سای کەلەپووری ئیسلامی عارەبیدا پتر گەشەی کردبوو و پەرەی سەندبوو، ئەوەش بە پێی قسەی هەندێ لە شارەزایانی مێژوو کە لێم خوێندوونەتەوە. فارسی تـازە ئەگەر بە کەلەپـووری فارسـی نـاوەنجی بپێـورێ، بەو کیـژە گونـدییە دەچـێ چـووبێتە پـاریس و بە دەسـتی «کەوافیر» و بادیکیر و مانیکیر ڕازێندرابێتەوە. خۆ ئەگەر هەرچی هێـز و جوانی لە فارسی کۆندا هەیە کۆ بکرێتەوە ناگاتە دوو بەیتی شانامە یا «زمانی غەیب»ی حافزی شیرازی. لەوەدا مەودای بەراوردکاری نییە لە نێوان پەرەسەندنی سەرەتای فارسی و ئەوەی لەو دوادواییەدا ڕووی دا، لەگەڵ عارەبیدا کە دواتر لە دوای ئیسلامدا بووە زمانی ئەدەب و زانسـت. عـارەبی لە سـەردەمی جاهیلیشـدا، لە بـواری هێـز و جوانیـدا دەسـتەپاچە نەبــووە و شــاعیر و ئەدیبــان هەوڵیــان دەدا شانبەشــانی ڕەسـەنایەتی عـارەبی هەنگـاو بنێن و بەرەو زمـانی پـاکژی بـادیە کە چ وشەی عەجەمی تێدا نەبووە، بگەڕێنەوە. قورئانیش کە لە نێوان ئێمە و جاهیلیدا لەلەیە و لێمانەوە نیزیکە، تا نووسینی ئەم بابەتە لە لوتکەی ڕەوانی و ڕەوانبێژیدایە و هەر واش دەمێنێتەوە.

لەم بۆچــوونەوە لە بــارەی خەیــاڵکردنەوە لە جــوانی فارســی تــازە و بێگەردیی عارەبی بە کۆن و نوێیەوە، پێش دە ساڵ بە کوردی نووسیومە کە شاعیرەکانمان لە کوردستانی عیراق و ئێراندا، کاتێ بەر لە 160 ساڵ لە سەر سەکۆی فەرەزدەق و موتەنەبی و ئیبن فارز و سەعدی و حافز و نیـزامییەوە دەسـتیان کـرد بە نەزمـی کـوردی، بازێکیـان دا ئەگەر لە ئاسـتی سـفرەوە ئەو بازەیـان دابـا، نەدەگەیشـتنە ئەو جێـیەی کە پێـی گەیشتن. ئەوەشی کە نابێ لەم بوارەدا لە بیـری بکەیـن کە پێداویستی هێنــاویەتیە پــێش ئەوەیە کە هەرگیــز شــاعیر و نووســەری عــارەب پێویستیان بەوە نەبووە پەنا بۆ هونەری کەشکەشە و نەمنەمەی شیعری فارسی بەرن، لەبەر ئەوەی زمانی خۆیان ئەوەنـدەی کەرەسە تێـدا بـووە پەنا بۆ خواسـتنەوە نەبەن بەڵکو هەمـوو دەرچوونێـک لە پێوانەی هێـز و جوانیی لە لایان، لادان بـووە لە جـوانی و ڕەوانبێـژی. لێـرەدا جیاوازی لە نێوان دەسەڵاتداری هەژاری عوسـمانی و عـارەبی بندەستەی دەوڵەمەنـد لە بــواری کەلەپــووردا دەردەکەوێ، لەگەڵ جیــاوازی هەڵوێســـتیاندا بەرانبەر کەلەپووری فارسی.

پێم وا نییە پێویست بە درێژەپێدان بکا چونکە ئەوەی گوترا بەشـی ئەوە دەکا بمانگەیەنێتە یەقین و هەوڵیش لەگەڵ ئەوانەدا کە نایانەوێ بـاوەڕ بێنن، دەبێتە کوتانەوەی ئاسنی سارد، بەڵام لە سـەرمە شتێ زیاد بـکەم تا ئەو بڕوبیانووانە بڕەوێنمەوە کە ڕەنگە بێنە پێش. دەگوترێ فارسی لە لایەن قەڵەمبەدەســتانی کــوردەوە بەکــار هێنــدراوە، هەر لەوانەوە کە دەنگیـان پێمـان گەیشـتووە تـا ئەو میـرزایەی بە دەفـتەری دەسـتیەوە دەگەڕا و نـامەی بــۆ ئەم و ئەو بە فارسـی دەنووسـی، تـا دەگـاتە ئەو دەمەی کە بەتەمەنەکانمــان لە بیریــانە. ئەوە قســـەیەکی ڕاســـتە و هۆیەکەشـی لە یەک ئاڕاسـتە زیـاترە: هـۆی یەکەم ئەوەیە کە نەتەوەی

کورد هەرگیز نووسینی نەبووە و قوتابخانەشی نەبووە تا فێری نووسینی کوردی بکا و بیریشی لەوە نەکردۆتەوە بە کوردی بنووسێ، بەڵکو بە هۆی کلۆڵییە ئەزەلییەکەیەوە بیری لەوە نەکردۆتەوە نەبوونی نووسینی کوردی کەمایەتییە... من خەڵکانێکم لە بیرن بە بیریاندا نەدەهات بە کوردی بنووسرێ یا بخوێندرێ و لەوەش زیاتر لە سەر بڕیاردانی زەلیلبوون دەڕۆم کە بە سەرماندا سەپاوە و قسەیەک لە سەر سووککردنی زمانەکەی خۆیاندا دەگوازمەوە کە بە فارسی دەیانگوتەوە و نەفامانی کورد دەیانجووەوە: فارسی شەکرە و عارەبی زمانی پێغەمبەرە و تورکی فەزیلەیە و کوردی ڕەزیلەیە (وشەکە لە ڕەزیلە قورسترە بەڵام بە وشەیەکی سووکتر گۆڕیم) هیچ گومانم نییە کە یەکەم کەس ئەو شەکرانەی شکاندووە یەکێ بووە لەو کوردانەی هەستی زەلیلی و چرووکی گەیشتۆتە بنەبانی هەستی و خەریکە لۆمەی ئەو جۆرە کەسانە نەکەم. زانا و دانا، محەمەد ئیبن ئادەم پەراوێزێکی بۆ نامەیەکی خۆی لە بارەی چارەسەری ئیبن کەمالەوە و لە سەر شیکردنەوەی «لا تخشون» لە یەکێ لە مانگەکانی 1205دا نووسیوە و دەڵێ: سەیر لەوەدایە بیستوومە لە سەر دیباجە کوردیەکە قسەیان پێ گوتووم و بەوەش مەسەلە کوردییەکە لە سەریان دەسەپێ کە دەڵێ «وەک هێلکەیەکی لە توێکڵی خۆی دەرچووبێ». ئەوەی وەک شایەدییەک لە سەر کارەساتی خۆ بەکەم زانینی ئەوانە گوتووە شەرمەزارییان لەوەدا دیوە بە زمانی خۆیان بنووسن. بەڵام من لایەنگری لۆمەکردنیان نیم ئەوەش بە هۆی ئەو هەستە شاردراوەوە کە ماوەی بیستوسێ سەدە هەستیان بە جیاوازیی خۆیان کردووە تا ئەو ڕۆژەی ئیبن ئادەم پەراوێزەکەی نووسیوە. جگە لەوەش، ئەوانەی نامەیان دەنووسی و دەفتەر بە دەست بوون، لە شارێکدا ژمارەیان لە ژمارەی پەنجەی

دەست تێپەڕی نەدەکرد. ئەگەر بە کوردی بیاننوسیبا یا بە زمانی واقواق هیچ نەدەگۆڕا و کەس لەو سەردەمەدا بیری لەوە نەکردۆتەوە ئاخۆ ئەوانە چی دەنووسن و بە چ زمانێک دەنووسن. بەڵام زانا ئاینییەکان وانەی عارەبییان بە شەرحی کوردی دەگوتەوە و کەمیان هەبوو فارسییان زانیبێ چونکە لە بابەتی ڕۆشنبیرییانەوە دوور بوو. تەنانەت ئیبن ئادەمی زانا دەنووسێ و دەڵێ کە خۆی بۆ فێربوونی فارسی ئامادە کرد (بۆ تەواوکردنی کەرەسەی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە) چووە هەندێ شوێنی ئێران و لەوێ نیشتەجێ بوو تا فێری بوو. دیارە لەو ناوچەیەدا کەسی دەست نەکەوتووە لەو ئاستەدا بێ فێری بکا بۆیە دەربەدەری پێ باشتر بووە. ئیبن ئادەم لەو بوارەدا بێ وێنەیە دەنا خەڵکی تر، ئەوەندەی پێی بزانین، ئەو هەوڵەیان نەداوە.

شاعیرەکانیش، لەوەتەی شیعری کوردی هەیە، بە کوردی نووسیویانە و کەمێکیان نەبێ کە بە فارسی و عارەبی و تورکی، لێرە و لەوێ نووسیویانە، ئەگەر هەموویان کۆ بکەینەوە سەنگێکی ئەوتۆیان بەرانبەر ئەو شیعرانە نابێ کە بە کوردی لە دیوانەکاندا نووسراوون.

ئەوەندەی پێی بزانین کۆنترین شیعری کوردی هی بابە تاهیری هەمەدانییە کە بە عوریان ناسراوە. خاوەنی «تاریخ زبان فارسی» لە لە لاپەڕە 38ی بەشی سێیەمدا لە «معجم البلدان»ەوە ئەوە دەگوازێتەوە کە «نەوشیروان بەغدادی» ناوی شاعیرێکی کوردی سەدەی پێنجەمی هیجرییە و بە شیعرێکەوە ناوی دەرچووە و بە شەیتانی عیراق ناسراوە، بەڵام بەرچاوم نەکەوتووە. عەلی حەریری دەدرێتە پاڵ سەدەی یانزە و دوای ئەو فەقێی تەیران (1307 ـ 1375 ز) ئەوجا مەلای جەزیری (1408 ـ 1481ی ز) و دوای ئەویش ئەحمەدی خانی (1640 ـ 1706ی ز) و هی دی کە ناویان زۆر بڵاو نییە.

سەرچاوەکان ئەوەش دەگێڕنەوە کە کتێبێک بەر لە هەزار ساڵ، لە سەر دەرهێنانی ئاو بە کوردی هەبووە کە ئیبن وەحشیە دایناوە، ئەمەش کۆنترین نووسراوی کوردییە کە بەر گوێمان بکەوێ. ئەوجا هیچ لە بارەی پەخشانەوە نابیستین تا ساڵی 1000ی کۆچی کە عەلی ترماخی کتێبێک بە کوردی لە سەر زمانی عارەبی دادەنێ. لە پەخشاندا «عەقیدەنامەی کوردی» هەیە کە زیائەددین مەولانا خالیدی شارەزووری (1193 ـ 1242ی کۆچی، 1779 ـ 1828ز) دایناوە. شیعری بە عارەبی و فارسی هەیە و هەمووشی سۆفیگەرییە و هەندێکیشی لەو بارەیەوە بە کوردین. «ئیبن ئەلحاج»یش شیعری کوردی لە سەر باوەڕ هەیە و ناوی «مەهدینامە»یە و ساڵی 1176 کۆچی دایناوە.

شێخ مارفی نۆدی شیعری ئایینی بە عارەبی نووسیوە و زۆربەی پێداهەڵدانە. قامووسێکی عارەبی ـ کوردیشی بە شیعری کوردی نووسیوە ناوی ناوە «ئەحمەدی» ئەوەش بە ناوی «ئەحمەد»ی کوڕیەوە کە دواتر لە تەریقەتی قادریدا تاقانەی سەردەمی خۆی بوو و بە «کاک ئەحمەد» ناوی دەرچوو و لە هەندێ هۆسەی خەڵکی باشوور باس دەکرا و دەیانگوت «ثلثه لکاک احمد و اکراده ـ سێیەکی بۆ کاک ئەحمەد و کوردەکانی». شێخ مارفیش هاوسەردەمی مەولانا خالید بووە و لە هەردوو سەدەی دوانزە و سیانزەی کۆچیدا ژیاوە.

بەڵام شیعری کوردی کە بەو دواییانە لە دیواندا بڵاو بوونەوە، لە بواری سۆز و هەست و وەسف و شتی لەو بابەتانە بوو و دوایی شاعیرەکان لە کوردستانی عیراقدا و لە سەردەمی عەبدولڕەحمان پاشای باباندا کە ساڵی 1228ی کۆچی کۆچی دوایی کرد خزانە ناو کاروباری دنیاوە. هەر لە سەردەمی ئەودا نالی و سالم و مستەفا بەگی ساحێبقڕان کە نازناوی «کوردی» بوو و کەمێ لە دوای دووەکەی ترەوە بوو

دەرکەوتن، ئەوجا حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و زۆری تر پەیدا بوون. ئەوەم پێ سەیرە تا نەزمی کوردی بڵاو نەبووەوە، شاعیرانی وەهای کورد دەرنەکەوتن دیوانیان هەبێ و یەک دوو بەیت یا یەک دوو شیعر لە سەرجەمی ناوچەکەدا جێی هیچ ناگرێتەوە و لە هیچ زەمانێکدا گۆڕانکاری ناکا. ئەوەش دەلالەتێکی قووڵ لەوە دەکا کە بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵاتی شێخ مەحموود لە سلێمانی لە سەرەتای بیستەکاندا، لە یەکەم ڕۆژیەوە بە کوردی دەستی پێ کرد و ڕۆژنامەکەی و تەنانەت نامە تایبەتیەکانی شێخ مەحموود لەو سەردەمەدا و نامەی خەڵکی تریش بە گشتی بە کوردی دەنووسران و سمایل ئاغای شکاکیش کە نازناوی «سمکۆ»ی هەبوو لە ورمێ ـ دواتر ڕەزاییە و دیسان ورمێ، کە جیهادی نەتەوایەتی کرد و دوایی وەک هەمیشە بە کوشتنی کۆتایی هات، ڕۆژنامەکەی، کە بیری خۆی تێدا بڵاو دەکردەوە، بە کوردی بوو.

دیاردەی نەبوونی نووسینی کوردی لە سەردەمانێکدا کە نەتەوەکانی تێدا لەناودەچوون، لە پەیوەندییە فەرهەنگییەکاندا کێشەی بۆ بەجێ هێشتوین و ئێستاش بە دەست ئەو کێشانەوە دەناڵێنین و ئەوەندەش گەورەن مەودای ئەوە نادەن کورد لە داهێنانی کێشەدا ئەویندار خۆی بکا. زۆر بە لامەوە ناخۆش بووە کە دیومە لە گۆڤارێکی کوردیدا وشەیان لە نووسینمدا لابردووە یا گۆڕیوە چونکە گومانیان کردووە فارسی بووبێ و ئەو ترسەشیان بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە گوتەگوت لە سەر وشەی لەو بابەتەی نووسەری تر هەبووە. من هەر بە سروشتی خۆم لایەنگری ئەوە نیم دەسبەرداری وشەی باو بم چونکە هەموو وشەیەکی بەربڵاو لە سەر زاری خەڵکی کورد لە لایەن منەوە بەخێرهاتن دەکرێ و دوو شت نەبێ هیچیان جیا ناکەمەوە: یەکەمیان ئەوەیە ئاوازەکەی

کوردی نەبێ و لە قوڕگدا توند و تیژ بێ. ئەوی تریشیان ئەوەیە لە ئاخاوتنی کوردیدا بتفێندرێتەوە، خۆم لەوەشیان لادەدەم با کوردیش بێ. ئەوەی تەماشای قامووسە عارەبییەکان بکا دەبینێ قامووسی زمانی هەندێ زمانی تری لەخۆ گرتووە و هەندێکیان بە ڕەو کۆچیان کردووە و نەماون. هەر وشەیەکی لە ئاڤێستادا هەبێ کوردیە و بوونی لە ئاڤێستادا بەڵگەیە بۆ ڕەسەنایەتی ئەو وشە کوردییە و بە بێ هیچ دەمەتەقێیەک پێی دەچێ، جا لە زمانە ئێرانیەکانی تردا دەرکەوتبێ یا دەرنەکەوتبێ.

بۆ ڕەواندنەوەی گومان و نموونە لە سەر ئەوەی کە گوتم، کورد دوو وشەی بۆ «ڕەش» هەیە. بەشێکی کورد «ڕەش» بەکار دێنێ و کەس نازانێ سەرچاوەی چییە و کەنگێ و چۆن پەیدا بووە. بەشێکیشی «سیا» بە کار دێنێ و وشەی تر لە جێیدا نازانێ. ئەم «سیا»یە لە «سیاه»ی فارسییەوە نێزیکە و ئەوەش سەیر نییە چونکە لە ئاڤێستادا هەیە و لە کوردیدا لە «ڕەش» ڕەسەنترە. ئەوەی جێی داخیشەماڵی خۆمان لە ناو ماڵاندا بە سەر ناکەینەوە... ئەمە دەڵێم چونکە زۆر لەوانەی «ڕەش» بەکار دێنن نازانن سیا کوردییە و لە کوردیدا ڕەگی ئەوەندە قووڵە، لە هیچ زمانێکی تردا وا نییە، ئەوەش بە هۆی بوونیەوە لە ئاڤێستادا و ئەم پەیوەندییەش بۆ کوردبوونی ئەو وشەیە بەسە.

ئەوانەی سیا بەکار دێنن، ماڵیان ئاوا بێ دەسبەرداری نەبوونە و «سیایی»شیان لێ داتاشیوە کە لستەی کڕین و فرۆشتنی بابەت دەگەیەنێ. فارسەکان بەو واتایە «سیاهە» بەکار دێنن و لەو داتاشینەدا لە کوردی جیا دەبنەوە و با هەر وا بکەن. ئەگەر ئێمە دەسبەرداری «سیایی» بین وشەیەکی تر نابینین جێگای پڕ بکاتەوە، چونکە لە «ڕەش» هیچمان بەو واتایە دانەتاشیوە و هۆیەکەش ئەوەیە کە وشەیەکی تازەیە و دوور نییە پەیوەندی بە «ڕەژوو»وەوە هەبێ

چونکه وشەکە، ناوەکە و واتاکە لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە. بەڵام تەمەنی وشەکەی دی بۆ سەردەمی ئاڤێستا دەگەڕێتەوە کە دووهەزار و شەشسەد ساڵە و چەند سەدەیەک پێشتریش کە سەرەتاکەی نازانین بەڵام لە سێ هەزار ساڵ پترە. خۆ ئەگەر کوردێک لە ترسی تەڵەی فارسی بتوانێ واز لە «سیا و سیایی» بێنێ، دەتوانێ سبەی وامان لێ بکا دەسبەرداری لووتمان بین تا جیاوازیمان لەگەڵ فارسدا زیاتر بێ و ئەوجا سامانی نوکتەی میللەتان دەوڵەمەندتر دەبێ و «کوردەکە! کوا کەپووت؟»یش دەچێتە سەر «کوردەکە! کوا گوێچکەت؟»... لاحەولەوەلا...

کڕنۆشبردن لە دەرباری سوڵتاندا داهێنانێک نییە بە تایبەتی کورد یا غەیرە کورد دایهێنابێ، بەڵکو یەکێکە لە خەسڵەتەکانی دەروون و جۆرێکە لە خۆبەستنەوە بە مانەوە جا ئەگەر بۆ بەدەستهێنانی سوود و دەسکەوت بێ یا ڕەواندنەوەی مەترسی. لەگەڵ ئەو بەڵگەنەویستە باوەدا کە لە خوێنماندایە لە ناو شاعیران و نووسەرانی پاشاکاندا یەک کورد نابینین و نەمانبیستووە هیچ یەکێ لە زانا گەورەکانی کورد بیانووی بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی هێنابێتەوە. ئەوەش ناڵێم ئەوە بە هۆی نەفسبەرزی کوردەوە بووە و میللەتانی تر لە خۆتێهەڵسووندا وا نەبوون، بەڵکو بە هۆی لووتبەرزی شایەکانەوە بووە لە داڵدەنەدانی کورد و هەروەها کەمیی ڕۆڵیان و دووریی مەودای نێوانیان. ئەگەر ئەدیبێکی کورد یا ناکورد بڵێ کورد خۆی لەوە بە گەورەتر زانیوە لە بەر تەماحی سوڵتان و شایەکان نەرم بێ تا دەسکەوتی لێیان دەسکەوێ، ئەوە دەگوترێ کە »ڕێوی دەمی بە پەرسیلە نەدەگەیشت دەیگوت ترشە«. بەڵام باسی زانایان شتێکی ترە و لە پەرسیلەدا سنووردار ناکرێ چونکە ئەوانەی خۆیان لە شایەکان شاردەوە لە ڕووی باوەڕەوە ئەوەیان کرد و

باپیره گەورەی بنەماڵەی حەیدەری و مەلا ئەفەندی هەولێر بە هۆی سوور بوونی شا ئیسماعیلی سەفەوییەوە بۆ گۆڕینی مەزەبیان، خۆیان لە ماڵ و حاڵی خۆیان داماڵاند و کوردستانی ئێرانیان بەجێ هێشت و ویژدانی خۆیانیان دەرباز کرد. ئەوەی ئەوان کردیان سەیر نەبوو چونکە پێمان سەیر نییە مرۆڤی نیەتڕاست لە سەر مەزەبێکی سیاسی وا سوور بێ کە نە پەرستراوی تێدا بێ نە بەهەشت و نە ئاگر. لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستدا کارەساتەکە دووبارە دەبێتەوە و لاپەڕەیەکی تری چارەنووسی کورد بە هەڵواسینی قازی محەمەد و خەڵکی تر لە خزمەکانی لە گۆڕەپانی «چلچرا ـ چوارچرا ح.ک»ی مەهاباد دادەخرێتەوە و ئەوانیش دەبنە قوربانی خۆ هەڵواسینیان بە ڕیشووی مانەوەی نەتەوایەتییەوە. قازییش نووکی ئایینی بنەماڵەیەکی گەورە بوو لە کوردستانی ئێراندا کە سەرکردایەتی بزووتنەوەی داخوازی مانەوەی دەکرد و لاوانی خوێنگەرم و کوردی خاوەن کەرامەت بەشدارییان تێدا کرد و بە دەم ددانی مشاری مێژووەوە هەڵوەرین.

باسی مامەحەمەیی لە دەرباردا، دەرگایەک لە سەر هەندێ ڕووداوی زمان دەکاتەوە و ڕەنگە زانینی سەرچاوەی وشەیەکی بەکارهێندراو لە نێوان دوو نەتەوەی ڕەگەزجیادا بە زەحمەت بناسرێتەوە. ئەو پێوانەکاریانەی خەڵکی سەر بە وشە پەنای بۆ دەبەن ئەوەیە لە گۆشەی دەسەڵات و ملکەچییەوە بڕوانن چونکە زۆر جار، هەر ئەوەش چاوەڕوان دەکرێ، کە وشە لە سەرەوە بەرەو خوار، واتە لە دەسەڵاتەوە بەرەو ژێردەستە و لە سەرکەوتووەوە بەرەو دۆڕاو دادەبەزێ. لە بواری پەیوەندی نێوان عارەب و فارسدا، سەرکەوتنی چەندین سەدەی دوور و درێژی هەخامەنشی و پارتیەکان و ساسانیەکان بە سەر عیراقدا بۆتە جێی باوەڕی ئەوەی کە وشەی ئێرانی بۆ عیراقی سامی گوازراونەتەوە.

زانا زمانەوانەکانی ئیسلام زۆربەی ئەو وشە هاوبەشانەیان ژماردوون کە لە نێوان فارسی و عارەبیدا هەن و بە پێوانە و دەستووری عارەبییان لەگەڵدا ناکرێ لە بواری شیکردنەوە و خواستنەوەدا ئەوەش بە پێی یاسای دابەزین لە سەرەوەڕا. کاتێ هۆش لە سەردەمی ئێمەدا و لە هەموو بوارەکانی دید و پیوانەکاری تازەبابەتی پێوانە و ئەنجامگیری و توێژینەوە لە بواری زماندا کرایەوە، دەرکەوت زۆر لەو وشانەی کەلە سەر فارسی حسێب دەکران لە بنەڕەتدا بابلی یا ئەکەدی یا ئاشوورین و هەندێکیان سۆمەرین و مامۆستا تاها باقری خوالێخۆشبوو کتێبێکی لە سەر ئەو وشانە نووسی ـ ڕەنگە نەختێ بەرفرەوانی تێدا کردبێ ـ سەرچاوە نافارسیەکانیان و ڕەچەڵەکیانی ئاشکرا کردووە. ئاشکرایە بوونی سەرچاوەی ئەو وشانە لە ئەکەدی و بابلیدا بەڵگەیەکی نوێیە بۆ گواستنەوەی وشە بە ئاڕاستەی سەرەو خوار و جیاوازی تەرازووی هێز لە نێوان فارسی لاواز لە سەرەتادا لەگەڵ شارستانەتی ڕەگداکوتاوی عیراقی ئەو سەردەمانەی سامی و سۆمەریدا ئاشکرایە. لە لاپەڕە 204 و 205ی بەشی یەکەمی کتێبی «تاریخ زبان فارسی»ی ناوبراودا ئەوە دەخوێنینەوە: ئەو کاروبارانەی بە بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵاتی سەردەمی هەخامەنشییەوە وابەستە بوون، بە ئارامی دەنووسران و هەندێ بەڵگەنامەی بەڕێوەبەرایەتی ئەو سەردەمە کە دەست کەوتن، بە ئارامی لە سەر پێست نووسرابوون و هی کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەمی پێش زایین بوون، هەروەها لە کۆشکی شاهانشای هەخامەنشی لە تەختی جەمشید نێزیکەی سیی هەزار لەوحە قوڕ دۆزرانەوە کە بە زمانی عیلامی نووسرابوون، ئەوەش بەوە لێکدەدرێتەوە کە دەسەڵاتداری هەخامەنشی لە سەرەتاوە و تا ماوەیەکی دوور و درێژ توانایەکی ئەوتۆی نەبووە ژمارەیەکی وا لە نووسەرانی فارسی کۆن کۆ بکاتەوە بەڵگەنامە

ئیمپراتۆریەکان تۆمار بکەن کە لە ماوەیەکی کورتی سەرسوڕهێنەردا پەرەی سەند، لە بەر ئەوە بە ناچاری پەنایان بۆ نووسەرانی میللەتانی دی برد کە لەو بوارەدا شارەزاییان هەبوو. تا دوای قادسیەی یەکەم کە زەمان گۆڕا و باروودۆخ تێکچوو و کەلەپووری قورئان هەرچی کەلەپوورێکی کۆن هەبوو و هاتە پێشی ڕایماڵی. دەبینین فارسی شانازی بەو وشانەوە دەکا کە چوونەتە ناو فارسییەوە و تەنانەت عارەب بەخۆشیان بە دەگمەن بەکاریان دەهێنا و لەم سەردەمەدا و لە وێستگەی بەنزینی فارسی لافیتە دەخوێنینەوە لێی نووسراوە: استعمال دخانیات اکیدا ممنوع است.

زمانی کوردیش لەو بوارەدا وەک زمانەکانی ترە و ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو وشە عارەبییانەی تێکەوتن کە پەیوەندییان بە باوەڕ و خواپەرستی و زانستی ئیسلام و سەرجەم ڕۆشنبیرییەوە هەیە و بەکارهێنانیان بۆ کەس کەمایەتی نییە بۆ ئەوانە نەبێ بەرەنگاری باو دەبنەوە. خۆشبەختانە لە هەندێ ڕووی بەختەوە، فەرهەنگی کوردی لەو دەمەوە کە لە زەردەشتی جیا بووەوە و بە هۆی دوورییەوە لە چەقی دەسەڵات و شارستانەتیەوە و بەر لەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە فارسییەوە هەبێ، لە ئەنجامدا قاموسی ئەو وشانەی لە دەست دا کە پەیوەندییان بە ئایینە کۆنەکەیانەوە هەبوو و ئەگەر وشەی وەک athaurva و rathashta و vastyo fshuyas بدەینە بەر بای گوێی ڕۆشنبیری کورد، لە خەونیشدا نازانێ ئەوانە سێ چینی کۆمەڵگان و لە ئاڤێستادا هاتوون و مەبەستیش ڕۆحانی و سەرباز و وەرزێرە و وشەی «ئەرتەش»ی فارسی کە سەربازی دەگەیەنی، سەرەتاکەی وشەی دووەمە و سێیەمیش سەرەتای «کشاورز»ی فارسیە کە دەکاتە وەرزێر. بەڵام یەکەمیان، ئاشکرایە لەوەوە هاتووە کە لە سەرەتای ئەم

باسەدا باسمان کرد، haurva کە واتای «تەواو - کامیل» دەدا و هەمان «ئیرۆ»ی کوردییە. ئەو وشانە لە ئاڤێستای تازەدا هەن بەڵام «gatha» کە کۆنترین بەشی ئاڤێستایە، بە شێوەیەکی دی هاتووە و زیاتر جێی ئەوەیە کورد بە زمانەکەی خۆی ڕازی بێ، چونکە وشەی یەکەم «airyama» بە واتای هاوڕێ، هەڤاڵ و هەمان وشەی «یار»ی کوردی نوێیە. دووەمیش «awetush - خڤەئیتوش» بوو بە واتای «ئەندامی دەستە» و وەختە هاوتای «خۆیەتی» بێ بە هەمان واتا و دووەمیش verezeno ڤەرەزەنو بە واتای «وەرزێر»ی کوردی بە دەنگ و واتاوە. وشەی gatha خۆی لە بنەڕەتدا دوعا و نزا دەگەیەنێ و لە شێوەزاری عەشرەتی دزەیی دەوروبەری مەخمووردا بۆتە «گاس» بە واتای بانگکردن و «ث» لە کوردیدا بزر بووە و وەرگەڕا و ئەگەر کورد gatha بخوێنێتەوە دەیکاتە «گاسا». ئەوەندەی من بزانم دەنگی «ث» لە وڵاتی کورددا تەنها لە ناوچەی هەورامانـدا ماوەتەوە. لە بارەی ئەم وشانەوە بگەڕێوە بۆ «مزدیسنا و ادب پارسی ل 178، 179» بەڵام دەرهێنانی شێوەکانیان سەرنجی خۆمن.

ئەوە هەندێ بوو لە لایەن و پەراوێزی پەیوەندی نێوان کوردی و ناکوردی زمانە ئێرانیەکان بە فارسییەوە، لەگەڵ کەمێ لە پەیوەندییە جەوهەرییەکانی نێوانیان و ئەگەر لێکۆڵەرەوەیەک بە قووڵیی و فرەوانی ورد بێتەوە سەرنج و هەواڵ و وانەی سەیر و سەمەرەی زۆر دەست دەکەون و هەموویان گومان دەڕەوێننەوە و خەیاڵ ئاشکرا دەکەن: کوشندەترین شت لە مێژووی کورددا ئەوەیە دەربازبوونی زمانەکەی لە چنگی فارسی بە نرخی چارەنووس ئەنجام درا کە 25 یا 26 سەدە درێژەی کێشا. ئەمڕۆش کوشندەترین شتی زمانەکەی ئەوەیە بێتاوانیەکەی لە تۆمەت بە پاککردنەوەیەک بێ کە لە ڕاستیدا

کەوڵکردنێتی و بەوەش کورد بە هەوەسی خۆی تەرمی زمانەکەی خۆی
دەداتە فارسی و لەوە خاترجەمی دەکا کە بە درێژایی مێژوو نەیتوانیوە
کوردی سەربڕێ.

دوای ئەوەی هەندێ مەسەلەی ئاڤێستا و زمانی فارسی باس کران، قسەکردن لە بارەی پەهلەوییەوە توێشەبەرەی کەممەسرەفتر دەبێ چونکە لە توێی قسەکانماندا باس و ئاماژە بۆ پەهلەوی هەبوون.

ئەوەی لە بارەی ئەو زمانەوە نەگۆڕە، ناوەکەیەتی کە لە سەرچاوەی کۆنترەوە هاتووە و لە نووسینی فارسی کۆندا بە شێوەی «پرتو - پەرتەوە» بە ناوچەی خوراسانی ئەمرۆ گوتراوە، کە کەوتۆتە باشووری خۆرهەلاتی ولاتی فارسەوە و ئەوەش ئەو خاکەیە کە حکوومەتی ئەشکانی لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی پێش زاین تێیدا وەک زلهێزێک ڕسکا و سلوکیەکانی تێکشکاند. ئاشکرایە دوای ئەوەی دەسەلات کەوتە دەست ئەشکانیەکانەوە (ناوەکە بۆ ئەشک یا ئەرشاک دەگەڕێتەوە کە بە سەر سلوکیەکاندا سەرکەوت) 250 پ ز زمانە پەهلەوییەکەیان بەهێز بوو (وشەکە لە پەرثەوەوە گۆڕاوە) زمانەکە لە هەمان کاتدا بووە زمانی دنیا و دین چونکە ئەوەی دەسەلاتی دنیایی هەبووبێ لەو سەردەمانەدا دەسەلاتی دینیشیان دەدایە پال خۆیان. ئەوەی بەلگە نەویستە ئەوەیە پەهلەوی بە چەندین سەدەی دوورودرێژ بەر لە دەسەلاتی ئەشکانیەکان شانبەشانی ئاڤێستا و فارسی کۆن بوونێکی تۆمارکراوی هەبوو، تا دەگەیشتە سەرچاوەکەی لە خێلە هندوئەورووپیەکان کە وەک هەموو گەلە ئاریەکان و ئەورووپیەکان لە یەک ئاستدا بوون چونکە گەلێک نەبوو لە یەکەم و دووەم دابڕاندا لە یەکێ لە زمانە کۆنەکانی ئەو گەلانەوە گەشەی کردبێ. لێکچوونی شێوازی تۆمارکراوی پەهلەوی و پارسی و هەخامەنشی لە لێکچوونی نێوان پارسی هەخامەنشی و فارسی نوێ زیاترە و ئەگەر فارسی

بگەڕایەتەوە دەستی دەسەڵات و میراتی کەلەپووری ئێرانی یەکجار زۆر زەحـمەت دەبـوو ئەو پـردانە دروسـت بکـا و لە گرێـدانی پەیوەنـدی نێزیکایەتی نێوان فارسی کۆن و نوێ بەردەوام بێ چونکە ئەگەر فارسی بە بێ حکومەت و تۆمارکردن بمابایەتەوە دەبووە چەند شێوەزارێکی لێکدابڕاوی جیاواز و جیاوازییان هەندەی جیاوازی ئاشکرای نێوان کوردی سەردەم و ئاڤێستا، بگرە زیاتریش دەبوو: ئەوەش لەبەر ئەوەی فارسی بنەچەیەکی تۆمارکراوی کۆنینەی نییە تا لەگەڵ پاشماوەی ئاڤێستادا بە یەک بپێورێن و چوارسەد وشە لە کوێ و 83000 وشە لە کوێ؟ پەیوەندی کۆنی ئەم شێوازانە لە کوێ و هی تازەیان لە کوێ؟ کوا پەیوەندی نێوان ئەم وشە کۆنانەی خوارەوە لەگەڵ وشەی نوێدا:

شێوازی کۆن	شێوازی نوێ	واتایان بەکوردی
ئیدی idiy	برەو	برۆ
ئەداتوڤ adatuv	برەوەد	با بڕوات
مەنیاهەئی	بیەندیشی	بیر بکەوە
ئاهەم	بودەم	بووم
پەتی پیە خوڤا	خودرا نیگەهدار	ئاگاداری خۆت بە

بۆ ئەوە تەماشای لاپەڕە 234 و 235ی تاریخ زبان فارسی ناوبراو بکە.

ئەگەر بشێ ئەو وشانە بۆ فارسی کۆن بگێڕینەوە، دەشێ بۆ هەر شێوازێکی دی بیانگێڕینەوە هەخامەنشی نەبێ کە لەو سەردەمەدا بووە. لە ڕاستیدا، بە پێی بۆچوونی زۆربەی نووسەرە ئیسلامیەکان، فارسی و پەهلەوی تێکەڵاوی یەکتر بوونە و هەندێ لەو نووسەرانە یەکسانی کردوون و هی تریان فارسییان دابەش کردووە و پێیان وایە پەهلەوی بەشێکێتی و هی تریشیان بە لایەکی تردا چوونە کە ئێرە جێی باسکردنی نییە و کەمێکی زۆر کەمیشیان بە دوو زمانی جیاوازیان داناون. پەهلەوی، خەتێکی تایبەتی بۆ نووسین لە ئارامی داتاشی. هەخامەنشیەکان خەتی بزمارییان هەبوو بەڵام لە بەر زەحمەتی بەکارهێنانی ئەو خەتە، ئەوانیش پەنایان بۆ ئارامی برد. ئەوەی تا ئێستا لە بەڵگەنامەی پەهلەوی سەردەمی ئەشکانیەکان دەست کەوتووە، زۆر کەمە و هەرە کۆنەکانیان دوو «گرێبەند - قەواڵە»ی ئاڵووێرن و لە هەورامان دەست کەوتوون (هەورامان ناوچەیەکی کوردنشینە کەوتۆتە هەردوو بەری سنووری نێوان وڵاتی فارس و عیراقەوە و بە تەنیشت هەڵەبجەوەیە، لە پارێزگای سلێمانی) مێژووی ئەو دوو گرێبەندە بۆ یەکەم سەدەی پ ز دەگەڕێتەوە و کۆنەکەیان هی ساڵی (88ی پ ز)ە و تازەکەشیان ڕێی تێ دەچێ ساڵی (12 ی)پ ز یا (88ی)ز نووسرابێ (تەماشای ل 251 و 252ی کتێبی تاريخ زبان فارسی بکە). یەکەمیان لە بنەڕەتدا بە یۆنانی نووسراوە و وشەی پەهلەوی لە پشتەکەی هەن، دووەمیشیان هەمووی پەهلەوییە و ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی زمانی سلوکی لەو سەردەمەدا بەکار نەهێندراوە. بەڵام ساسانیەکان ماوەیەکی دوور و درێژ لە سەر بەکارهێنانی زمان و خەتی پەهلەوی مانەوە و شوێنەواری زۆرمان لەوانەوە پێ گەیشتوون. کەچی خەتی پەهلەوی داتاشراو لە ئارامی بە جۆرێ گۆڕدرا هەندێ لە زەحمەتییەکانی کە لە

خوێندنەوەدا هەبوون لاکەوتن و ئەو شێوە گۆڕاوە لای ساسانیەکان بووە خەتی بەکارهێندراو. پەهلەوی بەخۆی، بە پێی بۆچوونی زانا ئێرانیەکان بووە دوو بەشەوە: یەکەمیان ئەو پەهلەوییە بوو کە لە ناوچەکەی خۆیدا، کە کەوتبووە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە، بەکار دەهێندرا. دووەمیان ئەو پەهلەوییە بوو کە وڵاتی پارس، لە باکووری ڕۆژاوای ئێران بە تەنیشت ئەو فارسییەوە بوون کە زمانی ئاخاوتنی ئەو وڵاتە بوو، بەکار دەهێندرا. ئەم پەهلەوییە بە «پارسیک» ناوی دەرچووبوو تا لە پەهلەوی یەکەم و زمانی فارسی کە سەرچاوەکەی هەخامەنشی بوو و پەرشوبڵاو ببۆوە و بە فارسی نوێ دەناسرێ جیا بکرێتەوە. جیاوازی نێوان پەهلەوی (ناویان نا پەهلەوانیک) و «پارسیک» زۆر کەمە بەڵام هەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو جیاوازییە پەنامان بۆ ئەم ڕستانەی خوارەوە برد کە هی پارسیک و پەهلەوانین و لە شوێنەوارێکی ئەردەشێر بابکانەوە (دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی 226ی پ ز) گوازراونەتەوە.

1. پتکرا این مزدیسن بغ ارتخشتر

1. پتکر ام مزدیسن بغ ارتخشتر

2. شاهان شاه ایران کی چهر

2. شاهین شاه اریان کی چهر

3. هیچ یزدان پس بغ پاپک شاه

3. هیچ یزتان بوهر بغ پاپک شاه

یەکەم شـێوازی هەر ڕسـتەیەک پارسـیکە و دوومـیش پەهلەوانـیکە. واتاشـیان: ئەمە پەیـکەری شـایە، مەزدیەسـنا، ئەردەشـیر، شاهەنشـای ئێران... هتـد. ڕستەکانیشـمان لە ل 255ی کتێبی تـاریخ زبـان فارسی، بەشی یەکەمەوە گواستۆتەوە.

دوای گرێبەنـدەکانی هەورامـان نووسین و بەڵگەنامەی زۆرمـان دەسـت کەوتوون، لەوانە، کتێبی کارنامەی ئەردەشێر بابکانە و «ئەرداڤیرافنامە» و زەنـد ئاڤێسـتا و کتێبـی ئـایینی تـری زەردەشـتی و مـانەوی لەگەڵ شوێنەواری ئەدەبی دەرەوەی بازنەی ئایین، وەک دەسـەڵات و مێژووی تێکەڵی داستان و شتی تر...

ڕەنـگە کەڵکـی هەبـێ لێـرەدا ئەوە بڵێـین کە «زەندئاڤێسـتا» تەفسـیری پەهـلەوی سـەردەمی ساسـانیەکانە و بـۆ ئاڤێسـتا کـراوە و «شـەرحی ئاڤێستا» دەگەیەنێ و لێکدانەوەکەش لە «zanti زەنتـی» وەرگیـراوە کە ڕەگەکەی «zan زەن»ی ئاڤێسـتاییە و «dan دەن»ی پارسـی کـۆن بەرانبەریتی کە واتای زانست و زانیاری دەدا و هەردوو وشەی «زەن و دەن» بە شـێوازی خۆیـان دابەزیـون و لە کوردیـدا بـوونەتە «زانـین و زان» کە لە ئاڤێستاوە گوازراونەتەوە بە نیشانەی جیاکەرەوەی «د»ی سەرەتایەوە هاتووە. ڕەگیش لە هەردووکیاندا «زان و دان»ە و ئاشکرایە پەهلەوی بە هێشتنەوەی «ز» لە «زەند»دا هاوبەشی کوردییە. یەکێ لە خەسڵەتە هاوبەشەکانی پەهلەوی و کوردی ئەوەیە کرداری ڕابردە لە پەهلەوی و شێوەزاری باکووری کوردیدا بە پێشخستنی جێناوی بکەر بە سـەر کـرداردا و ئینگلیـزیش لە هەمـوو کردارەکانـدا وا دەکـا. ئەوجـا کـوردی و پەهـلەوی جێنـاوی بـکەر لە هەمـوو کردارێکـی ڕابـردە و داهاتوودا دوا دەخەن و هەموو زاراوە کوردییە ناسراوەکان لەوەدا وەک یەکن. وا باوە کە شێوازی هەورامـی کوردی لە پەهلەوی دەچـێ و بـۆم

هەڵنەکەوتووە لەو لایەنە ورد ببمەوە و ڕای گردەبڕی لە سەر دەربڕم بەڵام ئەو دوو بەرانبەرەی سەرەوە لەوەدا بێ بەڵگە نین کە سەر بە هەورامین چونکە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاسایی خەڵک تۆمار دەکەن کە چ خەسڵەتێکی ڕەسمییان نییە تا ئەو گومانە بکرێ کە بە زمانی بێگانە بۆیان نووسرابێ. ئەوەی ئەم بۆچوونەم پتر پشتئەستوور دەکا قسەیەکی شەمسەددین محەمەد کوڕی قەیس ئەلرازییە کە لە کتێبی «المعجم في معایير اشعار العجم»دا نووسیویەتی و وەرگێڕانەکەی دەبێتە: خەڵکی عیراقم دیت سەرگەرمی دارشتنی ئاوازی ئەدەبیاتی فەهلەوی بوون و تەنانەت بە ئاوازێکی ناخۆش گوتەی عارەب و غەزەلی دری «فارسی» دڵ و دەروونی دەهەژاندن، وەک:

لحن اورامن و بیت پهلوی
زەخمەء رود و سماعی خسروی

بۆ ئەمە، سەرنجی ل 249ی کتێبی تاریخ زبان فارسی بدەن، دەقەکەشم بەرچاو نەکەوتووە تا بزانم بە عارەبییە یا لە قامووسەوە، لە ناعارەبییەوە گوازراوەتەوە بۆ کتێبی «تاریخ زبان فارسی» وەک لە فارسیدا باوە، بێ ئەوەی لە عارەبییەوە وەربگێڕدرێ.

نیوەی یەکەمی بەیتەکە کە واتای «ئاوازی هەورامی و بەیتی پەهلەوی» دەدا، پێداهەڵدانی تێدایە بۆ ئاوازی هەورامی و ئاسان نییە ئاوازی گۆرانی لە وشەکانی جیا بکرێتەوە و ئەگەر پەهلەوی لەوە زیاتر بڵاو بووبێتەوە لە هەورامان گیری خواردبێ ئەوە ڕێگر نییە لە بەردەم ئەوەی زمانی هەورامان پەهلەوی بووبێ و ئاوازەکە سەرچاوەی

هەورامـانییە و زمـانەکەش زمـانی گشـتیی خەڵکـی وڵاتە و ئـاوازیش تایبەتمەندیی ناوچەکەیە، وەک بڵێی: فلانە کەس شیعرێکی عارەبی بە ئاوازی شامی یا قاهیری یا بەغدایی گوتووە. ئەوجا هەورامان ناوچەیەکی بەریـن نیـیە و بە دەسـەڵاتداریی نـاوی دەرنەچـووە تـا ئـاوازی ئەوەنـدە بەناوبانـگ بـێ زمـانی تـر سـواری سـەری بـێ. لە هەمـوو حاڵێکـدا، ئەو سەرسوڕمانە دەمێنێ کە ئاوازی هەورامانی بڵاو بێتەوە و بەناوبانـگ بێ تا شیعری زمانێکی تر تەواو داگیـر بکا. لەم ڕۆژگـارەی ئێسـتادا ئـاوازی تایبەت بە خۆی هەیە و وەهـا نـاوی پێـوە دەرچـووە هـیچ جێیەکـی تـری ئەم جیهانە تایبەتمەنـدی وای لە ئـاوازدا نییە. ئێسـتا مەودای ئەوە نیـیە باسـی تایبەتمەنـدیەکانی ئەو ئـاوازە بکەیـن کە لەرەیەکـی تێـدایە هـیچ قوڕگێکی تر، ئەگەر لەگەڵیدا ڕانەهاتبێ پێی ناوەستێ تـا دەگەیـنە ئەوەی بپرسـین ئـاخۆ ڕێـی تـێ دەچـێ لەرە لە ئـاوازی فارسـی سـەردەمدا کە تایبەتمەنــدیی خــۆی هەیە، لە ئــاوازی هەورامــان وەریــانگرتبێ؟ لە کوردستاندا، بە هەموو بەشەکانیەوە لە شێوەی ئەو ئاوازە نییە! زەرەری نیـیە ئەگەر بڵـێم بەشـێک لەو شـێوە تـایبەتییەی هەورامـان لە دەنگـی لێهاتوانی ئـاوازی عیراقدا بە بچڕاوی دەردەکەوێ بە تـایبەتی لە دەنگی نەجمەددیـن شـێخلی و بە شـێوەیەکی کەمتـر مـحەمەد گوبـانچی و لە هەنـدێکی تریشـەوە بە شـێوەیەکی خنکـاو و کەرخ و گـڕ و مانـدووبوون دەردەکەوێ کە توانـای دەرهێنـانی کەمتریـان هەیە. لەگەڵ ئەوەشــدا بــابەتەکە بــۆ لێکـۆڵینەوەی فرەوانتــر بە کراوەیــی دەمێنێــتەوە تــا بە ئەنجـامێکی گردەبـڕ بگەیـن. ئەنجـامی وردبـوونەوەش هەرچیـیەک بـێ گەرد ناخاتە سەر هەورامان و لە شتێکدا لۆمەی ناکرێ کە لە مێـژوودا، بە شێوەیەک لە شـێوەکان ڕووی داوە و کوردسـتانی لە پشـتە و زمـانی کوردی بە پاکژی و پتەوی و سـەربەخۆیی لێـی دەرهـاتووە، جگە لەوەی

کە پەهلەوی فارسی نییە و سەرجەمی باسەکەش شارستانەتییە لەگەڵ هەندێ تیشکدانەوەدا و چ پێویست بە دڵەڕاوکێ ناکا.

لە پەنا و پەسێوی خوێندنەوەمدا بۆ پەهلەوی بینیومە، وەک خەڵکی تریش دیویانە، وشەی زۆر هەن، هاوشێوەیان لە کوردی سەردەمیشیدا هەیە و نەمزانیوە لە فارسیدا هەبێ، یا شێوەیان لە کوردیدا لەو شێوانە نێزیکترە کە لە فارسیدا هەیە. دیاردەیەکی تری هاوشێوەم زانی کە لە هەندێ شێوەزاری کوردیدا لە کوردستانی عیراق کردارەکان لە سەر شێوەی پەهلەوی دەگۆڕێن بە تایبەتی ئەوانەی دەنگی «د» بە دوایاندا دێ، ئەو شێوەزارانە دەیکەنە «ت» و لە پەهلەویشدا وایە. ئەو شێوەزارانە لە بری «کردن و مردن» دەڵێن «کرتن، مرتن». بێ گومان وردبوونەوە هەندێ ڕووی تری لەو بابەتە لە نێوان شێوەزارە کوردییەکان، یا هەندێکیاندا لەگەڵ پەهلەویدا دەردەخا، ئەوەش بە هۆی گەڕانەوەیان بۆ یەک سەرچاوەی ئێرانی و نێزیکایەتیشیان لە یەکترەوە، شتێکی تریش هەیە کوردی و پەهلەوی کۆ دەکاتەوە و لەو دووەدا نەبێ ئەوە نییە:

ئەو دراوە هاوبەشەی نێوانیان، ئاڤێستایە کە یا کوردیە و لە خاکی پەهلەویدا، لە خوراسان دەرکەوتووە یا پەهلەوییەکی کۆنە و بە زمانی کوردی قسەیان پێ کردووە و پەیوەندی نێوانی لەگەڵ کوردیدا لەو دەقە ئاینیانەدا بەردەوام بووە کە کورد باوەڕی پێیان هەبووە. ئەمە ڕاستییەکی گەورەیە و کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە چونکە ئەو دەنگە زۆر کزە کە هەق وایە بەرز بێتەوە. نە پەهلەوی قسەکەرێک بە ناویەوە هەیە لە خاکی خوراسانەوە دەنگ هەڵبڕێ و نە کورد کەس گوێ لە دەنگی دەگرێ ئەگەر دەنگێکی لێوە بێ کە تا ئێستا شتی وا نەبووە.

کوردی بە زندوویی ماوەتەوە بەڵام پەهلەوی شوێنەواری سەربەخۆی نەماوە لە فارسی جیا بێ و بە هۆی گواستنەوەی دەسەڵاتەوە بۆ فارسەکان، هەموو ئەو زمانانەی نووسینیان هەبووبێ لە سەردەمی ساسانیەکاندا بوونە بەشێک لە کەلەپووری فارسی و خوراسانیش، بە خۆی و کەلەپووریەوە لە ماوەی چوارسەد ساڵدا کەوتە بەر دەستیان و تا هاتنی ئیسلام هەموو ئەو زمانانەی تێدا توانەوە. توانای ئەوە نییە مەزەندە لێ بدرێ ئاخۆ بە دووری و نێزیکی لەگەڵ کوردیدا چی ڕووی دەدا چونکە جگە لە شێوەیەکی تۆمارکراوی پەهلەوی کە ماوەی چەند سەدەیەک وەک زمانی دەوڵەتی و فەرهەنگی لە سەردەمی ئەشکانیدا و دوایی لە ماوەیەکی دەسەڵاتی ساسانیدا برەوی هەبوو و دواتر، چەند سەدەیەکی دوای هاتنی ئیسلام شانبەشانی فارسی بوو و لە کاروباری ڕۆژانە و ڕێوڕەسمی ئایینیی زەردەشتیدا بەکار دەهێندرا و ئەوجا، هەزار ساڵێک دەبێ، لە هەندێ شوێنی بەرتەسکدا نەبێ کە هەناسەی تێدا دەدا، لاپەڕەکەی داخرا، پێوانەی ترمان بۆ ئەو بەراوردکارییە لە بەر دەستدا نییە.

پەهلەوی بە زمانی سەردەمی ناوەڕاست دادەنرێ، نەخێر لە دوای هێرشی ئەسکەندەرەوە، بە تاکە زمانی سەردەمی ناوەڕاست دادەنرێ تا ماوەیەکی زۆر دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ساسانی ساڵی 331 پ ز و هەتا دوای ساڵی 226 ی ز. جگە لە زمانی ئاڤێستا بە پلەی یەکەم و فارسی کۆن (ئەخمینی) بە پلەی دووەم، زمانی ترمان نییە نوێنەرایەتی زمانە ئێرانیەکانی سەردەمی کۆن بکا چونکە هەر ئەو دووە بە تەنها خۆیان شوێنەواری نووسراوی سەردەمی سلوکییان هەیە. ئەگەر خوازیاری وردەکاری سیمای مێژوو نەبووینایە هەر بە ئاڤێستا وەک تاکە نوێنەری زمانە ئێرانییەکان وازمان دەهێنا چونکە کۆنترین و

دەوڵەمەندترین دەقە، کە خاوەنی 83000 وشەیە و لەگەڵ فارسی کۆندا، بە خۆی و چوارسەد وشەوە بەراورد ناکرێ.

دەبێ وێنەیەکی نووسراوی زمانی ئێرانمان هەبێ و بیکەینە پێوەر بۆ ئەو ڕۆڵەی دیویەتی چونکە کوردی و زۆر زمانی تری ئێرانی نە نووسینی کۆنیان هەیە نە ناوەنجی و هەمووشیان لە سەر لستی زمانە نوێیەکان دانراوون ئەگەرچی ئەوەش زانراوە کە هەموویان بەر لەوەی گەلانی هند و ئێرانی ببنە دوو بەشەوە، هەبوونە. ئەمە شانبەشانی ئەوانە دەڵێم کە بۆیان نەسەلماوە ئاڤێستا بە زمانی قەومە میدیەکەی زەردەشت بووە و ئەگەر وا دانێین زمانی ئاڤێستا میدی بووە کوردی دەچێتە خانەی زمانە کۆنە ئێرانیەکانەوە. ئەم قسەیە پێچەوانەی ئەوە نیە ئاڤێستا بە پیتێک نەنووسراوە تایبەت بووبێ بە میدیەکان و ئەوەش سەلماندنی ناوێ. ئەو سێ ڕۆڵە لە داهێنانی زانایانی سەردەمن.

بە پێی ئەو پێوانەکارییە پەهلەوی سروشتی ناوەڕاستی دەسەڵاتی ئەشکانیەکان و ساسانیەکان و تا هێرشی ئیسلامی تێدایە و خەسڵەتی نوێی دوای ئیسلامیشی تێدایە تا ئەو سەردەمانەی کە چی دی بەکار نەدەهێندرا و بووە زمانێکی کۆنینە و لە هەندێ ڕێوڕەسمی ئایینی زەردەشتیدا، لە هەرکوێ بوایەن دەگوترا و ئێستاش لە یەزد و کرمان، لە ئێران و هەندێ شوێنی هند کە گرنگترینیان «بۆمبای»ە مەکۆیان هەیە و ئەوانە نەوەی پارسەکانن کە دوای هاتنی ئیسلام کۆچیان کرد و بەسەرهاتیان بە شیعر و بە پەخشان پارێزراوە.

بە پێویستی نازانین لە سەر بەکارهێنانی پەهلەوی لە سەردەمی ساسانیدا فرەوانتر بدوێین لە دەقی مانەوی نەبێ، وازمان لێ هێنا. پێشتر ئاماژە بە زمانی هوزاوارش کرا کە بە بەربەرینی لە پەهلەویدا و تا ئەندازەیەکیش لە فارسی ناوەڕاستدا و لەوەش کەمتر لە «غدیە»دا

بەکار دەهێندرا. غدیە، کە لە ئاڤێستادا بە سوغدە ناوی هاتووە و لەو وشە ئارامیانە پێکهاتووە کە بە هۆی پێداویستی ڕوونکردنەوەوە چوونەتە ناو نووسینی پەهلەوییەوە و نیشانەی شیکردنەوەی پەهلەوی لە کۆتایی وشــە ئارامیەکــان پــارێزراو بــووە وەک ئەوەی نیشــانەی ســەرچاوەی پەهلەوی «تن» بخەنە سەر وشەی «دەنووسن» و بە «دەنووسنتن» تۆماریان دەکرد و خوێنەری ئەو سەردەمە بە «نویشتن» واتە نووسین دەیانخوێندەوە و بەو شێوەیە. بەلام پێویست بە درێژەپێدان ناکا. هەندێ لە هۆیەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە نووسینی پەهلەوی بە خەتی ئارامی دەنووسرا نەختێ زەحمەت بوو و شێوەی وشە پەهلەوییەکان لە یەکەوە نێزیــک دەبــوون و ئەگەر بە پەهــلەوی بنووســرابا، دەبــوو هاوشــێوە ئارامییەکەی بنووسن و هەموو جارێ نیشانەی چاوگی پەهلەوی بخەنە کۆتاییەکەی و بە پەهلەوی دەسکاریکراو بیخوێننەوە. بەڵام چۆن زاندرا وشەی ئارامی بە پەهلەوی دەنووسران، بە زۆر بەڵگە ئەوە سەلمێندراوە. لە هەموان بەهێزتر کتێبێکی زمانەوانی بە ناوی «فرهنگ پهلوانیک ـ قاموسی پەهلەوی»ی سەردەمی ناوەنجی ماوەتەوە هەموو ئەو وشە ئارامییانەی تێدان کە لە بری پەهلەوی بەکار هێندراوون. جگە لەوەی بڵێین ئەو شێوازە ئاڵۆزە هەندێ جار دەبووە هۆی گۆڕینی گوتنی وشەی پەهلەوی کە بەر گەمەی «هوزوارش» کەوتبوون، پێویست ناکا زیاتری لە سەر بڕۆین. ناشزانم ئەم شێوازە چۆن بە هوزوارش ناو نرا.

ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕێڕەوی کوردییەوە هەبێ، ئەوە هەموو قسەکان بوو لە سەر پەهلەوی، هەردووکیان دوو داوێن لە یەک تیرێژی زمانە ئێرانییەکان و بە تەنیشت یەکەوەن و جیاوازی چارەنووسیان ئەوەیە پەهلەوی گەشەی کرد و لە کۆتاییدا وەستا، کوردیش وەستا و دوایی گەشەی کرد. ئەگەر بسەلمێندرێ لقێکی کوردی پەیوەندییەکی لە

ئاسایی توندتری بە پەهلەوییەوە هەیە ئەوە بۆ تاموچێژی مێژوویی بوو و باشتریشە بیتە موژدە بۆ گومانی خەڵکی کە چەندین سەدەیە زەوت کراوە و هەمووشی قسەی ڕێتێچوونە و نەسەلمێندراوە و پێم وا نییە بە یەک ڕێگاش بسەلمێندرێ، ئەوەش ئەوەیە کە قسەی هەورامی وای بۆ هەڵکەوێ خەسڵەتی کۆنی تێدا بژێ ئەوجا جۆرە گومانێکی گشتی دێتە ئاراوە کە لە سەر زاری ئاریەکان بە گشتی سەرنج دراوە و بەشی پەهلەوی بە ناچاری لە بەشی فارسی زیاتر دەبێ چونکە پەهلەوی زمانی ناوەراستە و ئەوەندە دوور نەبووە لێکچوون ڕوو نەدا وەک چۆن هەخامەنشیەکان کە تەنانەت بە فارسی نوێی کیژی خۆشی نەدەچوو. پاشەڕۆژ بە شێوەیەک لە شێوەکان گومانمان بۆ دەکاتە یەقین. بەڵام بەڵگەیەکی مێژووییمان بە دەستەوەیە و هەندێ ڕووناکایی دەخاتە سەر ڕێرەوی شێوەزاری هەورامی و خەسڵەتی پتەویی دەردەخا. ئەو بەڵگەیە کتێبی «نور الانوار»ە کە عەبدولسەمەدی توداری ساڵی 1099ی کۆچی لە سەر ڕەچەڵەکی ساداتی کوردی ناوچەی هەورامان و دەوروبەری نووسیویەتی و لە ناوەڕۆکەکەیدا دوو شت بۆ ئێمە گرنگە کە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە و یەکەمیان شێوەی کڕین و فرۆشتنە لە گوند و گەرەکی ئەو ناوچەیە و دوای بیسمیللا و پێشەکی و سەلاوات. بە عارەبییەکی هاکەزایی دەڵێ: ئەوجا میرزا عەبدولکەریم کوری میر خالید کوری ئەحمەد بابانی بە کەیفی خۆی مولکەکانی کە کەوتبوونە «پشت ری» و «کورەوز» مەبەستم هەمەدان و قشڵەکانیتی و «اسفرنگین» و پارچەی «بن» و «گاوران» و «نینە» و «گولان» و قسلەکانیان «نیزل» و «گلیە» و «بیدرە» و «چویں» بەرانبەر دووسەد و یەک مسقال زیر بە شێخ زدکەریا کوری شێخ عەبدولرحمان... هتد. ئەم کڕین و فرۆشتنە. چێشتانی ڕۆژی

پێنجشەممەی پێنجی ڕەبیعی یەکەم، ساڵی شەشسەد و حەفتاوپێنجی کۆچی پێغەمبەری گەورە دروودی لێ بێ، مۆر کرا.

نووسەری گرێبەندەکە قازی ئەسعەدی خەڵکی «بایگەڵان» بووە و عارەبیەکەی تێکەڵێکە لە فێربوون و ڕاهاتن. زانینی عارەبی و ڕاهاتنی کوردی دەقێکیان بەرهەم هێناوە هەم هێزی تێدایە هەم دوو بلّقی هەڵقولانی ڕاهاتن.

تەمەنی ئەو گرێبەندە ئەمڕۆکە حەوتسەد و سیودوو ساڵە و دوو شایەدیی لە سەر دوو ڕاستی تێدان کە بۆ ئێمە زۆر جێی بایەخن. یەکەمیان ناوی گوند و قشڵەکانە، کە ئەو دەمە نۆزدە ساڵ بە سەر کۆتایی دەسەڵاتی عەباسیەکاندا تێپەڕیوە، کوردی بوونە و بە زاراوەی دانیشتوانی ناوچەی هەورامان بوونە و هەمووشیان بە کەڵکی ئەوە دێن ئەمڕۆ ناوی گوندی ئەو ناوچەیە بن. شێوازی ناوەکان هەتا ئەمڕۆ، لە ماوەی حەوت سەدە و چارەکە سەدەیەکدا، بە هیچ شێوەیەک گۆڕانی بە سەردا نەهاتووە و بەڵگەنەویستیشە کە ئەو ناوانە لەو ڕۆژەدا دانەنراون کە گرێبەستەکەی تێدا نووسراوە و دەشێ لە ڕووی پێوانەکارییەوە بڵێین چەند سەدەیەک پێشتر بەو ناوانەوە بوونە و تەنانەت مانەوەیشیان بەو ناوانەوە لە دوای هێرشی مەغۆل کە هەموو شتێکیان ژێروژوور کرد، ئەو بۆچوونە پشتئەستوور دەکا. مانەوەی ئەو ناوانە لە دوای ئەو بشێوێنیانەش کە دوای بوومەلەرزەکەی مەغۆل ناوچەکەی گرتەوە بەڵگەی بەهێزییانە و ئاماژەشە بۆ هاسانی بەردەوامبوونیان بە خۆیان و واتایانەوە، لە ماوەی ئەو چەند سەدەیەدا کە ئاسوودەییان تێدا باڵادەست بووە. تا ئاستی باوەڕپێکردنی گردەبڕ وا پێ دەچێ ئەو ناوانە لە سەردەمێکدا هەبوون هێشتا پەهلەوی لە ناوچەکەدا باڵادەست بووبێ و هێزی گرێبەندەکەی تری فرۆشتن ئەم

بۆچوونه پشتڕاست دەکا کە لە نێوان دوو کەسدا بووە و پەیوەندی بە موڵکایەتی گوندێکەوە بووە ناوی «هەزار کوڕە» بووە و ئەوجا کرپارەکە پێشکەشی شێخ خالیدی کوڕی شاذلی دەکا و ئەم شێخ خالیدە باپیری باپیری ئەو شێخ زەکەریایە بووە کە لە گرێبەندی یەکەمدا ناوی هاتووە و گونـــدەکەش لە نـــاوچەکەدایە. بەڵام گونـــدی «هەزارکـــوڕە» ئەوە دەگەیەنێ هەزار کوڕی تێدا بووە و ئێستاش ئەو شێوازە گوتنە لە زۆر جێی کوردستاندا باوە. جا با لێکی بدەینەوە چەند ساڵ لە نێوان باپیری باپیر و نەوەی نەوەدا دەبێ. بە پێوانەی سەردەمی ئەمڕۆی من مردنی باپیری باپیرم «ئەلواسیق بیللا عەبدوڵای کوڕی عەبدولڕەحمانی جەلی» کە ساڵی 1246ی کۆچی بووە و ماوەکە سەدوشەست ساڵە و ئەگەر بۆ ڕێککەوت دە ساڵی لێ کەم بکەینەوە، سەدوپەنجا ساڵ دەخرێتە سەر 732 و دەبێـتە 882 ســاڵ کە تەمەنـی ئەو وشــەیەیە کە لە ڕێزمــانی کوردیدا تـێکەڵ و هاوەڵناوە. مانەوەی وشـەی تـێکەڵ ئەو مـاوە دوور و درێژە واتـای قـووڵتری هەیە و بە ڕابـردوودا ڕۆچـووە. گرێبەنـدی دووەم کە لە یەکەمیـان کۆنترە، بە هـۆی زۆریی ناوەکانیەوە دوامخست جگە لەوەی گەڕانەوەمــان لە دووەمەوە بــۆ یەکەم بە مەبەســتی گەڕانەوەی شێوەزاری هەورامییە بەرەو سەردەمی پەهلەوی. بەڵگەی چاوەڕواننەکراو لە گرێبەنـدی دووەمـدا ئەوەیە فرۆشـیاری ئەو گونـد و ناوچـانە میـرزا عەبدولکەریمی کوڕی میر خالیـدی کوڕی ئەحمەد بابان بێ و باپیری بابـان بـێ و بە دوو پشـت لە پـێش نەوەی 675ی کـۆچی بێ، بە پێـی لێکدانەوە دەبێ بەر لە سـاڵی 600ی کۆچی لە دایـک بووبێ. ئەوەنـدەی من بزانم کەس بۆ ئەوە نەچووە بابانەکان ئەو ڕەگە قووڵەیان هەبووبێ.

دووەم شـــت دوو شـــیعرە خـــاوەنی نووســـینەکە لە شـــێخەکەیەوە دەیـانگوازێتەوە، کە لە دوو بـۆنەدا بە شێوەزاری «گۆران»ی داینـاون و

تەمەنی شیعرەکان تا ئەمڕۆ 320 ساڵە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازی مەودای نێوان نووسینیاندا کە تەمەنی کۆنەکەیان لەو ژمارەیەی سەرەوە زیاتر دەبێ. یەکێ لە شیعرەکان بۆ پێداهەڵدانی باپیری، پێغەمبەری عـــارەبی، لە کـــاتی زیـــارەتی مەرقەدەکەیـــدا داینـــاوە و تـــاکە شیعری «گۆران»یە لە بنەمای وەزنی خۆی لایدابێ و هەندێ ڕەچاوی عەرووزی کـــردووە. زمـــانی ئەو شـــیعرە. زمـــانی ئەو شـــیعرانەیە کە بە «گۆران»ی، لەوساوە تا ئێستا نووسراون. سەیر نییە زمانی ئەدەب لە مەودای چەند سەدەیەکدا خۆی بگونجێنێ، بەڵکو سەیر ئەوەیە زمانی شیعر خۆی لەگەڵ زمانی ئاخاوتندا بگونجێنێ. ئەم دیاردەیە هەموو لقێکی زمانی کوردی گرتوتەوە بە هەموو شێوازەکانیەوە. ڕاستە هەڵبەستنی شیعر و دارشتنی گوتەی ئەدەبی جیاوازییان لەگەڵ ئاخاوتنی ڕاستەوخۆدا هەیە کە ڕەنگە لە پێوانەی دروست لابدا، بەلام ئەمە یەکێکیان لە بازنەی ئەوی تریان دەرناکا چونکە هەڵە لە ئاخاوتندا وەک هەڵەکردنە لە شیعر و بابەتی ئەدەبیدا.

ئەوەی تا ئێستا گوترا بۆ زانینی پلەوپایەی زمانی کوردی لە ناو تیرێژی زمانەکانی لقی ئاری و ئێرانی ڕۆژهەلاتی گەلە هند و ئەوروپییەکاندا بەسە و بە ئانقەست باسەکەم کورت کردەوە تا هەم کارەکەم ئاسان بێ هەم کات و پشوو بۆ خوێنەر بهێلمەوە.

ئەنجامدانی کارێکی تەواو و پێگەیشتوو لە سەر هێلێکی بەربەرین کە من هەڵمبژاردووە هی ئەوەیە سالێک یا دوو ساڵ بخایەنێ تا لیبێتەوە و وەختی چاپ و بلاوکردنەوە ببڕێ. بەو کاتەش سوودی ڕاستەوخۆی بە سەردچی و جگە لە بەهما تیۆری و ئەکادیمیەکەی هیچی ئەوتۆی نامێنێ: پێویستە ئێمە خۆمان لەو شتانە لادەین کە سوودیان نییە و بەرانبەر ئەوانە بوەستینەوە کە زەرەریان هەیە چونکە بە بەربەستی

ئاشکرا دەورە دراوین و دەبێ بەرانبەر خۆمان بە ویژدان بین و پێی ناوێ نیەتپاکیی بەرەو گومانمان بەرێ. ئەگەر ئەم نووسینە شتێکی لەو تاریکاییەی بەرچاوی خوێنەرانی ڕەواندبێتەوە تا بتوانن ڕوونتر ئەو شتانە ببینن کە ڕوون نین، بەسە بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری شانازی و دڵخۆشیم، ئەگەرنا دەسخەڕۆیی شوێنەوارێکی قووڵی دەبێ و دەبێتە هۆی خەمێک کە بارودۆخە بەرچاوەکان دەریدەخەن.

سەرنج:

بۆ گێڕانەوەی کورد بۆ میدیەکان سەرنجی کتێبی پرۆفیسۆر ڤلادیمیر مینۆرسکی بدەن بە وەرگێڕان و پەراوێزی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەدەوە، کە لە ژمارە یەکی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، لە بەشە عارەبیەکەیدا، ساڵی 1973 بلاو کراوەتەوە.

ئەوەندەی پەیوەندی بە کتێبی «نور الانوار»ی نووسەری فارسییەوە هەیە، بەڕێز محەمەدی مەلا کەریم ئەو لایەنانەی لێ دەرهێناون کە تایبەتین بە ناوچەی هەورامان و مەریوانەوە و ساڵی 1970 لە بەغدا بلاوی کردەوە ـ چاپخانەی سەلمان ئەعزەمی «هەندێ لە مێژووی هەورامان و مەریوان» چەند لاپەڕەیەک لە کتێبی نور الانواری عەبدولسەمەد توداری لەگەڵ پێشەکی و چەند پەراوێزێکدا.

بەغدا 1986/12/29

مەسعوود محەمەد